رۆمان

نوسینی : عادل باخەوان

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

بەشی چوار – بەشی پێنج

١٤١٨-١٩٩٨

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

رۆمان
دیوان
بەشی
چوارەم
عادل باخەوان

پێشەکی

بەشی چوارەمی رۆمانی کەیوان بە هەورازەکانی چاپدا سەرکەوت و پاش ماندوو بوونێکی زۆر گەشتە هەواری دڵتان.. دڵی تۆ، ئەی خوێنەرێک کە لە پاش تەواوکردنی بەشی سێیەمەوە چاوەڕێی روداوو هەڵمەت و خەباتی پاڵەوانانەی کەیوان و هەورامان و سۆران و رۆژگار دەکەیت، دەزانم پڕە لە خۆشەویستی بۆ هەریەک لەو گوڵە گەنمانەی دەیانووپست ببنە سومبوڵی ئازادی و سەربەخۆیی نەتەوەکەیان.

خوێنەرانی خۆشەویستم، وانەزانن هەموو ئەو نامەو پیرۆزبایی و دەست خۆشیانەی لە پاش دەرچوونی بەشی سێیەمەوە پێم گەشت لەلایەن ئێوەی بەڕێزەوە لە بیم چووە، نەخێر.. ئەوە هێزی رۆحیانەتی نامەکانی ئێوەیە، وزەی بەردەوامم پێ دەبەخشێت و زیاتر لە کارەکانمدا گورج و گوڵترم دەکات.. سوپاس بۆ هەموو نامەکانتان.. سوپاس بۆ هەموو ئەو خۆشەویستیەی بەوشەکانتانداو بۆتان ناردم.

پێش بڵاوبوونەوەی ئەم بەشەی رۆمانی کەیوان.. بەرهەمێکم بڵاوکردەوە بەناونیشانی (دوای حەوت ساڵ لە شکستی عەلمانیەتی کوردی) لەلایەن هەندێک لە خوێنەرانەوە دوو تێبینیم بۆ هاتوەو داوام لێدەکەن نکردنەوەیەکیان بۆ بنووسم، فەرموون:

ا) لەو بەرهەمەدا وشەی (خواوەندم) بەکار هێناوە، بۆچی؟ـ لە راستیدا ئەم وشەیە فارسییەو دروست بەرانبەری (الە)ی عەرەبیە، جامن وشەی خواوەندم پێ وردترو مانادارترە تاوشەی (خوا).. کورد زۆر زاراوەی لە گەلانی ترەوە وەرگرتووەو قاچ و دەستی بڕیوەتەوە، وەکو چۆن (عومەر)ی کردووە بە (هۆمەر)و (تەسلیمی) کردووە بە(تەسمیل)و (جومعە)ی کردووە بە (جوعمە) ناواش (خواوەند)یان کردووە بە (خوا).. کەواتە خواوەندەکە راستڕە تا خوا بەرانبەر (الە)ی عەرەبی.

ا) لە لاپەڕە ۱۸دا نوسیومە: (ئاخر خواوەند وای پێ لەرموبوویین) هەندێك برا وشەی ئاخر بەمانای (دوا خواوەند) تێگەیشتبوون.. ئەو تێگەیشتنە هەڵەیە، چونکە ئەو (ئاخرە) لە زمانی کوردیدا بەمانای (لەبەر ئەوە)و (چونکە) دێت.

ب) پاشان چەند هەڵەیەکی چاپی کۆمپیوتەری تیایە، داوای لێبوردن لە خوێنەران دەکەم.

عادل باخەوان
١٩٩٨/٦/٤
سلێمانی

١٥

کاتێ حەمە بیستی ڕۆژگار داواکراوە.. ئیدی مێشکی تێکچوو، وەکو شێتی لێهات.. لەبەر خۆیەوە جنێوی دەدا.. جنێوی بەهەموشتێک دەدا.. بەدار.. بەبەرد.. بەئاسمان.. بەشار.. بەڕۆژگار.. بەحیجابەکەی.. بەمامی..

بەردەوامیش هەڕەشەی دەکرد.. پەنجەکانی ڕادەوەشاندو هەڕەشەی دەکرد.. قوی دەکردە گوێپەکانی و تەوێڵی دەهێنایەوە یەک و هەڕەشەی دەکرد..

کلاشینکۆفەکەی دەگرت بەدەستیەوەو بەتوندی قۆناغەکەی دەکێشا بەعەرزدا و جار جارەیش میلی دەهێنایەوەو هەڕەشەی دەکرد.. دەیگوت نایەڵم سەر بگرێت.. دنیا دەکوژم کوڕەکەیش دەکوژم.. کچەکەیش دەکوژم.. چۆن تامن وەستابم کەس دەوێرێت باسی شتی

وا بکات.. دەیگوت بەئاڕپیجی دەیان سوتێنم.. هەموویان بەیەکەوە دەسوتێنم..

لەماڵەوە شەقی لەهەموو شتێک هەڵدەدا.. لەهەموو شتێک.. هیچی نەدەپەڕاند.. قاپ.. کەوچک.. بتڵی غاز.. بەرمیل.. سەرین.. منداڵ.. دایک.. هیچ هەر هیچی نەدەپەڕاند..

بورکانێک لەهەناویدا تەقیبۆوە.. ئاخر بۆ..؟ لەبەر چی..؟ حەمە تۆ چ پەیوەندیەکت بەڕۆژگارەوە هەیە..؟ شودەکات.. نایکات..؟ ها..؟حەمە تەنها بەپاڵ پێوەنەرە عەشایەریەکە وای دەکرد.. بەمیزانە عەشایەریەکە هەموو شتێکی دەپێوا.. ئەو میزانە دینی بوو.. قانونی بوو.. لەم جۆرە کێشانەدا.. وەکو عەبد دەیپەرست.. حەمە.. ڕێک عەبدی تەقالیدی عەشایەر بوو.. ئەم گڕوکپەی بابە، دەهێندەی تر حەمەی شێت کرد، دەهێندەی تر حەمەی یاخی کرد.. هەڕەشەکانی بوون بەجنێوی پیس پیس.. ئەمجارە جنێوەکان بابەیشیان گرتەوە.. ڕژان بەسەریکدا.. دەتگوت:

ـ((ئاخر ئەگەر تۆ.. سە.. گ.. ب.. ا.. ئەبوویتایە.. ئەگەر تۆ.. گە.. و..ا.. د.. ئەبوویتایە.. بۆ ئاوات ئەدەبوو .. من وەستابم و کچ بەکوڕی خەڵکی بدات..!!

دیسان بابە، هیچی نەگوت: لەدیوارەکە بێدەنگ تر بوو.. دایەیش هەر هیچی نەگوت: منداڵەکانیش هیچیان نەگوت.. حەمە-دەستی پێکردەوە:

ـ((بەتەمای چیت.. هـا.. بەتەمای چیت..؟ هەستە بڕۆ ئەمانە هەموی پێ بڵێ.. هیچی نەپڕێنیت هەموی پێ بڵێ.. پێی بڵێ.. ئەم سمێڵەم سمێڵی پیاونەبێت، ئەگەر نەیان سوتێنم.. هیچی نەپەڕێنیت.. هەموی پێ بڵێ..))

بابە هەر بێدەنگ بوو.. یاری بەگۆچانەکەی دەستی دەکرد.. نەیدەزانی لەبەرامبەری ئەم کوڕەی کە بەهەزاران دەردی سەری پەروەردەی کردو ئاوا گەورەی کرد بڵێ چی..

ئاخر حەمە بەمنداڵی ئەم باوکە چی بۆ نەکردی..!!

ئاخر حەمە هیچ باوێک وەکو ئەم باوکە پیرەی تۆ خزمەتی کوڕەکەی کردووە..؟

مەگەر من جلەوی هەمور مالەکەم نەخستۆتە دەستی تۆ..؟ بۆچی وامان پێ دەکەیت حەمە..؟ مەگەر ئێمە باوکێ و دایکی تۆ نین..؟

مەگەر ئێمە بەخوێنی خۆمان تۆمان گەورە نەکرد..؟
ئەوە پاداشتەکەمان بوو حەمە..؟
بابە دەیویست ئەمانەی پێ بڵێ.بەڵام نەخێر.. ناتوانێت پێی بڵێ.. چونکە خراپتری بەسەر دێنێ.. چونکە دەیداتە بەر شەق.. بەر زلله..

بێدەنگی.. بێدەنگی.. بێدەنگی..
چی بڵێ..؟
چی بکات..؟

حەمە ئەمجارەیان پەلی باوکی گرتوو پاڵێکی پێوەناو گوتی:

ـ((ئەوە من لەگەڵ تۆدا قسەناکەم..؟ ها..!! من لەگەڵ تۆم نیە..؟ بۆ وەڵامم نادەیتەوە..؟ بۆ قسە ناکەی..؟ ناڵێم برۆ بۆلای و بەو سە.. گ.. ب.. ا.. ب.. ە.. بڵێ.. ئەگەر ئەو کارە بکات.....))

بابە، بەپاڵە شێتەکانی حەمە کەوتە سەر زەوی.. گۆچانەکەی لەدەست کەوتە خوارەوە.. دایە دەستی

بەگریان.. منداڵەکانیش گریان.. بابە لەبەر خۆیەوە دەیگوت:

ـ((خوایە شوکور بۆ تۆ.. خوایە شوکور بۆ تۆ..))

پاشان سەری بەرزکردەوەو بەمنداڵەکانی گوت:

ـ((مەگرین ڕۆڵەکانم مەگرین..بێدەبگبن.. بادەنگمان نەڕواتە دەرەوە.. باڵەمە زیاتر حەیامان نەچێت.. ئافرەت تۆیش بێدەنگ بە.. تۆیش مەگری.. لەوە زیاتر مەگری.. بڵێین چی.. ئاخری پیریمانە مەگری.. زۆرمان نەماوە مەگری.. ئەمڕۆ و سبەی.. ئەمڕۆ سبەی.. ئەمڕۆ سبەی..))

کەمێک بێدەنگ بوو.. دواتر تەماشایەکی قوڵی حەمەی کردو پێ گوت:

ـ((بانۆڕەکەم بکەم.. دەڕۆم بۆڵای.. بانۆڕەکەم بکەم.. هەر هێندە سەبرم لێ بگرە تالەنۆڕەکە دەبمەوە.. کەلێ بوومەوە یەکسەر دەڕۆم بۆڵای.. هەمور شتێکی پێ دەڵێم.. هیچی ناپەڕێنم.. هەمور شتێکی پێ دەڵێم.. هەر هێندە سەبرم لێ بگرە تا لەنۆڕەکەم دەبمەوە..))

بابه خۆیدا بەسەر گۆچانەکەیداو هەستایەوە.. گەیشتە بەردەمی بەلۆعەکەو دەست نوێژی گرت.. کەلە نوێژەکەی بوویەوە، دەستە چرچە لەرزۆکەکانی بەرزکردەوە بۆ ئاسمان و گوتی:

-((خوایە.. دەلێن دوعای مەزلوم گیرایە.. خوایە هەمە نەخەیتە هەفتەیەکی کە.. بیبەرەوە بۆ لای خۆت.. خوایە من پێویستیم پێی نیە..))

پاشان هەستایە سەرپێو وردە وردە دەرگاکەی کردەوە، گەیشتە لای پاسەکانی گەڕەک و سوار بوو.. ئاو پاسەکە زۆر گەرم بوو.. لەبەر لاوازی دەستەکانیشی نەیدەتوانی جامەکە ڕابکێشێت و لای دات.. یەک و دوو جار ڕایکێشا.. بەڵام کەڵکی نەبوو..

پاسەکە زۆر لەسەر خۆی ڕێی دەکرد، پۆلەنیەکی سەوز بوو، لاشەی خۆی و لاشەی پۆلۆنیەکەی وەکو یەک دەهاتە پێش چاو.. نرکە نرکێکی زۆر ناخۆشی لێوە دەهات.. سەری مرۆڤی کاس دەکرد.. لەگوێچکەی مرۆڤدا دەنگی دەدایەوە..

کاتێک دەوەستا بۆ ئەوەی ئەفەرێکی لێ داببەزێ، ئیدی گیان دەگەیشتە قوڕاگەی، ناوەندی پاسەکە

تەسک بوو.. دەبوو بەسەر لاقێکی نەمدا تێپەڕینایە.. زۆر ناخۆش بوو.. پاشە پیرەکە گەیشتە بازاڕو باوەی پیری دابەزاند.. بەهەر تەکانێک بوو، خۆی گەیاندە پاسی هەوازە بەرزە سوار بوو..

ئەم پاسەیان کۆستەرێکی تازە بوو.. دەتگوت نەسپێ کوێتیەو بالدەگرێت.. بەماوەیەکی کەم گەیشتە بەردەرگای مالی حەمە ڕەشی برای.. کەمێک خۆی بەرز کردەوە و پەنجەی گەیشتە پلاکی زەنگەکە.. یەک دوو جار پالەپەستۆی پەنجەی شەهادەی خستە سەری.. گوێ لەدەنگیکی خۆشی وەکو پول بوو لەمالەوە بەرز بوویەوە.. پاش چەند ساتێکی کەم دەرگاکە کرایەوە.. بەهاری بچکۆلە بوو.. بەدەنگەناسکە منداڵانەکەی گوتی:

-((مامە گیان.. بەخێر بێی..))

مامە دانەویەوە و ماچێکی تەوێڵی کرد.. هاتە ژوورەوە.. بەهار دەرگاکەی داخستەوە:

-((ڕۆڵە بەهار..))
-((بەڵێ مامە گیان..))
-((کێ لەماڵایە..))
-((هەموومان لەماڵەوەین.. هەموومان..))

بەهار ڕای کـردە ژوورەوە.. هەواڵەکـەی دا بەمـاڵـەوە لەپێشدا حەمەڕەشی و بەدوایدا ئامینـە و ڕۆژگـار هـاتن بەپیریەوە..

حەمەڕەشـید لەبـەردەمیدا دانەویـەوە دەستی مـاچ کـرد.. بـەرای گەورەیـەتی.. ڕێزێکـی یـەکجار زۆری لێ دەگرێـت.. ئامینـەیش بـەخێر هـاتنێکی گـەرمی کـرد.. ڕۆژگاریش وەکو باوکی دانەویـەوەو دەستی مـامی مـاچ کردو زۆر بەگەرمیەوە بەخێر هاتنی کرد..

بردیانـە ژوورەوە.. لەبەرامبـەری هـەوای فێنکـی موبەریدەکەیا دایان نا.. لەماوەیەکی زۆر کەمدا سفرەیان بۆ ڕاخست.. نا لـەوێدا بـیری کەوتـەوە کـەنانی نیـوەڕۆی نەخواردووە.. حەمە نەیهێشت!! ئەی خوات لێ ناڕازی بێ حەمە.. بەڕاستی گوناهە ئـاوت محمـدە.. حەیفـە ئەگـەر ڕۆژی هەوەڵ نەمزانی.. ئەوسا ناوم دەنای شێتە..

ڕۆژگـار نـانی تـیری بـۆ نـەرم کـردو خسـتیە سـەر سفرەکە..

دەوریەک برنجی کوردیو قاپێک فاسۆلیای بـۆ دانـا، پاشـان ڕانێکـی مریشـک و سنگەکەیشـی خستەسـەر برنجەکەو گوتی:

ـ((مامه‌گیان.. داوای لێبووردن ده‌کـــه‌م.. گـــه‌ردنم ئازاد بکه.. هەر ئەوەندە ئامادە بوو..))

مامه سەری ڕاوەشاندوو گوتی:

ـ((خوا نەیبڕێ کچی خۆم.. خوا نەیبڕێ..))

تالەنان خواردن بوویەوە، ڕۆژگـار چایشـی بـۆ لێنـاو لەپیالەیـەکی نێـو قـەد بـاریکدا چایـەکی بـۆ تێکـرد و بەزیادی کرد..

ئیـــدی وردە وردە قســـەکردن دەســـتی پێکـــرد.. حەمەڕەشید گوتی:

ـ((کاکە.. بۆچی بەم گـەرما هـاتیت..خۆزگـە عەسـر دەهاتیت فێنک دەبوو..))

مامە قسەکانی لەگەرویداقەتیس مان.. بەدەست خۆی نەبوو، بەبێ دەســەلاتی خۆی، بـەبێ ئـەوەی ڕازی بـێ، دوو دڵـۆپ ڕۆنـدک لـەچاوە سپیـــەکانیەوە هـــەڵقوڵان و لەچاڵاییەکانی ڕومەتیدا تـوایەوە.. حەمەڕەشـید کـەمێک شڵەژاو بەسەر سوڕمانێکەوە گوتی:

ـ((چیەکاکە..؟.. خوانەخواستە هیچ بووە..؟))

ئەم پرسیارەی حەمەڕەشید موشەکێکی ناگراوی بوو، بەربەستی پڕمەی پڕمەی گورگی مامەی پیری شکاندو سوتاند.. کردی بەخۆڵەمێش.. ئیدی هەسارەکان، بەکۆمەڵ دابارین..

-((چیەکاکە..؟.. چی بووە..؟))

کاکە زمانی کردەوە هەرچۆن بوو هاتە گۆ:

-((حەمە.. حەمە.. خوا لەمنی بستێنێت حەمە..!!))

-((حەمە چی بووە..؟))

-((جاچی نەبووە.. تۆ نازانی چیمان پێدەکات..))

-((دیسان بۆ..؟))

-((وەکو لافاو جنیودەدات، بەئاسمان، بەدار، بەبەرد، بەهەموو دنیا..))

-((ئاخر بۆ..؟))

-((جنیو دەدات، بەکچەکان، بەکوڕەکان، بەدایکی..))

-((ئاخر بۆ..؟))

-((من و تۆیش ناپەرێنێت.. بەمنیشی دەدات.. بەتۆیشی دەدا..))

-((ئاخر بۆ..؟))

ـ((چۆزانم بۆ..؟))
ـ((ئەی چۆن..؟))
ـ((گوایە داوای ڕۆژگاریان کردووە بۆ کوڕێکی تر، ئەمیش هارو هاج بووە.. هەموو ئێوارەو بەیانیو ئیوەڕۆیەک.. ئا.. هەموو کاتێک.. بەسەر خۆشیەوە خۆی دەکات بەمالدا و هەموومان دەداتە بەر شەق.. دەڵێت تۆ دەکوژم.. دەڵێت مامەم دەکوژم.. ڕۆژگاریش دەکوژم.. کوڕەیش دەکوژم.. دنیا دەکوژم..

حەمەڕەشید.. تۆ نازانی ئێمە چۆن گیرمان خواردوە بەدەستی ئەو هەتیوەوە.. حاڵێکمان هەیە سەگیش نەیبێ.. جوولەکەیش بەزەیی پێماندا دێتەوە..

ڕۆژگار لەناخەوە بۆ ئەو کڵۆڵیو مەزڵومیەی مامی دەکولا، خەریک بوو تاگری تێبەردەبوو، بەسنوری گەورەیی ئەم دنیایە بەزەیی پێدادەهاتەوە.. دایکیشی هەروەها.. حەمەڕەشید هەر مەپرسە..

ـ((یانی حەمە.. ئاوا..))
ـ((بەڵێ.. ئاوا..))
ـ((ئاواتان لێ دەکات..؟))

ـ((خراپتریش.. ئەم نیوەڕۆیە دنیای هێنایە سەزمان.. هەمووماني جنێوباران کرد.. لەمنیشی دا..))

ـ((لەتۆیشی دا..؟))

ـ((بەڵێ.. پاڵێکی پێوەنام خەریک بوو ملم بشکێت.. ژیانمان نەماوە بەدەستیەوە.. ئاخر سەگی وا کەي شیاوی ئەوەیە کەداوای کچێکی وەکو ڕۆژگار بکات.. ئەو شەوو ڕۆژ لەعارەق خواردنەوە ناکەوێت.. لەکوێ دەتوانێ لەگەڵ ڕۆژگاردا بژی.. ئاخ حەمە ئاخ.. خوایە بۆ خاتری گەورەیی خۆت نەیخەیتە هەفتەیەکی تر..))

هەموویان بێدەنگ بوون کەسیان هیچیان نەگوت، وەکو وشەکاني ئەوو دنیا سەریان هەڵگرتبێو ڕۆیشتبن، وەکو وشەکان کۆچیان کردبێ و مردبن.. ئاوا.. ماوەیەک تێپەڕی.. کەس هەر زاری نەکردەوە.. هەموویان پیشیان خواردبۆوەو هەموویان مەوجیان دەدا.. نەگەر حەمە لەبەر دەستیانا، بوایە، لەوانەیە زیوالێیان بکردایە.. مامە گوتی:

ـ((حەمەڕەشی گیان.. نازانم ئەم کوڕە بۆچی وای لێهات..؟ چ شەیتانێک دەستی خراپەی لێ وەشاند..؟ نازانم ئەم کوڕە بۆچی ئاوای لێهات..؟))

ـ((کاکە.. ڕەفیقی خراپ.. ڕەفیقی خراپ..))

ـ((ئەم حەمەیە بەمندالی چ پەپولەیەک بوو.. چ ڕۆح سوکێک بوو.. چۆن ئاوای لێهات..؟))

ـ((ڕەفیقی خراپ کاکە.. ڕەفیقی خراپ..))

ـ((چۆن فێری عارەق خواردنەوە بوو..؟ حەمە.. چۆن فێری جنێودان بوو..؟ چۆن فێری کفرکردن بوو..؟))

ـ((ڕەفیقی خراپ کاکە.. ڕەفیقی خراپ..))

ڕۆژگار بەکزیەکەوە گوتی:

ـ((ئەگەر مرۆڤ دینی نەبێت.. لەوەپش خراپتر دەکات.. کۆمەڵگەمان دینی تێدا لاواز بووە، بۆیە حەمەو ئەوانەی وەکو حەمەوان، ئەم کارانە دەکەن..))

مامە:

ـ((دین نەماوە کچەکەم.. دین نەماوە.. مزگەوتەکان چۆڵ وهۆڵ.. نادیەکانیش پڕ لەعارەق خۆرە.. دین نەماوە

کچەکەم دین نەماوە.. زۆر دەترسم ڕۆژێ بەزۆر.. بەشەق.. نەو سەرپۆشەیش بەتۆ فڕێ بدەن.. ئەگەر فڕێت نەدا بت کوژن.. دین نەماوە.. ئەم خەڵکە دینی نەماوە.. نەخێر دینی نەماوە.. کوا..؟ کوا.؟ کوا.؟))

ئەم قسانەی مامەی زۆر کاری کردە سەر هەستی ڕۆژگار، بزووتنەوەی برینەکانی کولاندەوە، سەرجەمی قوتابیەکانی بزووتنەوەکەی هاتە پێش چاو.. بەپاڵ، بەشەق بەرەو زیندان دەبرێن.. مامۆستا کەیوان لەپێشەوەیەو سۆزانی خۆشەویستی بەدوایدا..

ئالیرەدا خۆی نەگرت و گریا.. مامە گوتی:

ـ((حەمەڕەشی.. باوەڕناکەم لەژیانمدا کارێکی هێندە خراپم کردبێ، تا خوای گەورە لەحەمە ڕزگارم نەکات..

زۆر ئومێدم هەیە خوا ڕزگارم بکات..

ـ((ان شاء الله.. ان شاء الله..))

دوایی ماوەیەک بێدەنگی حەمەڕەشید وەکو بیری کردبێتەوە، گوتی:

ـ((کاکە..))

ـ((بەڵێ..))

ـ((ئەم شەو لێرە دەبیت..))
ـ((نەخێر..))
ـ((بۆچی.. لێرەبە..))
ـ((ناتوانم..))
ـ((لێرەبە..))
ـ((حەمە منداڵەکان دەکوژێت.. دەبێ برۆمەوە..))
ـ((نایان کوژێ..))
ـ((دەیان کوژێ.. خۆم دەزانم چ درندەیەکە..))
ـ((دەزانی چی..))
ـ((چی..))
ـ((بەحەمە بڵێ.. مامەت دەیگوت.. لەهاش و هوشی خۆی دەکەوێت و دەست لەتازاردانی خۆی هەڵدەگرێت باشە.. ئەگینا سوێند بێ بەعزەت و جەلالی خوا، کارێکی پێ دەکەم، بابەدەواری شڕی نەکردبێ.. حەمە ئەبووە بەوپیاوە لەئێوە بدات.. هەر ئاوا پێی بڵێ.. کچپش لەدوای تاقیکردنەوەکانی سەری سال دەدەین بەشوو.. ئەگەر پیاوە.. ئەگەر خۆی بەپیاو دەزانێ.. بانەکێ بەئێمە نەکێ هەڕەشەکردن لەئێمە، با لەگوڵێکێ کاڵتر بەئێوە بڵێ..))

پێش بانگی مەغریب بابە گەیشتەوە مالی خۆیان، منداڵە چکۆلەکان لەماڵابوون، دایکیشیان لەماڵا بوو، حەمەتازە لەخەوی پاش نیوەڕۆ هەڵدەستا..

بابە بەبێ ترس قسەکانی حەمەڕەشیدی بۆ حەمەگێڕایەوە، دەتگوت دەستی لەڕۆحی خۆی شتووە.. دەتگوت بڕیاری مەرگی داوە..

حەمە هیچی نەگوت.. کەخۆیگۆڕی.. لەقەیەکی تۆندی کێشا بەباوکیدا، خستیە سەر زەویەکە.. هەر دوو ئەژنۆی ئازاری پێگەیشت.. ئازارێکی سەخت.. بەڵام یەک ئاخیشی نەکرد.. حەمە گوتی:

ـ((ئێستا مەجالم نیە لێتان بدەم.. لەنادی مەوعیدم هەیە.. باتێر عارەق بخۆمەوە.. ئەوسا دێمەوە خزمەتتان.. دەزانم چۆن تۆڵەتان لێ دەکەمەوە..))

دەرگاکەی تۆند پێوەداو ڕۆیشتە دەرەوە.. منداڵەکان هاتن و باوکیان هەڵساندەوە.. حەزیان دەکرد.. حەمەی نەفرەتی، لەت لەت بکەن، بەڵام ئاخ.. ناتوانن.. منداڵن..

دوای نوێژی مەغریب، خێزانەکە کۆبوونەوە، لەدەوری سفرە شینەکە کۆبوونەوە، نانیان دانا، لەژێر باڵی غەمگینیدا، دەستیان کرد بەنان خواردن..

چاوەڕوانی ئەوەبوون، کەی کاکە حەمەیان بێتە و بیان داتە بەرشەق، بەرتف و زللەو هاواریان لێ هەڵبستێنێت..

بەڵام نەخێر.. قەدەر نەخشەیەکی دیکەی پێیە.. دوور لەبیر کردنەوەی ئەمان.. نەخشەیەکی پڕ لەدادپەروەری..

هەر لەم کاتەدا حەمە بەمەستی، بەکەللە گەرمی لەنادی دەهاتە دەرەوە، بەرچاوی ڕێشکەو پێشکەی دەکرد.. لارەلار بەسەر جادەکەدا دەپەڕیەوە.. بێ ئاگا لەو بەرازیلیەی کەباڵی لێ پەیدا بووە و ئەوناوەی کردووە بەهاواری هۆڕینەکەی.. تاکێشای بەنێو قەدیداو چەند مەترێ فڕێی داو تەرمی خستە سەر جادەکە..!!

کاتێک خەبەرەکەیان بەماڵەوە دا.. بابە لەجێی هەموو شتێک سەری خستە سەر عەردو سوجدەیەکی سوپاسی بۆ خوا برد..

حەمە کفن و دفن کرا، تەعزیەکەیشی تەواو بوو، بەبێ ئەوەی، یەک دڵۆپێک فرمێسک، یەک ئاخ، یەک

هەناسەی دڵ تەنگی، لەدەمی، باوک، لەدەمی دایک، برا، خوشک، بێتە دەرێ..

هەموویان سوپاسی خوایان دەکرد، کەنەو بەڵایەیان لەمل بۆتەوە.

ڕۆژگار لەدوو جەمسەرەوە کامەرانی دای تەنیبووە..

یەکەم لەبەر ئەوەی کەندەڵانێک لەڕێی کارە پیرۆزەکەیدا نەماو تەخت بوو..

دووەم لەبەر ئەوەی مامەی مەزڵومی، ڕزگاری بوو.. بەهەق ڕزگاری بوو لەکورەکەی.. کوڕی خراپ ئاوایە، باوێکیش بۆی ناگڕی.. نەک گریان.. هەناسەیەکیشی بۆ هەڵناکێشێت.. چگە لەوەیش، ڕاوا لەخەمەڕەشیدی برای دەکات، کچەکەی بدات بەشوو، بۆ ئەوەی لە تۆڵەی خۆیدا بەشداری ئاهەنگی بەشوودانەکەی بکات..

بەڵێ.. کوڕی خراپ.. ئاوا لەباوکی دەکات..!!

١٦

ئەمڕۆ پێنج شەممەیە..

دوو ڕۆژە تاقیکردنەوەکانی سەری ساڵ، دوا هەناسەی داو ئەو مۆتەکەیە لەسەر سنگی قوتابیان نەما..

ڕۆژگار و نەسرین زۆر دڵیان خۆش بوو.. چونکە لە تاقیکردنەوەکانیاندا زۆر باش بوون.. بەتەمای نمرەی بەرز بوون..

ئەمڕۆ پێنج شەممەیە..

نەسرین بەیووکی دەبڕێت.. لەگەڵ ڕێبواردا دەبن بەیەک، گیانێک دروست دەکەن..

ڕێبوار دەیویست، بەهەر فێڵێک بوو، بەهەر بیانوویەک بوو، مامەی دوور بخاتەوە لەزەماوەندەکەی.. بۆ ئەوەی ئەمسالی جاهیلی تێنەکەوێت..

بەڵام چۆن دەتوانێت..؟

کارێکی زۆر سەختە..

بیانووەکان، هیچیان نابن بەحەمرین، هەر شێرەبەفرینەیەکی خۆنەگرتوون وخێرا دەتوێنەوە..

فێڵەکانی سەر ناگرن.. کەپری هاوینەن، بەڕەشەبایەک دەهوروژێن..

ناشتوانێت ڕاستەوخۆ پێی بڵێ مەیە.. چونکە کاری پێیەتی.. بزووتنەوەکەیان دەیانەوێت.. بەکاری دێنن.. مانەوەی جارێ پێویستە..

ئەدی چی بکات..؟

بزووتنەوەکە ئەو سەرچاوە گەورەیەی لەدەست دەچێ..؟

ڕێبوار پێشتر بیری لەم کێشەیە کردبۆوە.. خۆی نەگەیشتبووە ئەنجام..

ناچار، بەخۆی وبەرازیلیەکەیەوە خۆی گەیاندە مالی مامۆستاکەی..

مامۆستاکەی دوا باوەشیەتی..
دوا سەرچاوەیەتی،
دوا پەنایەتی
لەهەر شوێنێکدا پێی بگات، خێرا دەگەڕێتەوە بۆ لای، پرسی پێدەکات و چارەسەرەکانی وەکو چەپکی تیشک دەگرێت بەدەستەوە و شەوی تاریکی پێ ڕووناک دەکاتەوە..

مامەی بەشداری یکات یان نا..؟

ئەم پرسیارەی لەمامۆستاکەی کرد.. مامۆستایش وردەکارانە سەلبیات و ئیجابیاتی مەسەلەکەی لێک دایەوە و دواتر وەکو بەرژەوەندیەکی یەک تۆناغی، وای بەباش زانی دڵی نەشکێنێت و بۆمانەوەی کۆمەکی بەردەوام بەکارەکەیان، قەیناکات بابەشداری یکات و ان شاء الله خوای پەروەردگار لێیان خۆش دەبێت.

ئەمڕۆ پێنج شەممەیە..

نەسرین ڕازی نابێت بەرگی حیجابەکەی لابات.. دەیەوێت جلی بوکێنی حیجابەکەی بێت.. ڕۆژگاری مامۆستای فێری کردبوو..

حیجابەکە جوانترین و خۆشەویسترین بەرگی ئەم دنیایەیە لای..

ئەوە شەهلای دایکیەتی، لەبەر دەست و پێیەکانیدا بەچۆکدا هاتووە و لێی دەپارێتەوە:

ـ((ڕۆڵە گیان.. لەبەر خاتری من.. بەس لەبەر خاتری من.. ئەمڕۆ ئەو حیجابە لابەو.. جلە کوردیەکان لەبەر کە.. باحەیامان نەچێت..))

ئەسرینیش بەبێ ئەوەی تێک بچێت، بەبێ ئەوەی بشڵەژێت، بەخەندەکانی سەر لێویەوە، دەستی دایکی دەگرێت و هەڵی دەستێنێتەوەو پێی دەڵێت:

ـ((دایەگیان.. قسەی تۆ لەسەر سەرم.. لەسەر چاوم.. بەڵام دایە.. حیجابەکەم شەرەفی منە.. ڕێزی منە.. ڕۆحم بەو حیجابەوە کامەرانە.. تۆ حەز دەکەیت بەختیار نەبم..؟.. باوەڕ ناکەم.. پاشان دایە عەیب چیە..؟

عەیب لەوەدایە مرۆڤ خوا ناڕازی بکات.. ئێستا منێک کەخاوەنی بانگەوازم.. خاوەنی عەقیدەم، چۆن دەبێت لەنێو ئەم هەموو پیاوەدا قژم بەرەڵا بکەم کاری واکەی ڕەوایە..؟))

هەموو قسەکانی ڕۆژگار بوو.. هەموو قەناعەتەکانی ڕۆژگار بوو.. ڕۆژگار و نەسرین، یەک باتگەوازو یەک عەقیدە.. یەک بوون.. وەکو یەک دەدوان.. وەکو یەکیش بیریان دەکردەوە..

پاشان وەستا عەلی باوکی هات، خوشکەکانی، خزمەکانی، هیچ.. کەلکی نەبوو.. نەسرین هەر لەقەناعەتی خۆی دانەبەزی..

دواتر کەسەکانی ڕێبوار لێی پارانەوە، بەقوربانی بوون، چەند ئافرەتێکیان دەستیان ماچ دەکرد وداوایان لێ دەکرد کە خیجابەکەی بەس بۆ نەمرۆ لابات.. بەس نەمرۆ قژی شۆڕ بکاتەوە.. سوراوێک بێنێتە سەر لێوی و میکیاج بکات..

بەڵام هەموو هەوڵەکانیان بەلێواری بێ هودەیدا، گلۆر بوونەوە..

ژنەکان سەرسامی جوانیەکەی ببوون.. نەسرین، بەجەستە وەرزشکارانەکەی و بەگەشی چاوەکانی و دڕەوشانەوەی ڕوخسارییەوە.. پاشان بەهێزی لەبن نەهاتووی عەقیدەکەیەوە، بەربەرەکانی هەموویانی دەکرد..

لەکۆتایدا کەس نەما، مامەی ڕێبوار نەبێ، ژنان پەنایان بۆلای نەویش برد، داوایان لێ کرد کەلەگەڵ نەسرینداا قسان بکات، بەڵکو داواکەی نەو ڕەت نەکاتەوە..

مامەی ڕێبوار هاتە ژوورەوە، نەم هەستایەوە لەبەری، هەستی کرد شەرمی لێ دەکات، وەلێ ئامادەبوونی ڕۆژگار لەوساتەدا کەلەپاش مامەی ڕێبوارەوە هاتە ژوورەوە، ورەی پێ بەخشی..

کەمێک شەرمەکەی ڕەویەوە..

مامە گوتی:

-((کچم.. بۆ جلی کوردی لەبەر ناکەیت..؟))

نەسرین کەمێک پەشۆکا، مامە مرۆڤێکی گەورەی بالا بەرزی قەڵەو بوو، هەستی کرد تەزوو بەگیانیدا دێت.. ڕۆژە فریای کەوت گوتی:

-((ئافرەتەکان زۆریان پێ هێناوە، بۆ ئەنجام دانی کارێک کەمێردەکەی پێی ڕازی نابێت.. ئەم نایەوێت لەقسەی مێردەکەی دەرچێت.. نەگەر مێردەکەی ڕازی بێت هەر ئێستا خۆی دەگۆڕێت..))

نەسرین جارێکی دی سورایی هاتەوە سەر لێوەکانی، سەری لەو عەقڵە لەڕادە بەدەرەی ڕۆژگار سوڕ دەما.. چۆن لەم هەڵوێستە دژوارەدا ئەم بیرە جوانەی بۆ هات..

حەتمەن ڕێبوار ڕازی نابێت حیجابەکەی لابێبات.. کەواتە با پێوەندی پێوەبکەن.. مامە گوتی:

ـ((ئەگەر ڕێبوار ڕازی بێت.. ڕازی دەبی..؟))

ـ((بەڵێ..))

ـ((تەلەفونیان هەیە..))

ڕێبوار لەماڵی خۆیان بوو.. دەبوو بەتەلەفون ئاگاداری بکەن.. ڕۆژگار خێرا گوتی:

ـ((ئێمە هەمانە.. ئەم ماڵەی ئەولاترین..))

مامە و ڕۆژگارو دوو سێ ژن و پیاوی تر پێ ماڵی ڕۆژگار کشان، یەک دنیا بەرازیلی دەرەوەی گرتبوو.. لەژمارە نەدەهاتن.. هەمووی بەدوی نەسریندا هاتبوون.. چاوەڕوان بوون کەی بەڕێ بکەون.. واخەریکە گەزم دەکات..

گەیشتنە ماڵی ڕۆژگار، مامە تەلەفونی کرد ڕێبوار وەلامی دایەوە.. مامە گوتی:

ـ((ڕۆڵـــه ڕێبـــوار.. نەســـرین دەڵێـــت حیجابەکـــەم لانابەم.. تا ڕێبوار ڕێگام نەدات..))
ڕێبوار قسەکەی پێ بڕی..
ـ((مامە گیان..))
ـ((گیانی مامە..))
ـ((تۆ منت خۆش دەوێت..؟))
ـ((ئەی چۆن هەموو دنیا دەکەم بەقوربانت..))
ـ((دەی یەک داواکاریم هەیە..))
ـ((بیڵێ..))
ـ((بانەسرین حیجابەکـەی لانـەبات.. ئەگـەر لایبـات ئەوا من بەختیارینەکەم لێ دەبێت بە دۆزەخ..))
ـ((ئاوا..))
ـ((بەڵێ..))
ـ((دەی خـــۆت نامـــادە بکـــە.. هـــەر ئێســـتا بەحیجابەکەیەوە سەری دەخەین..))
مل ملانێ کۆتای هات..
ئیرادەی پۆڵاینی حەق سەرکەوت..
ئیرادەی پوکاوەی شەهوەتیش وردو خاش بوو..
بەرازیلیەکان پڕ بوون..

نەسرین سوار بوو.. ڕۆژگار و خۆشکە گەورەکەی نەسرین چەپ و ڕاستیان لێ گرت.. بەرازیلی قەتارەی بەست..

هەر لەوکاتەدا نەوزاد لەبەر دەرگاکەی خۆیاندا وەستابوو، سەری لەم زەماوەندە گەورەیە سورما، کچێ سەرەک کۆماریش شوو بکات، هەر وای بۆ دەکەن.. ڕۆژگار خۆی نەگرت.. جامی بەرازیلیەکەی لادا و بەدەنگێکی بەرز، کە نەوزاد گوێی لێ بێ کوتی:

ـ((نەمە نیرادەی حەقە.. تاوا سەردەکەوێت..))

کەس لەو قسە تێنەگەیشت نەسرین و نەوزادی بەر دەرگاکە نەبێت.. هەر پیتێکی ئەو وشانە، نوکی تیژی ڕم بوون و بەجەرگی نەوزادا دەچونە خوارەوە، دیارە لەو کارەی پیشوی پەشیمانە.. بەڵام پەشیمانی نامانە، ساتەوەختیە، پاش تۆزێکی دی وەکو خۆی لێ دێتەوە.. مرۆڤی بێ مەسەلە هەر وایە.. لای نەو دنیا هەر ڕابواردنە، ڕابواردن مەسەلەکەیەتی.. بۆیە هەرکیز نابێتە خاوەنی هەڵوێست.. وردە وردە تۆتۆمبیلەکان خشان.. دەنگی هۆرینە جیا جیاکان گوێی مرۆڤی کاس دەکرد.. چاهیلیەت هاربەشی کرد.. گۆرانی لەنێو تۆتۆمبیلەکانەوە بڵند بوویەوە.. نەسرین زۆری پێ ناخۆش بوو..

ڕۆژگار دڵی دایەوە و گوتی:

ـ((گوێ مەدەرێ.. هەر نەمرێیە وکۆتایی دێت.. مادەم لەسوچێکی تڕەوە، بەرژەوەندیەکی گەورەتری

تێدایە.. دەبێ ڕازی بین.. کۆمەڵگەکەمان هێشتا زۆری ماوە..))

ئەم قسانەی بەچرپە پێ دەگوت.. بۆ ئەوەی کەس گوێی لێ نەبێت.. کاروانەکە گەشتێکی کرد بەنێو شاردا، پاشان بەرەو عەقاری ملیان نا.. خەڵکی سەریان سوڕدەما.. دەیانگوت..

دەبێ ئەمە زەماوەندی کێ بێ..؟

کاروان گەیشتە بەردەرکی ماڵی ڕێبوار.. دیسان دەنگی گۆرانی و هۆڕین بەرز بوویەوە.. ڕێبوار دەستی نەسرینی گرتوو دای بەزاند.. بەدەم چەپڵە ڕێزانەوە بردیە حەوشە گەورە بەر بڵاوەکەی ماڵەوە.. کورسی بەوناوەدا ڕیزکرابوو.. جێگای بووک و زاوا لەسەری سەرەوە دانرابوو.. لەوێدا لەنگەریان گرت.. ڕۆژگاریش لەسەر کورسیەک و لەپەنای نەسرینداد دانیشت.. وەکو بیەوێت پێی بڵێ.. نەترسی هەمیشە لەگەڵتام..

دیسان تەقاڵید زاڵ بوو.. ئەمە شەڕە.. جارێک حەق زاڵ دەبێت.. جارێک بەرامبەز..

ڕێبوار هەزار جار ناواتی دەخواست کەئەم هەمور خەڵکە قوتابی مامۆستا کەیوان بونایە.. ئیدی ئەوکاتە

تەقالیدیان لەژێر پێ دەخست و بەپێی عەقیدەکەیان دەجولانەوە.. بەڵام نێستا چی پێ دەکرێت..؟

هەڵپەرکێ دەستی پێکرد.. مامەی ڕێبوار دەستی گرت.. دەتگوت چواردە ساڵانە هەڵدەپەڕێ.. عارەق بەهەمبوو گیانیدا دەهاتە خوارەوە..

هاتن و زۆرێشیان لەبوک و زاوا کرد هەڵپەڕن، بەڵام بەهیچ شێوەیەک نەجوولان.. حەزیان دەکرد بۆ خۆیان هەڵپەڕن.. وەلی بەو شێوەیەی کەچاک و خراپ ڕژانە نێو یەکتری نا.. ڕازی نابن..

دواتر نانی نیوەڕۆیان هێنا.. کەس لەبەر هەتاوەکە خۆی نەگرت و خزانە نێو ژوورەکانەوە.. باش بوو.. پاش نان خواردن کەمێک بلاوەیان لێ کرد..

بوک و زاوا، پاش نان خواردن نەچونە دەرێ، عەسرێش نەچوون، بۆ ئەوەی خەڵکەکە بڕۆنەوە، وەلێ باوکی و مامەی سەر لەنوێ هەڵپەڕکێیان ساز دایەوە..

ڕێبوار لەدڵی خۆیدا دەیگوت:

ـ((باشە نابێ پیاوان بەجیا بۆ خۆیان هەڵپەڕن و ژنانیش بەجیا بۆ خۆیان هەڵپەڕن..؟

بۆ هەر دەبێت تێکەڵاوی یەکتر بن..؟

ئەوکاتە زۆر خۆش دەبوو، ئەگەر ئاوا بوایە.. بەڵام ئاخ تەقالید.. ئەم خەڵکەت.. چۆن پێوەند کردووە..))

باش بوو پێش مەغریب دەنگی ناسازی تەقالید نەماو، کەمێک بێدەنگی و هێوری باڵی کێشایەوە بەسەر ماڵەکە.. نەسرین هەناسەیەکی خۆش حاڵی داو تۆزێک هاتەوە سەر خۆی..

ڕۆژگاریش هەر پێش مەغریب لەگەڵ ژناندا گەڕانەوە بۆ ماڵەوە.. پێش ئەوەی بگەڕێتەوە.. نەسرین و ڕێبواری بردە پەنایەکەوە و پێی گوتن:

-((ئەم ئاهەنگە چەند سەلبیاتی بووە.. دەبێت لەمەو دوا، هەردوو کتان پێکەوە هەوڵ بدەن و دە ئەوەندە ئیجابیاتی لێ دروست بکەن.. ئێوە هیوای بزووتنەوەکەمانن..

ئیتر بەخواتان دەسپێرم.. لەوانەیە پاش نوێنژی عیشایش تەلەفونتان بۆ بکەم..))

*** *** ***

لەسەر سفرە سەوزەکە خێزانەکە کۆبوونەوە بۆ نان خواردنی نێوارە.. ڕۆژگار و دایە و باوەو بەهار.. خواردنی چەند جۆرە دانرابوو.. بەدڵێکی خۆشەوە نانیان دەخوارد.. کەڵێ بوونەوە سەرەی چا خواردن هات.. دایە گوتی:

ـ((ماشاء الله لەکۆڵ نەدانی نەو کچە..))

منێردەکەی:

ـ((کام..؟))

ـ((نەسرین..))

ـ((بۆ..؟))

ـ((تۆ لێرەنەبوویت.. نەتزانی چی ڕوویدا..))

ـ((چی ڕوویدا..))

ـ((جاچی ڕووی نەدا..!))

ـ((چی ڕوویدا..؟))

ـ((ژنان و کچانی هەر دوو بنەماڵەکە، هەوڵێکی لەڕادە بەدەریان دا، بۆ نەوەی لەکاتی بردنیدا حیجابەکەی لاببات.. بەڵام نەو هەر لای نەبردوو لای نەبرد..))

ـ((بۆ..))

ـ((دەیگوت حیجابەکەم شەرەفمە.. دەبێت جلی بوکێنیم بێت.. بەوە ڕازیم..))

ـ((ئاوا..))

ـ((بەڵێ..))

ـ((باشە ئەو کچە ماوەیەک لەمەوپێش سفور بوو..))

ـ((بەڵێ..))

ـ((چۆن وای لێهات..؟))

دایە تەماشایەکی پڕ لەمانای ڕۆژگاری کرد و گوتی:

ـ((دادەم فێری کرد.. هەموو شتێکی فێر کرد.. ئەو هیچی نەدەزانی.. گێلۆکەیەک بوو بۆ خۆی..))

ـ((ئاوا..))

ـ((ئاوا..))

ـ((لەوێ ناڕەحەتی نەکەن باشە..))

ـ((نا ااا.. بابە..))

ـ((بۆ.. تۆ چوزانی.؟))

ـ((کوڕەیش وەکو خۆی وایە..))

ـ((ئاوا..))

ـ((بەڵێ..))

ـ((دەزانی نافرەت حکومەت زۆر ڕقیەتی لەم کۆڕە گەنج و کچەلاوانەی گەڕاونەتەوە بۆ لای ئیسلام..))

ـ((هەی ڕۆ و.. بۆ چی پیاوەکە..))

ـ((زۆر ڕقیەتی لێیان.. دووچاوی سەری هەیە.. ئەم کۆڕوکچانەی پێ نابینێ..))

ـ((بۆ و.؟))

ـ((نازانم بۆ.. لەمانە زۆر دەترسێ.. دەیانگرێ.. دەیانکوژێ.. مالیان دەسوتێنێ..))

ـ((پیاوەکە..))

ـ((بەلێ..))

ـ((والە ڕۆژگارێش نەکەن..؟))

ڕۆژگار تا ئەم ساتەیش هەر گڕ بوو، گوێی لەدایک و باوک و گفتو گۆکەی نێوانیان گرتبوو.. لەهەندێک شوێندا بەزەیی پێیاندا دەهاتەوە.. لەهەندێک شوێنی تردا بەقسەکانیان پێ دەکەنی.. تاگەیشتنە ئەم سنورە.. ئیدی قسەکردنی بەهەق زانی.. بازدانە نێو گفتوگۆکەی بەکارێکی ڕەوا زانی.. مۆلەتی لەباوکی وەرگرت و گوتی:

ـ((دایە گیان ئێمە موسلمانین یان.. نا..))

ـ((موسلمانین..))

ـ((نـــابێ ئیســـــلامەکەمان لەپێغەمبـــــەرە نازیزەکەمانەوە وەربگرین..؟))

ـ((با..))

ـ((دەی دایە گیـان، پێغەمبەرەکـەمان، لـەپێناوی ئیسـلامەکەیدا، بـەدرێژای تەمـــەنی، لـەنازارو تـالآو چەشتندا بووە.. نەک هەر خۆی.. هـەموو هاوڕێکانیشی.. دایەگیان تۆ ناوی حەبیبی کوڕی نوسەیبەت بیستووە..؟))

ـ((نەخێر..))

ـ((گوێـم لێ دەگریـت نەگـەر کـەمێک باسـی نـــەو موجاهیدەت بۆ بکەم..))

ـ((ئەی بۆ گوێ ناگرم..))

ڕۆژگـار پەنجـەکانی کـرد بەتۆپـەڵێکی خـــڕو لـــەژێر چەناگـەیدا کـۆی کـردەوە.. کـەمێک بەمێشـکی خۆیـــدا چوپەوەو لاپەڕەکانی بیری هەڵدایەوە.. وەکو بڵـێ بـەدوی حەبیبدا بگەڕێت.. پاشان گوتی:

ـ((دایەگیان نەو حەبیبە کوڕی ئافرەتێکی موسڵمان بوو، بەناوی نوسەیبە.. لاوێکی جوانی تازە پێگەیشتووی

دایکی بوو.. کاتێک موسەیلەمەی درۆزن، لەنیسلام هەڵگەڕایەوە گوتی منیش پێغەمبەرم..

نامەیەکی.. بۆ پێغەمبەری نیسلام نووسی.. گوتبووی.. منیش وەکو تۆ پێغەمبەرم لەلایەنی خواوە وەحی بەردەوامم بۆ دێ..

ئەم نامەیەی دابوو بەدوو پیاوی خۆی و هێنابوویان بۆ شاری مەدینە.. کاتێک بۆ پێغەمبەریان خوێندەوە.. تورە بوو.. بەدوو پیاوەکەی فەرموو..

ئێوە دەڵێن چی..

ئەوانیش گوتیان.. قسەی ئەو قسەی نێمەیە..

ئەویش فەرمووی

سوێند بێ بەخوا، ئەگەر وەفد بکوژرایە.. هەر ئێستا لەملی هەردووکتانم دەدا..

پاشان نامەیەکی سەختی دا بەدوو پیاوەکەو ناردی بۆ موسەیلەمە..

دواتریش.. نامەیەکی تری نووسی و دای بەدەم حەبیبە..

تا بیبات بۆ موسەیلەمە..!!

ـ((بۆ ئەوێ..؟))

ـ((بەڵێ..))
ـ((بۆ لای ئەو کافرە..؟!)) .
ـ((بەڵێ..))
ـ((جاخۆسور دەیکوژێ..))
ـ((جاتۆ سەبر بگرە..))
ـ((فەرموو..))
ـ((حەبیب نامەکەی وەرگرت.. وەکو تۆ دەیڵێی، سور دەیزانی شەهید دەکرێت.. بۆیە ماڵ ئاوای لەدایک و باوک و کەس و کارەکەی کرد..

پاشان نەوەستا، تاگەیشتەلای موسەیلەمەی درۆزن نامەکەی پێغەمبەری خوای دایە دەستی..

موسەیلەمە چاوەکانی پەرینە تەوقی سەری.. ڕوخساری تێک چوو.. جنێوی دەدا و دەڕشایەوە.. ئەمری کرد هەموو خەڵکی ئامادە بێ..

خەڵک ئامادە بوو.. ئەمری کرد حەبیب بێنن.. حەبیبیان بەچوار پەلی بەستراوەو هێنا..))

ـ((وەی دایکت بمرێ ڕۆڵە..))

ـ((موسەیلەمە بەبەر چاوی خەڵکەوە.. پێنی گوت.. دەربارەی محمد دەڵێی چی..؟

گوتی:

دەڵێم پێغەمبەری خوایە..

پێی گوت:

ئەی دەربارەی من دەڵێی چی..؟

گوتی:

کەڕم.. هیچ نابیسم..

ئیتر موسەیلەمەی درۆزن گوتی.. پارچە یەک لەگۆشتی ببڕن.. نەوانیش قاشێکیان لێ بڕی..))

ـ((ئەی هاوار..))

ـ((موسەیلەمە هەمان پرسیاری لێ کردەوە.. بەڵام حەبیب نەپسا.. کۆڵی نەدا.. لەسەر دینە ڕەواکەی سوور تر بوو..

هەمان وەڵامی دایەوە..

ئەوانیش.. ئەوانی لەخوا یاخی و بێ وڕژدانیش، قاژ قاژ لاشەیان داهێنا.. عەزەلاتەکانی دەست و قاچیان دەرهێنا.. تا ئێسقانەکانی کەوتە سەر خاکەکەو شەهید بوو..))

-((ئەی دەستی شکام بۆت.. ئەی بمرت بۆت.. چۆن ئاوا جوانەمەرگیان کردی..))

ڕۆژگار پێکەنی.. پێکەنینێکی گاڵتە ئامێز.. پێکەنی بەدایکی.. بەهەڵوێستی دایکی.. پێکەنی بەو ناوەندە دوورو درێژەی کەلەنێوان دایکی و خۆیو حەبیب داهەیە..

پاشان گوتی:

-((دایە..))
-((بەڵێ..))
-((تۆ ئاوا دەڵێی.. وانیە..))
-((جاتوخوا هەق نیە تەعزیەی بۆ دابنێنەوە..؟))
-((باشەدایە.. بەبۆچونی تۆ.. کاتێک ئەم هەواڵە گەیشتەوە دایکی حەبیب.. دەبێ چی کردبێت..؟))

-((بەڕەتی من..))
-((بەڵێ..))

ـ((دەبێ قژی نەهێشتبێ بەسەریەوە.. دەبێ ڕوومەتی خۆی پڕکردبێ لەخوێن.. دەبێ..))

ـ((باشە.. باشە.. دایە.. ئەمەبۆچونی تۆیە.. بەڵام ئەو وای نەکرد.. ئەو.. وای نەگوت.. ئەو هیچی لەمانە نەکرد..))

ـ((ئەی..؟))

ـ((کاتێک ئەم هەوالەیان دەڤار دەق پێ گەیاند.. بڵێچی باشە..؟))

ـ((بڵێ چی..؟))

گوتی:

ـ((من أجل مثل هذا الموقف أعددته.. لقد بايع الرسول صلى الله عليه وسلم.. ليلة العقبة صغيرا.. وولى له اليوم كبيرا..))

ـ((یانی چی..؟))

ـ((گوتی.. من کوڕی خۆم بۆ ئەم جۆرە هەلوێستانە پەروەردە کردووە.. کوڕی من شەوی عەقەبە.. بەبچکۆلەیی بەیعەتی دا بەپێغەمبەر صلى الله عليه

وسلم.. کاتێکیش کەگەورەبوو بەوەفا بوو بەرامبەر بەیەتەکەی.. ئاوا..))

-((دەبێ ئەوە چ دایکێک بووبێ.؟))

-((ئەوە دایکێکە ئیسلام پەروەردەی کردووە.. فێری کردووە چۆن منداڵەکانی پەروەردە بکات و بۆچیان پەروەردەبکات..))

-((سەیرە..))

-((خەڵکی ئەم زەمانە سەیرن.. ئەگەر خۆیان بەموسڵمان دەزانن.. ئەوە بەبانگی ئاشکرا ئیسلام ئاوایە.. ئەگەر موسڵمانیش نین.. بۆچی بەئاشکرا ناڵێن.. ئێمە کافرین.. بۆچی خۆیان دەخەڵەتێنن.. بەتەمان موسڵمانیش بن و تفێکیشیان تێ نەکرێت.. سەیرە چ جۆرە دینداریەکە..!!))

بابە زۆر دڵ خۆش بوو بەم کچەی.. ئەمە چیە.. مەلایشی ناگاتێ مەلای چی..؟ ئەم هەموو زانیاریەی لەکوێ هێناوە.. خۆتۆ تا دوێنێ نەتدەزانی زمان بکەیتەوە.. چۆن بووی بەم فەیلەسوفە..؟

ئەم جۆرە خەیالانەی بەبیری بابەدا دەهاتن.. لەهەمان کاتدا خۆشحاڵ بوو.. بەختیار بوو بەوەی کەخوا کچێکی ئاوا زیرەکی پێداوە..

کەمێک دەیش ترسا.. ئاخر حکومەت ئەم جۆرە قسانەی پێ خۆش نین.. سلێمان لێ دەکاتەوە.. وەکو مۆتەکەی سەر سنگی تەماشایان دەکات..

بابە دەترسا.. بەڵایەک بەسەر کچەکەیدا بێنن.. ئەو دەم دەبێت چی بکات.. کێ دەتوانێ، نێچیری لەژێر چنگی گورگە برسیەکانی بەعس دەربێنێت..؟

دوای چا خواردنەوە.. ژۆژگار هەڵسایەوە.. هەیوانەکەی بەجێهێشت.. لەڕاڕەوەکەدا مووبەرێدەکەی داگیرساند تەلەفونەکەی هەڵگرت و بردیە ژوورەکەی خۆیەوە.. تابلۆکە هەر لەجێگەکەی خۆیدایە.. تەماشایەکی سەر پێیانەی کرد.. نەیهێشت.. گۆمی یادگاریەکانی بهەژێ.. هاتەوە لای تەلەفونەکەی.. بڕیاری دا، یەکەم جار لەگەڵ سۆراندا قسە بکات.. بزانێ ڕۆژی پێنج شەمەی داهاتوو.. ئاهەنگی مارە بڕینەکەی ساز دەدرێ..؟

٧ ـ ئەماعەکەی هەلگرت.. پاش چواردەقە.. سۆران بەدەنگە مۆسیقیەکەی خۆیەوە وەلامی دایەوە..

ـ((بڕوام نەکرد تۆبی.. هەست دەکەم ڕۆحم نوێ دەبێتەوە.. زۆر بەختیارم..))

ـ((منیش هەمان هەست گرتوومی.. هەر لەم کاتەدا ڕۆحی منیش نوێ دەبێتەوە.. بەختیاری دای تەنیوم..))

ـ((ڕۆژە گیان..))
ـ((گیانی ڕۆژە..))
ـ((کارەکەی نەسرین تەواو..))

ڕۆژگار بەخەنینەوە:

ـ((تەواو..بەڵام چۆن تەواو بوونێک..))
ـ((چۆن..))
ـ((دوایی هەموویت بۆ دەگێڕمەوە..))

نزیکەی چارەکێک بەیەکەوە قسەیان کرد، تێر نەدەبوون، خۆشەویستیەکەیان تادەهات پڕوپڕتر دەبوو.. پاک و پاکتر دەبوو.. گەورەو گەورەتر دەبوو..

هەموو شتێکیان باس کرد.. بەڕەمز لەزۆر شت دەدوان.. کەس لێیان تێ نەدەگەیشت.. سۆران دەیگوت..

ـ((ئـاخ لەدەسـتی ئـەو کانیانـەی کەلەترسـاندا دەخنکێن و وشک دەبن..!!))

باشە چاکتر نیە ڕاپـەڕن و خـودی تـرس دەسـتە منۆبکەن..!!

یان خودی ترس، لەتو پـەت بکـەن..؟ ئەمـە باشـترە یان لەترساندا بخنکێن..

ئاخ لەدەستی نەوانە.. ئاخ..

کەی فێر دەبن ڕاپەڕن..؟

کەی فێر دەبن بەرنامە بۆ ڕاپەڕینیان دانێن..؟

بلێ.. ئێوە کەدەتوانن ساتێ ترس بدەن لـەدار، ئیـتر بۆچی خۆتان دەخەنە ژێر دەست و پێی..))

ڕۆژگار دەیگوت:

ـ((مەگەر ئەوان نـازانن.. گـەر گـەلخۆبن و هـەنگاو نەنێن.. دەبنە ئـەو ئەستێرەیەی کـە هـەموو بەیانیـەک لـەکاروانی ئـەو هـەموو ئەسـتێرەی ئاسمانـە، بـەجێ دەمێنێ و لەبەر جەپۆلەیی خۆی، خۆی پۆ نابزوێ.. تا خۆر دێت بەر شەقی دەدات.. تـەنها خۆیـان لـەم ڕازو نیازانـە، لەم ڕەمزو ڕەمز کاریە تێ دەگەیشتن.. هەموو شـتێکیان پاس کرد.. پێنج شەمەم ئاهەنگی مارە بڕین دەسـت پـێ

دەکات.. ڕێبوار وئەسرینیش دەعوەت دەکەن.. کاک کەیوان دەرفەتی نیە ئەگینا دەبوو ئەویش بەژدار بێت..

گرنگ نیە.. خوا پاداشتی بداتەوە ئەویش نەوەستاوە.. نازانێ وەستان هەیە..

تەلەفون بەچاوەڕوانی پێنج شەممەوە کۆتایی پێ هات..

دواتر بڕیاری دا تەلەفون بۆ نەسرینیش بکات.. چونکە ئێستا دڵی پێی خۆشە..

*** *** ***

پاش چەند ساتێکی کەم نەسرینیش لەسەر خەت ئامادە بوو، هەر دووخوشک، هەردوو هاوڕێی تەمەن، بەیەکەوە دەستیان بەقسان کرد..

قسەکانی نەسرین هێور بوون، شەکەتیەکەی نیوەڕۆیان پێوە نەمابوو.. بەتامەزرۆوە دەدوان.. ڕۆژگار باسی ژیانی لەمەو دوای بۆ دەکرد.. نەخشەی بۆ دادەنا..

باسی ئەوەی بۆ دەکرد کەچۆن دڵی مێردەکەی ڕابگرێت، چۆن هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکات.. بۆ ئەوەی سەربەرزانە بتوانێت بژی..

دواتر پرسیاری لێ کرد..

-((نەسرین گیان.. ئێستا خۆ بەختیاری..؟))

-((زۆر.. زۆر..))

-((ڕێبوار چۆنە..؟))

-((ئەو کوڕەیە کە خەونم پێوە دەدی..؟))

-((سوپاس بۆ خوا..))

-((سوپاس بۆ خوا..))

-((نەسە گیان.. مژدەیەکی خۆشت بدەمێ..؟))

-((یاالله.. خێر بێ..))

-((ئەم پێنج شەممەیە ناهەنگی ماڕەبڕینەکەمە..))

-((تۆخوا بەڕاستە..؟))

-((بەڵێ..؟))

-((بەڕاستی مژدەیەکی خۆش بوو..))

-((ان شاء الله دواتر بەڕەسمی دەعوەتان دەکەم..؟))

-((ان شاء الله..))

دوایی شەش دەقەی دیکەی قسە کردن، تەلەفونەکەیان قوفڵ دا..

تا ڕۆژی پێنج شەممە هەموو شتێکیان ئامادەکرد.. هەردوو بنەماڵە لەهاتوو چۆدا بوون.. شەربەت و ساردی و مەلاو دەعوەت نامەو کورسی زۆر ئامادەکرا.. هۆڵەکەی ماڵی ڕۆژگار فراوان بوو..کورسیەکانیان ڕیزکرد لای عەسر ماڵەوەیان پڕبوو لەمیوان..

نەسرین و ڕێبوار هاتبون..

شەهلاو وەستا عەلی و یوسف هاتبون..

ماڵی سۆران هەموویان..

ماڵی مامی ڕۆژگار هەموویان..

میوانەکان هەموویان ناوخۆ بوون، کەسی بێگانەیان تێدانە بوو..

سۆران و ڕۆژگار لەسەر دووکورسی و لە تەنیشتی یەکتریەوە دانیشتبوون.. هەموو گیانیان هەرخەنین بوو.. هەر دابەشکردنی خەندەبوو بەسەر ئامادەبوان دا..

مەلا کاری مارەبڕینەکەی ئەواو کرد.. وەلێ ئەوەی کوتوپڕی بوو، بەلای مەلا و هەموو ئامادە بوانەوە.. داواکاریەکەی ڕۆژگار بوو.. داوای کرد لەسەر قورئانێک مارەببڕدرێت و ژیرانە باسی خیکمەتەکەیشی کرد..

هەلا سەرسامی قسەکانی بوو.. نەیدەزانی خۆی مەلایە یان کچەکە.. تانێستا کچی وای نەدیوە لەکاتی مارەبڕیندا، هێندە وریا و زیرەک و بوێر بێت و ئابەم شێوەیە ڕوبەڕوی کەندەلانی مارەبڕین بوبێتەوە..

ئەمە چۆن کچێکە..؟

لەقولایی دڵیەوە ئاواتە خواز بوو، ژنی کوڕەکەی خۆی بوایە، نەخێر خۆی نەگرت و بەدوای وتارەکەی ڕۆژگاردا، ئەویش وتارێکی داو ڕاسی ئەوەی کرد کەلەمێشکیدا گەلاڵە بووبوو..

لەکۆتایدا.. مارەیی ڕۆژگار بووبە قورئانێک..!!

پاشان خەڵکەکە ڕێز بۆن بۆ پیرۆز بایی لێ کردنیان.. یەک یەک دەهاتن.. لەسەرەتادا.. باوکی سۆران ودایکی و بەختیاری براو.. دوایی هەمەڕەشید وئامینەو مامەی ڕۆژگار و مامۆژنی و منداڵەکانی دی..

پاشان وەستا عەلی و شەهلا..

ڕێبوار و ئەسرین خۆیان دواخست.. لەدوای هەموو میوانەکانەوە هاتن.. کاتێک نزیک بوونەوە، میوانەکان بۆیان دەڕوانین..

ڕێبوار سۆرانی لەباوەش گرت و ئەملاولای ماچ کرد.. ئەسرینیش ئەملاو لای ڕۆژگاری ماچ کرد.. ڕێبوار پیرۆزبایی مامۆستا کەیوان و بڕووتنەوەی ئەرقەمی لێکردن.. پاشان گوتی:

-((ئەم دیاریە چکۆلانەیەمان لێ وەربگرن..))

پاکەتێکی ڕەنگاو ڕەنگ بوو کاتێک هەڵیان پچڕی شەش تاک بازنی تاڵتون بوو.. سۆران و ڕۆژگار پڕبەدڵ سوپاسیان کرد.. ڕێبوار گوتی:

-((ئیادەی ئەسرین بیکەرەوە قۆڵی مامۆستا ڕۆژگار..))

ڕۆژگار لەوشەی مامۆستاکەدا سەری شەرمی دانەواند.. ئەو وەسفەی پێ خۆش نەبوو، وشەی مامۆستای تەنها بەشیاوی کاک کەیوان دەزانی، نەک خۆی..

میوانەکان هەموی تەماشای ئەو دیمەنە پڕ لەئەڤین و هاوڕێیەتی و سۆزانەیان دەکرد..

وەستا عەلی و شەهلا شانازیان دەکرد بەزاواکەیانەوە، یەکەم کەسە، دیاریەکی واگەورە لەئاهەنگەکەدا پێشکەش بکات..

شەهلا بەوەستا عەلی دەگوت:

ـ((ماشاء اللە.. لەزاواکەمان.. چەند دەست فراوانە..))

ـ((کوڕی چاکە.. لەخوا بەزیاد بێ..))

نەسرین بازنەکانی کردە قۆڵی ڕۆژگار و دیسان ئەملاولای ماچ کردەوە..

پاشان ساردیو شەربەتیان هێناو دابەشیان کرد.. شیرینیشیان هێنا..

لەدوایشدا چەندین ڕەسمی پۆستکارتیان گرت.. میوانەکان دەهاتن و، دوو دوو سێ سێ، ڕەسمیان لەگەڵدا دەگرتن..

ڕێبوارو نەسرینیش هاتن و هەردوو تازە خێزانەکەی بزووتنەوەی ئەرقەم، بەیەکەوە ڕاوەستان چەندین ڕەسمیان گرت..

پێش مەغریب، هێدی هێدی میوانەکان سوک بوون مال ئاواییان دەکرد.. لەدوای هەموویانەوە، ڕێبوار و نەسرینیش هاتنەدەرەوەو مال ئاواییان کرد..

سواری بەرازیلیە سپیەکە بوون دوو بەدوو بەرەو مال بوونەوە..

*** *** ***

بۆ سبەینێ، تاقی بەیانی کەیوان لەمال هاتەدەرەوە و بەرەو مالی سۆران ڕێگای گرتە بەر. لەمەلبەندی پاسەکان ڕاوەستا، پاسێکی دڕێژ هات و سوار بوو، ڕڕبوو لە خەڵک.. بەتایبەتی لاوان..

پاسەکە جوڵا چەند قۆناغێکی بڕی.. چەند نەفەرێک لەسەر جادەکە کۆبوونەوە.. پاسەکە وەستا.. نەفەرەکان سەرکەوتن..

یەکێک لەوانە کچێک بوو.. بالا بەرز.. قول ڕووت.. تەنوورەکەی لەو دیوی ئەژنۆیەوە بوو.. کراسێکی قۆڵ کورتی لەبەردا بوو.. قژی قات قات کردبوو.. لێوەکانی یەک تەبەق سوراو بوون.. کورسی نەما بوو دابنیشێ..

دوو گەنج لەپێش کورسیەکەی کەیوانەوە دانیشتبوون، بەدەم و چاویانداا دیار بوو چین.. دیار بوو لەکام چینن دیار بوو پەروەردەی چ جۆرە ئاکارێکن.

هەستانەوە لەبەری:

ـ((فەرموو.. فەرموو لەجێگاکەی منداا دانیشە..))
ـ((سوپاس..))

نیدی دانیشت و یەکێک لە دوو گەنجەکەیش دانیشتن.. کەیوان وەکو دیمەنێکی شانۆیی دەهاتە پێش چاوی..

هەرسیانیان دەوری سێکەسی هەلخەلەتاودەبینن.. دەوری سێ مرۆڤی کەلاوەی هەلوەریو دەبینن..

ئەم کچە بۆ ئاوا خۆی ڕووت کردۆتەوە..؟
ئەم پرسیارە لەمێشکی کەیواندا گزنگی دا..!!
ئەی ئەم دوو گەنجە کلۆلە بۆ ئاوا ڕەفتار دەکەن..؟
ئەم پرسیارەیش هەژاندی.!

بەڕەگی ئەم کێشەیەدا چوویە خزارەوە.. بناغەکەی کرد بەزەریایەک و عەقڵی تێدا کرد بەمەلەوان.. بەرهەمەکەیشی کرد بەسارایەکی عادی و داخەکانیش بەزریان..

لەم خەیاڵانەدا بوو، پاسەکە وەستا، پیرەژنێکی بەساڵا چووی پشت کۆماوە، سەرکەوت.. وەلێ بەهەزار حاڵ.. کەس بەخێر هاتنی نەکرد.. کەس تەماشای نەکرد.. لەوانەیە پێیشیان ناخۆش بووبێت، پیرەژنێکی ئاوا سوار بووبێت..

کەیوان دیمەنەکەی پێشترو ئەمەی بەراوردی یەکتر کرد ئەگەر لەبەر ڕێزگرتن بێت ئەم پیرەژنە شیاوترە جێگای بۆ چۆڵ بکرێت.؟ ئەگەر لەبەر لاوازیە، دیسان هەقی ئەمە..

ئەگەر لەبەر هەر شتێک بێت.. هەر شتێک.. بەهەر یاسایەک.. چگەلەفەوزای بێ ڕەوشتی.. هەقی پیرێژنەیە.. جێگای بۆ چۆڵ بکرێت..

کەس ناجوڵێ..

کەسێ نیە گوێی لەبانگی زوڵاڵی ئەم هەقە بێت.!

کەسێ نیە، هەوری ئاسمانی بووبی بگرمێنێ و هەستی بۆ ئەو پیرێژنە کڵۆڵە ببزوێ..

تەنها لێپرسراوی بزووتنەوەی ئەرقەمی کوڕی ئەرقەمی مەخزومی نەبێت..

لەجێگاکەی خۆی هەڵسایەوەو گوتی:

ـ((دایەگیان..دانیشە..))

ـ((ئاخر چۆن..))

ـ((دانیشە دایە.. دانیشە..))

ـ((ئەی خوا دەست بەعومرتەوە بگرێ..))

پیرێژن دانیشت و ئەم بەپێوە وەستا.. ئیدی وایە..

لەکۆمەڵگەی جاهیلی دا، هەق دەکرێت بەناهەق و ناهەق دەکرێت بەهەق..

پاسەکە گەیشتە نێو بازار..دابەزین.. کەیوانیش دابەزی.. نێو بازاڕی چی!!

دەڵێی ناوچەی مۆحەرەمەیە وەکو بەعەس هەمیشە دووبارەی دەکاتەوە.. هەردوو هەنگاو دەنێت و، جل سەوزێک بەموزەلیەکەوە، ڕاوەستاوە دەڵێت

ـ((هەویەکەت..))

کەیوان تاگەیشتە لای پاسەکانی کارێزەوشک، نزیکەی حەوت جار داوای هەویەیان لێ کرد..

نەیدەزانی لەسەر چیە.. وەلێ دیارە شتێک هەیە.. لەوانەیە لێپرسراوێکی حزبی بەعس سەردانی شار بکات.؟

لەوانەیە سەرکۆمار خۆی بێت..؟

لەوانەیشە هەوالیان بیستبێت، کە ئەمڕۆ لەنێو شاردا پێشمەرگەکانی شاخ، شتێک بکەن..

کەیوان پێکەنینی بەم بۆچوونەی دوایی هات.. لەدڵی خۆیدا گوتی:

ئەگەر جاران بوایە.. تا.. بەڵام نێستا ئەو شاخە کەی پێشمەرگەی بەستەزمانی پێوە ماوە..؟ مەگەر بەعس، وەکو درندە، کیمیاباراني ئەو هەموو نازادی خوازانەی نەکرد..؟ چما کەسی پێوەماوە.؟

جگە لەوەیش.. پێشمەرگە کوڕی شەون.. بەڕۆژدا ئەو جۆرە چالاکیانە ئەنجام نادەن..

لەنقلیاتی کارێزە وشک، سواری پاسێکی پۆلەنی بوو.. دوای پێنج دەقە پاسەکە پڕبوو.. بزوا..

دیسان پاسەکە سێ و چوار گەنجی دیکەی لەوانەی پێشوی تێدا بوو.. یەک دوو کچی جوانی سفوریش..

گەنجەکان قسەی سەرو خوار و بێ مانایان دەکرد.. تەنها لەبەر ئەوەی کچەکان پێبکەنن بۆیان..؟

ئەمە چ جۆرە جاهیلیەتێکە..!!

ئەو ڕۆژەی بەبیر هاتەوە کەکوڕێکی گەنجی وەکو ئەمان، دەستی بۆ ئافرەتێک برد لەنێو بازاڕدا.. کچەلێی ڕادەپەڕێ و دەیداتەبەر تف و جنێو و قسەی ڕەق.. خەڵکی کۆدەبنەوە لێیان.. کەیوان خۆیشی لەوێ بوو.. لەگەڵ ئەوەیشدا کوڕە دەیویست کچە بەدرۆ بخاتەوەو تاوان باریشی بکات..

کوڕی کورد کەی ئاوای لێهاتووە..؟

کەی دەستی درێژ کردووە بۆ کچی کورد..؟

بەبانگی ئاشکرا..

بەڕۆژی نیوەڕۆ..

ئەم گەلە کەی دەبێت بیرێک لەم حاڵەی خۆی بکاتەوە.؟ کەی ئاورێک دەداتەوە بەڵای ڕابووردوی پڕلەسەروەریدا..؟

پاسەکە گەیشتە تەنیشت مااڵی سۆران.. ئەم دابەزی..

مااڵی سۆران لەسەر جادەکەبوو.. خانوویەکی زەرد.. جەوشەیەکی بچوک.. چەند درەختێک لەحەوشەکەدا،

سەریان بەرز کردۆتەوە.. دەڵێی بۆ فریشتەی ئاسمان دەڕوانن.. دەڵێی لەگەڵ باڵداڕە ئاسکەکاندا دەدوێن..

وەڵێ یازوخ، لێزەری چاوەکانی خۆری نیوەڕۆ، بەیەک چلاپە چقێکی بزەکانی، چاپوکانە، هەڵدەفڕێنێت و، چاتۆڵێکی غەمگینی بۆ هەڵ دەدات..

کەیوان گەیشتە بەر دەرگاکە.. تەماشایەکی ئەملاوەی خۆی کرد.. وێستی بزانێ، جاسوسەکانی بەعس، لەم دەوروبەرەدا هیچیان لە باری فەرژاندندا نین..

کەس دیار نەبوو.. تەنها دوو منداڵ نەبێ.. تۆپێکی سپی باغەیان پێ بوو، یاریان پێ دەکرد.. دوو منداڵەکە وەکو بوخاری و موسلیم وابوون..

دەستی ڕاستی بەرزکردەوە و پەنجەی نایە سەر زەنگەکە، ژاوەژاوێک لەژوورەوە بەرز بوویەوە، دەنگی زەنگەکەبوو.. لەبەر دەرکێدا بە چراخانەوە وەستاوە چاوەڕێی کرانەوەی دەکرد..

دەنگی ناخۆشی ئۆتۆمبێلەکانی سەر جادەکە زبریەکی لەمێشکیدا دروست کردبوو.. بەڕاست ئەم مالانە دەتوانن لەژێر پاڵەپەستۆی بەردەوامی ئەم گرمە

گرمانەدا بسرەون..؟ بڵێی چی شتێک نەتوانێ نەم بڕینی حەوانەوەیەیان تیماربکات..؟

شڵپە شڵپی نەعل لەودیوی دەرگاکەوە هات.. دەرگاکە کرایەوە.. بەختیاری برای سۆران بوو.. بەختیار پڕ بەشعوری بەخێرهاتنی کەیوانی کردو یەک دنیا سۆزی وەک چڵۆی هەڵڕژاند بەسەریدا..

وەڵێ سۆزی نەو لەکوێ دەگاتە لەیلانی نەڤینی کەیوان..

نەخێر.. ناگات.. زۆری ماوە..

کەهەردووکیان، هامڕازی یەکتری بوون، ئیدی نەم پرسی:

ـ((کاک سۆران لەماڵەوەیە.؟))

ـ((بەڵێ.. تۆ جارێ فەرموو.. وەرە ژوورەوە..))

هەردووکیان چونەژوورەوە.. گەیشتە ژووڕەکەی سۆران، بەختیار گوتی!

ـ((کاکەم لەحەمامە.. ئێستا دێتە دەرەوە..))

ـ((پەلەی لێ مەکە..))

ـ((دەمێکە لەژوورەوەیە.. ئێستا لێ دەبێتەوە..))

ـ((زۆر باشە.. بەڵام تۆ پەلەی لێ مەکە..))

ـ((چاکە.. انشاء الله..))

باوک و دایکی سۆران هاتن و بەخێر هاتنی کەیوانیان کردو پاشان گەڕانەوە..

کەیوان لەتابلۆکەی بەرامبەری وردە بوویەوە، گوڵەگەنمەکان هەڵساونەتە سەر پێ.. تاچاو بڕەکات هەر گوڵە گەنمە.. پاشان شاخێکە.. خۆرەکە تازە لەتاسۆی شاخەکەوە بەقەد نیوبستێ هاتۆتەدەر.. دنیای نێو تابلۆکە سورێکی کاڵە..

کەیوان لەنێو تابلۆکەدا، وەکو ڕێبوارێکی شەیدا ونبوو.. چڤیک چۆن هەڵدەفڕێ.. هالۆ.. هەڵفڕی.. شەماڵ چۆن هەڵدەکات.. هالۆ.. هەڵی کرد.. بەفر چۆن دادەکات.. هالۆ..دای کرد..

لەدیدەکانی نەو تابلۆیەدا، هاندەری زۆر بیری نێو میێشکی دەبینی.. قوتابیەکان.. گوڵە گەنمەکانن.. ئەم ڕەنگە سورەیش.. نەو خوێنەیە کەلەمەو دوا و، دەڕژێتە سەر جەستەی بزووتنەوە خواناسەکەیان.. شاخەکەیش.. ڕەمزی نەبەزین و کۆڵ نەدانە.. هالۆ.. هالۆ..!!

بەختیاریش ژیرانە لەم وردە بوونەوەو لێکۆڵینەوەی کەیوان گەیشت، بۆیە نوتقی لەخۆی بڕی هیچ مەسەلەیەکی نەهەژاند..

حەزی دەکرد دەروازەی هەندێک پرسیار بکاتەوە.. بۆ ئەوەی سودێک وەربگرێت.. ئاخر هاتنی کەیوان بۆ ئەم هەلێکی باشە.. بەڵام یازوخ کەیوان هەر جەستەی لێرەیە.. ڕۆحی لێرەنیە..!!

لەولای ئەوتابلۆیەوە، تابلۆیەکی دی هەڵواسرابوو، دەختێکی گەورە گەورە.. منداڵێکی جل ڕەش.. سەرقژل و سەر ئەژنۆ پێنەکراو، دەستی داوەتە بەر ئەژنۆیی و دانیشتووە.. هەرچی گەڵای دەختەکەیش هەیە.. بەردەوام دادەبارن بەسەریدا..

ئای لەم دنیا نا گەوارە..؟

ئای لەم مەملەکەتە ناوازەیە..؟

ئای لەم تابلۆ ناگەوارە..؟

ئەمە چ جۆرە ترازیدیایەکە..؟

کەیوان.. لەچاوەکانی ئەو تابلۆیەدا.. زۆر شتی دەبینی.. مێژووی ئەو منداڵە چکۆلە هەژارە، لەکیشوەری هزریدا، وەکو شاپوراخێکی بریندار، دەژولا..

واتێگەیشت.. ئەم منداڵە باوکی نیە.. دایکیشی نیە.. براکانی مردوون.. خوشکەکانیشی مردوون.. بەتەنیا خۆی ماوە.. هالۆ..

مرۆڤەکانیش دەریان کردووە.. کەس ڕازی نەبووە لەنامێزی بگرێت.. کەس ڕازی نەبووە دڵ نەوای بکات و دەستێک بێنێ بەسەریدا و دوو دڵۆپ فرمێسک بۆ ئازارەکانی بڕێژێت.. هالۆ..

کەمرۆڤەکان لەناستی منداڵێکی ئاوادا شعوریان بوو بەخاکێکی ڕۆتەن و چڵە گیایەکی بەزەیی لێ نەڕوا..

کەمرۆڤەکان لەناستی منداڵێکی ئاوادا، هەموویان بوون بە پێڕێک یەکانەو مالۆس و، مرۆڤایەتی خۆیانیان، دۆڕاندو نابووت بوون..

ئیدی سروشتی پاک و بێ گوناهو پڕلە عاتیفە.. بۆ ئازارەکانی، بۆ هەتیوێکەی، هەژا..

ئەها ئەم درەختە گەورەیە.. هەر وەکو دایکی خۆی، فرمێسکی گەلا دەبارێنێت بەسەریدا..!!
ئای لەم دنیا ناگەوارە..؟

((سەلامو عەلەیکم..))

ئەم سەلامە.. بەیەک چرتک، دنیا ئەرخەوانیەکەی تێک دا، هێنایەوە بۆ نێو ژوورەکە.. ئەمە سەلامی سۆران بوو.. کەیوان وەرامی دایەوەو هەڵسایەوە لەبەری، لەباوەشی گرت و ئەملاولای ماچ کرد..

بۆنی جەمامی لێ دەهات.. سالۆرانە چەند وشەیەکیان گۆڕییەوە..

ـ((هاتووم بڕ بەدڵ پیرۆزبایی لەتۆ و لە ڕۆژگاریش بکەم.. هیرادارم ببنە خێزانێکی نیماندارو دڵسۆزی ئەم دینە.. خوای گەورە بتان کات بەخێزانی یاسری ئەم سەردەمەو ئەم شارە..))

ـ((خوای پەروەردگار پاداشتی چاکەی تۆیشن بداتەوە ئێمە بەتۆوە کارمان بۆ دەکرێت.. تاتۆ ببیت.. ئیتر ئێمە هیچ شتێکمان ناوێت.. تۆمان بەسە..))

ـ((ئەمە ڕێزی خۆتانە.. ئەگینا من وانیم.. پاکینەتی خۆتانە.. هاوکاری خوایە.. من دەجولێنێ.. ئەگینا من چیم..))

پاشان هەردووکیان دانیشتن.. بەختیاریش دانیشت.. گوتی:

ـ((مامۆستا کەیوان.. یارمەتی هەیە.. چەند پرسیارێک بکەم..))

ـ((فەرموو.. بەی بۆ یارمەتی نیە.. تاسەعات دە لەخزمەتاندام..))

ـ((خزمەت لەئێمەوە..))

ـ((فەرموو..))

ـ((ئەوەی ڕاستی بێ هەندێک پرسیاری عەقائیدیم هەیە..))

بەختیار، زانیی پرسیارەکانی یەک لەدوای یەک، قەتارەی پێ بەست و، کەیوانیش یەک لەدوای یەک، فرمێسکی وەڵامەکانی هەڵڕژاند بەسەریدا..

چۆن دەیسەلمێنی خوا هەیە..؟

چۆن دەیسەلمێنی قیامەت هەیە..؟

چۆن دەیسەلمێنی ئیسلام و زانیاری دژی یەک نین..؟

چەند پرسیارێکی دیکەیش..

بەختیار ئیمانی تەواوی بەم مەسەلانە هەبوو، بەڵام دەیویست زانیاریەکی زۆرتریان لەبارەوە وەرگرێت.. چونکە لەنێو لاواندا بووە بەباسی ڕۆژانە..کاتێک کەیوان لەنافسەری ڕۆشنبیریە گشتیەکەیەوە، چوار دەوری پر پرسیارەکانی بەوەرامی بابەتی زانستیانە دەتەنی، ئیدی

بەختیارییش دەبوو بەو ژاژەلانەی کەنەسیمێک دەی هێنێتە سەما..

هەرلەم کاتەدا بوو تەلەفونەکە دەنگێکی لێ بەرزبووبەوە ڕێک وەکو هاژەی سنگی ئەو مرۆڤەبوو، کەبەتەوژم سەرسای دەبێ و ئاو لەلوتی دێتە دەرێ..

کەیوان گوتی:

-((خێربێ..))

سۆران گوتی:

-((خەیر دەبێت.. ان شاء الله..))

-((کێ بێ..))

سۆران بەپێکەنینەوە گوتی:

-((یارۆژگارە.. یان کاک ڕێبوار..))

بەختیار چوویە دەرەوە هەندێک ئاو بێنێ و سۆرانیش سەماعەکەی هەلگرت.. ڕۆژگار بوو، کەیوان گوتی:

-((کامیانە..))

-((ڕۆژگارە..))

ڕۆژە لەوێ گوتی:

ـ((سۆرەگیان.. کێ لەوێیە..؟))
ـ((مامۆستا کەیوان..؟))
ـ((بەڕاستە..؟))
ـ((بەڵێ..؟))
ـ((دووقسەی لەگەڵدا بکەم..؟))
ـ((هەر نێستا..؟))

سۆران گوتی:

ـ((کاک کەیوان ڕۆژە دەیەوێت لەگەڵتا بدوێن..؟))

کەیوان سەماعەکەی وەرگرت.. پاش سەلام و پیرۆزبایی..

گوتی:

ـ((دەرسەکانت چۆنە..؟))
ـ((زۆر باشە..؟))
ـ((تا نێستا هیچ کێشەیەکت بۆ دروست نەبووە..؟))
ـ((نەخێر..؟))
ـ((چەندن..؟))
ـ((پێنج گولاڵە..؟))
ـ((ناویان چۆن دەدەیت..؟))
ـ((تاک تاک..؟))

ـ((واباشە.. زۆریش باشە.. هەر بەتاک ناریان بدە..؟))

پاشان سەماعەکەی دایەوە بەسۆران.. دوای هەندێک ڕازی ڕۆح، تەلەفونەکە تەواو بوو.. بەختیاریش ناوەکەی هێنا..

تا سەعات دەی پێش نیوەڕۆ، کەیوان لایان مایەوە، پاشان هەڵسایە سەر پێ.. سۆران پێی گوت:

ـ((کاک کەیوان.. ئەگەر دەکرێت ئەم نیوەڕۆیە لای ئێمە بمێنەرەوە..))

ـ((ناکرێ..))

ـ((هەر چۆنێک بووە..))

ـ((نابێ..))

ـ((زۆر زۆرمان پێ خۆشە..))

ـ((منیش زۆرم پێ خۆشە..))

ـ((دەی..))

ـ((ئاخر ناکرێ..))

سۆران لەپێ داگرتن لەداواکەی زۆڤان بوویسەوە، حەتمەن کاری پێویستی هەیە، ئەگین دەمایەوە.. بۆیە تابەردەرگا لەگەڵیا هاتن و بەڕێیان کرد..

کەیوانیش، وەکو جۆگەیەکی عاشق، بەرەو هەواری ژوانەکەی، وەکو شەهێن چۆن هەڵدەفڕێ.. هاڵۆ فڕی و لەچاوەکانی سۆران و بەختیار ونبوو..

١٧

جاری یەکەم نامەی بزووتنەوەی ئەرقەم گەیشتە سەرجەم مەڵبەندەکان، بەڵام هیچ، خۆیان بە فیلیمێکی پاتک پانی زەبەلاح دەهاتە پێش چاوان و نامەکانیش بەگیزە گیزی مێشولە..

جاری دووەم، نامە گەیشتەوە مەڵبەندی تازەی لەڕەوشتی مرۆڤانە، وەلێ لەهزری ئەواندا، نامەکان تەنها کۆمای بابوسکە بوون و، بەهەنای بایەکی سوکەڵە، دەڕۆن بەئاسماندا..

زمانی جاری سێیەمی نامەکان، چۆن کلپەی هاتە ڕێ مەرگی تۆقێنەر بوون، وشەکانی زریکەو نالەی گرکان و لۆرەی بەسامی ڕەشەباکەی شار بوون.. دیار بوو خارای بەجامالگەکردنی ئەو دەقەرانەی پێوەیە.. سەرەتای نامەکان لێیان نووسرابوو..

بسم الله الجبار المنتقيم

هەریەک لەم وشانە، بوونی ئەندامانی ڕاوێژی ڕادەوەشاند، جەستەیان دەلەرزی.. قەناعەتیان وا بوو، هەر بەگەیشتنی ئەم نامانە، هەموو شتێک کۆتایی دێت و دەرگای ئەو کارە ناڕەوایانە دادەخرێت..

بەیانیەکی زوو بوو، هێشتا خۆر هەڵ نەهاتبوو، جادەکانی شار چۆڵ بوون دوکانەکانیش داخرابوون، هەورامان و چەند قوتابیەکی دی، کە هەمووبان لەتەمەنی خۆیدابوون، لەبەردەمی سالۆنەکاندا وەستابوونو، هەریەکەیان بەئەسپایی نامەکەی ڕێ دایە نێو سالۆنەکەوەو، پاشان هەروەکو نەبای دیبێ نەباران، بەڕێگەی خۆیاندا ڕۆیشتن..

حەوت رۆژی رەبەق، کەیوان چاوەڕوانی کردن، تا بزانێ ئەو فاسیدانە دەست لەو تاوانە گەورانە هەڵدەگرن یان.. نا..

لەماوەی ئەم حەوت رۆژەدا، هەر بیست مەڵبەندەکەی خستە ژێر چاودێریەوە، لەقوڵایی دڵیەوە، لەخوای گەورە دەپارایەوە، ئەو کەسانە بەئاگا بێنەوە و دەست لەو تاوانانە هەڵبگرن، تا بزووتنەوەی ئەرقەم، تالاویان نۆش نەکات و لەوێش دۆزەخێکی هەتا هەتایی..

ئاخر کەیوان هەر جارێک بیری لەژیانی دنیا و ئاگری دۆزەخ دەکردەوەو لێیان ڕادەما، ئیدی دەموچاوی زەرد هەڵدەگەڕاو ڕەنگ و ڕوخساری تێک دەچوو.. لەبەر خۆیەوە چەندین پرسیاری دەکرد..

مرۆڤ.. ئاخ مرۆڤ.. تۆ چیت..؟ پێم نالێیت تۆ چیت..؟ ئەم بێ ئاگاییەت لەچی..؟ ئەم خۆخەڵەتاندنەت لەچی.. تۆ لەکوێ بەرگەی سوتانی هەتا هەتایی دەگریت..؟ ئاگر..!! ئاگر..!! ئاگر..!!

ناوی ئاگر، دەیکرد بەیەک پارچە بەزەیی، حەزی دەکرد هەموو ئینسانەکان ببنە موسڵمان و ڕێگەی

ئیسلامەتی بگرن و نەبنە سوتەمەنی ئەو ئاگرە.. بۆ نەوەی جەستە و رۆحیان ژیانی جاویدانی لەنێو سنگی ئاگردا پێ نەبەخشرێ..

بەڵام چی بکات..!! ئەوە جەوت رۆژەکە تێپەڕی و سااڵنەکانیش زیاد لەجاران لاوانی کورد بێ ئەخلاق دەکەن و توشی زینا و سەدان نەخۆشی تریان دەکەن.. کەواتە ئەمانە سوڕن لەسەر بڕیاری خۆیان سوڕن لەسەر جێبەجێ کردنی ئەو ئەخشانەی کەبۆیان کێشراوە، ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت کەپاڵپشتیان قایمە حکومەت پاڵپشتیانە.. کەیوان وابیری دەکردەوە.. ئەدی ئێمە بۆچی سوڕنەبین لەسەر بڕیاری خۆمان..؟ بۆچی سوڕنەبین لەسەر جێبەجێ کردنی نەخشەکانی خۆمان؟ بۆچی جاهیلیەت لەئێمە نازانرە؟ ئەگەر ئەوان حکومەت پاڵپشتیان بێت، ئەوا ئێمە خوای خاوەن گەردوون و بەتوانا پشتیوانمانە..!!

خوا..

حکومەت..

جیاوازیان زۆرە..

حکومەت..

خوا..
خوا..
حکومەت..!!
کەواتە کێ دەیباتەوە..؟
هێزی خوا موتڵەقە..
وەلێ هێزی حکومەت سنور دارە.. خوای گەورە گەربیەوێت لەچاو تروکانێکدا، وردو خاشی دەکات..

کەواتە ئێمە دەیبەینەوە.. بەڵێ.. ئەی چۆن.. شەهیدی بۆ بەهەشتمان دەبات، ئەمە یەکەم ئومێدمانە سەرکەوتنی دینی خوایش بەختیاریمانە..

هەر کامیان بێت، هەر ئێمە سەرکەوتوو دەبین، هەر ئێمە دەیبەینەوە..؟

هەر ئەوانیش دۆڕاون.. هەر ئەوانیش ژێر دەکەون.. ئەمە بڕیاری خوای گەورەیە..!!

ڕۆژی یەکێ شەممە، سەعات دوونیوی پاش نیوەڕۆ، ئەنجوومەنی ڕاوێژ لەمالی کەیوان کۆبوونەوە، پاش خوێندنەوەی چەند ئایەتێک لە قورئانی پیرۆز، لێپرسراوی گشتی کۆبوونەوەکەی کردەوە و بەچرووپڕی باسی کێشەکەی بۆ کردن.

سۆران گوتی:

ـ((مامۆستا کەیوان.. ئیتر هیچ بیانوویەک بەدەستەوە نەما.. کاتی ئەوە هاتووە بیان تەقینینەوە..))

هەورامان:

ـ((تەواو.. ئیتر تەواو.. ناتوانین لەمە زیاتر دان بەخۆماندا بگرین..))

دارا:

ـ((کاری خەیر تاپەلەی لێ بکرێت چاکترە.!!))

دکتۆر لوقمان:

ـ((ئەوانە بوون بەژێر بێ رەوشتی و پارەوە، قەلاچۆکردنیان فەرزی عەینە..))

موسا:

ـ((چەند سالە خۆمان بۆ رۆژێکی ئاوا هەلگرتووە، کەی جاهیلیەت بکەوێتە ژێر دەست و پێمان..))

ئەکرەم:

ـ((کاک موساگیان دڵنیابە لەوەی، جاهیلیەت هەر دەبێ بەچۆکدا بێت، چونکە ئەمرۆی ئیسلام، بیلال و عەمارو خەبابی بۆ زیندووبۆتەوە، ئەوەتا جارێکی تر، لەماڵی ئەرقەمەوە ئیسلام دەردەپەڕێ و جڵەوی شۆڕش دەگرێتە دەست..))

ئەحمەد:

ـ((ان شاء الله، جڵەوی شۆڕش دەگرێتە دەست))

عەلی:

ـ((مامۆستا کەیوان.. قوتابیەکان هەمووبان حەماسەتیان لێ دەچۆڕێ.. دەفەرموویت چی.؟ چۆن بکەین! ئەخشەی ئێستامان چیە..؟))

کەیوان:

ـ((دەبێ سبەینێ کەدووشەممەیە، سەعات دووی پاش نیوەڕۆ، پێنج مەڵبەندیان بتەقێنرێتەوە..))

بۆران:

ـ((اللـه.. اللـه سـبەینێ سـەعات دوو، نـەو مەلبەندانـە دەبـن بەخۆلـەمێش.. سلێمانی لەبەعسـیان دەبێ بەدۆزەخ..))

هەورامان:

ـ((سبەینێ بەعسیەکان تێدەگەن کەهێشتا دەستێک ماوەو دەیەوێت لەگەرویان گیربێت و بیان خنکێنێت..))

دارا:

ـ((سبەینێ، سـەعات دوو، کورانـی قوتابخانـەی ئەرقـەم، شـار دێنێنەوەیـەک و وڕەو وزەو غـیرەت، جارێکی تر لەدڵی خەڵکیدا دروست دەکەنەوە..))

کەیوان:

ـ((پێنج ئەندامی تیپی شۆڕشـگێڕان، کەیەکـەمیان خۆم دەبم، یەکی ڕومانەیەک هەڵدەگرین و پێنج قوتابی دیکەیش لەدوورو نزیکەوە چاودێریمان دەکەن..))

دوای کەمێک بێ دەنگی گوتی:

ـ((دەبـێ سـەعاتمان پـێ بێـت و سـەعاتەکانیش میقـاتی یـەکتری بـن.. هـەموو پانتۆڵی ڕەش و دەڵـب.. کراسی سپی قۆڵ کورت و گۆرەوی سپی.. ڕیشی تاشـراو..

قژ دەبێت لەسەر تازەترین مۆدێل داهاتبێ.. تاکەس گومانمان لێ نەکات..

بۆ ڕۆژی دواتر سەعات نۆ لەمالی کاک سۆران کۆدەبینەوە، بۆ نەوەی بزانین، نەخشەی داهاتومان چۆن دەبێ.. ان شاء الله.))

قوتابیەکان:

-((ان شاء الله..))

★★★ ★★★ ★★★

نزیکی نۆژی عەسر بوو، نەندامان خوا حافیزیان کردو دوو دوو مالەوەیان بەجێهێشت.. بەچەند کۆلانێکی جیاجیادا پەرش وبلاوبوون.. لەنێوخانووە زۆرەکانی شارو خەڵکەزۆزەکەی شاردا ونبوون..

ئەم شارە گەورە دەڵێی زەریایە، هەموو شتێک قوت دەدات، هەمور شتێک هەڵدەلوشێ..

هەورامان و سۆران گەیشتنە بەردەمی مزگەوتی حاجی جەسەنی لۆکە و بانگی عەسر درا، لەبڵند گۆی مزگەوتەکەوە، دەنگێکی لەرزۆکی پیرانە، نوزە نوزی

بوو، دەتگوت گریانی تەو منداڵەیە کەتازە لەدایک بووە.. هەورامان و سۆران گوێیان لەچەند گەنجێکی موراهیق بوو، گاڵتەیان بەدەنگی کابرای پیرو بانگەکەدەکرد.

هەورامان:

ـ((دەڵێی چی عاقڵیان بکەین.؟))
ـ((هەقی خۆیەتی بەڵام))
ـ((بەڵام چی.؟))
ـ((یەکەم پرسمان بەمامۆستا کەیوان نەکردووە، دووەمیش سبەینێ کارێکی گەورەترمان هەیە..))
ـ((ڕاست ئەقەرمووێت..))
ـ((دەڵێی چی، نوێژی عەسر لەمزگەوتی حاجی حەسەنی لۆکە بکەین..))
ـ((زۆرم پێخۆشە..))
ـ((مەڵایش دەبینین..))
ـ((قسەیشی لەگەڵدا دەکەین..))
ـ((بابزانین چۆن دەبێت..))
ـ((بابڕۆین..))

ـ((فەرموو..))

گەیشتنە مزگەوت.. لەبەردەمی بەلۆعەکاندا ئۆخژنیان گرت و دەست نوێژیان گرت.. پاشان چوونە ژوورەوە.. هەمان مەلاو هەمان بانگدەرو هەمان پیر لەوێ بوون..

ئاااایی.. ئەمە ئەم مزگەوتەیە کەتیایدا دەرکران..! ئەو مزگەوتەیە کەنەیان هێشت قورئانی تیا بخوێنین..

جاران ئەبۆ جەهل بەمحمدی دەگوت، نابێ لەکەعبەدا نوێژان بکەیت، ئێستایش ئەم مەلایە بەکەیوان دەڵێت نابێ لەم مزگەوتەدا قورئان بخوێنیت.. ڕووداوەکان دووبارە دەبنەوە.. چیجیاوازیەک هەیە لەنێوان ئەم دوو ڕووداوەدا؟. هیچ..!

کەیوان هەمان دەوری محمد دەبینێت..
مەلایش هەمان دەوری ئەبوجەهل دەبینێت..
کەیوان محمد نیە..!!
مەلایش ئەبوجەهل نیە..!!
وەڵێ چسی بکەین.. دەورەکان وەک یەک وان.. دەورەکان کەیوان دەکەن بەمحمد و وەمەلایش بەئەبوجەهل..

نوێژی سوننەت تەواو بوو.. کابرای بانگدەر دەستی کرد بەخوێندنی ویردە بیدعەکان.. هەورامان بەسۆرانی گوت:

-((جەنابیان چەند نازان بۆ بیدعە کردن..))
-((ناخر..))
-((تەماشای مەلاکە..))
-((غەرق بووە لەبیدعەدا..))
-((سبحان اللە لەم مەلایە..))
-((ئەم جۆرە مەلایانە، دەیانەوێت بەکۆمەڵێک بیدعەی زۆر، دینێکی لارو وێر دروست بکەن و دینی ڕاستەقینەی خوای گەورە لەبیری خەڵکی بەرنەوە..))

-((بەگاڵتە نیە پێغەمبەر فەرموویەتی.. هەموو بیدعەیەک سەر لێ شێوانە، هەموو سەر لێ شێوانێکیش لەناگردایە..))

بانگدەر قامەتی کرد، مەلای جبەو تەرپوش، هەستایەوەو نوێژی دابەست، ئەمانیش بەدوایدا.. مەلا دەتگوت سواری نەسپێکی کوێتیەو لەسەحرادا غار دەدات.. کەمەنت بۆ هەڵدایەوە لەملی گیر دەبوو.. لەچەند چاوترووکاندنێکدا نوێژەکەی تەواو کرد.. کەلێ بوونەوەو، هەورامان تەماشایەکی سۆرانی کردو کەمێک

پێکەنی و، هەڵسان و هاتنەدەرەوە.. کەقۆنەرەکانیان لەپێ کرد، هەورامان گوتی:

ـ((قسەیشمان لەگەڵدا نەکرد..؟))
ـ((قسەی چی!!))
ـ((بۆ..؟))
ـ((بەس نەبوو، باڵی نەبەستین و تەسلیمی دائیرەی تەمثی نەکردین..))
ـ((لەدەستی دەهات..))
ـ((مەلای خراپ چەند زۆر بووە..))
ـ((مەلای باشیش زۆرە..))
ـ((زۆر نین..))
ـ((هەن..))
ـ((بەڵێ هەن..))
ـ((بەڵام ئاخ.. چاکەکان.. یان ئاوارەی شاخەکان بوون، یاخود لەبەندیخانەکاندان..))
ـ((دنیا پەرستەکانیشیان ڕادەبوێرن..))
ـ((مادەم قیامەت هەیە هیچ، ئیتر گوێیان مەدەرێ..))

گەیشتنە سەر جادەکەو سواری پاس بوون .. دوای حەوت دەقە گەیشتنە بەر دەرکی سەرا، نەم هەموو گەنجە چیە لێرەدا کۆبوونەتەوە..!!

بڵێی زەماوەند بێ..؟ یاخود تەعزیەی غیرەت و مەردایەتی..!!!!

تانزیکی ئێوارە لەوێ مانەوە و پاشان خوا حافیزیان لەیەک کردو هەریەکەیان بەرەو مالی بابی ڕۆیشتن، یەکەم کاری سۆران لەمالەوە، هەڵگرتنی سەماعەی تەلەفونەکە بوو چەند ژمارەیەکی لێ دا،

-((ئالو..))
-((ئالو..))
-((ڕۆژەگیان چۆنی..))
-((ئا!!.. سۆران.. تۆی..))
-((بەڵێ..))
-((بەڕاستی بێ ڕەحم بوویت))
-((من.؟))
-((بەڵێ..))
-((بۆ..))
-((نازانی.؟))
-((نەخێر..))

ـ((باشه لەکەیەوە تەلەفونت نەکردووە..))
ـ((لەکەیەوە..))
ـ((بەڵێ..))
ـ((لەڕۆژی هەینیەوە..))
ـ((کەواتە لەڕۆژی هەینیەوە من و تۆ قسانمان نەکردووە.. جابزانە بێ ڕەحمیت یان نا.؟))

ـ((وانیە..))

ـ((جاران ڕۆژێک یەکتریمان نەدیبایە، شێت دەبووین.. نازانم بڵێی ئێستا خۆشەویستیەکەت کەم کردبێ..))

ـ((هەرگیز گومانی وا بۆ خۆت دروست نەکەیت.. دڵنیابە لەوەی کەئێستا خۆشەویستیەکەمان، بەقەدەر گەورەیی گەردوون و فراوانی گەردوون، گەورەو فراوان بووە..))

ـ((دەلیل..))

ـ((چونکە جاران خۆشەویستیەکەمان دنیایی بوو، بەڵام ئێستا قیامەتیە.. واتە بێ بڕانەوەیە.. هەتا هەتاییە..!!))
ـ((بڵێی بڕۆینە بەهەشت.؟))

ـ((ئومێدمان گەورەیە بە خوای گەورە..))
ـ((سۆرەگیان..))
ـ((بەڵێ..))
ـ((دەنگ و باس..))
ـ((مەسەلەی گوێزانەوەکەت شەو و ڕۆژ لەخەیاڵمدایە، بەڵام دەڵێم..))
ـ((دەڵێی چی..؟))
ـ((باخچەکە، چەند کارێکی خستۆتە ئەستۆم.. واز بێنە جارێ..))
ـ((بۆ.. چی بوو..))
ـ((سبەینێ سەعات هەشتی سەر لەبەیانی، وەرە بۆ بەردەم باخی گشتی، لەوێ باسی مەسەلەکەت بۆ دەکەم.. باشە؟))
ـ((ان شاء الله..))
ـ((خوات لەگەڵ..))
ـ((خوات لەگەڵ..))

★★★ ★★★ ★★★

تاریکی وردە وردە خزایە کۆڵانەکانی شارەوە و شەوی پڕلە ڕاڕای و گومانی هێنایەوە.. کەیوان لەگەڵ ماڵەوەو

هـەورامان لەگـەڵ مالـەوەو قوتابیـەکانی دیکـەیش هـەروەها.. ڕاڕا بـوون.. سـۆرانیش ڕاڕابـوو.. بـیری لەکارەکانی سبەینێی دەکردەوە..

دەبێ سەعات هەشت ڕۆژگار ببینێـت و مەسـەلەکەی لاباس بکات، ڕەزامەندی کەیوانیشی لەسەرە..

دەبێ سەعات نۆیـش ڕومانەکـەی وەربگرێـت لـەکاک عەلی..

دەبێت سەعات دووبش سالۆنەکە بکات بەنەشکەوتی دەنگدانەوە.

سەربان هەوایەکی فێنکی هـەبوو، نـەمیش بەپشـتاو ڕوو بـەئاسمان ڕاکشـابوو، لـەو دنیـا گەورەیـە ڕادەمـا، لەهەمـوو شـتێک ڕادەمـا.. وەلێ هیچـی نـەدەبینی سـێ کارەکەی سبەینێ نەبێ.. بڵێی سەر بگرن..؟بڵێی بگەنـە ئەنجام..؟

بڵێی کۆسپەکان ڕێگا نەگرن..؟

لەشەودا پرسیارەکان هەمیشە دووبارە دەبنەوە.. چـرۆ دەکەنـەوە سـەوز دەبنـەوە.. پرسـیارەکان سـەرچاوەیەکی گومانو ڕاڕایی لەدڵی خۆیدا دەتەقێتەوە.. تەقینەوەیەکی گەلێک مەزن و گەورە..

سۆران لەدوای کەشتێکی دوورو درێژی ئاسمان، هاتەوە سەر خۆی و بەئەسپایی دەستی کرد بەخوێندنی سورەتی مولک، دەیزانی هەموو ئەندامانی بزووتنەوەی ئەرقەم پێیش خەوتن ئەم سورەتە دەخوێنن..

دواتر خەوی لێ کەوت.. خەو داپۆشیت.. لەزاتی خۆیدا نوقەی کرد.. ژیان و ئینسانەکانی دیکەی دابڕی و، هێوریەکی دایە جەستەو ڕۆحی..

لای سەحەر وەکو بانگەرێک بانگی دەکات، بەخەبەر هات، هەموو شەوێک لەم ساتەدا، ئەو بانگ کەرە بانگی دەکات هەلسایە سەر پێ، خۆی گەیاندە خوارەوە، دەست نوێژی گرت و بەرمالەکەیشی دا بەشانیا.. گەڕایەوە بۆ سەرەوە بەرمالەکەی ڕاخست و لەبەر تیشکی ئەستێرەو مانگ و ئاسماندا دوو ڕکات نوێژی دابەست..

ئەگەر لەسۆرانت بپرسیایە شەوت بۆچی خۆش دەوێت، دەست بەجێ پێ ی دەگوتی، چونکە شەونوێژی تێدایە.. کەلەنوێژەکەی بوویەوە، دەستی بەرز کردەوە بۆ ئاسمان و بەکول گوتی:

ـ((خوایه گیان.. خوای پەروەردگار.. خوای گەردوون و ژیان و مرۆڤ.. خوای بەتوانا و زانا و دانا.. خوای ڕەحمی موتلەق و خۆشەویستی موتلەق، من و کاک کەیوان و کاک هەورامانت خۆش بوێت و، لەڕەحمی خۆت و خۆشەویستی خۆتدا غەرقمان بکە..

خوایە هەمرو ئەندامانی بزووتنەوەی ئەرقەمیش هەروەها.. خوای پەروەردگار، لەڕۆژگارەکەم خۆش ببە و وامان لێ بکە کەبتوانین خێزانێکی موسڵمان دروست بکەین و ببینە نمونەی خۆشەویستی و خێزانی ئیسلامی بۆ هەمرو کەسێک..

خوایە.. ئێمە تۆمان هەیە و تۆیش کافیت بۆ ئەوکەسەی کەدەتەوێ..)) دواتر خۆی کردەوە بەڕێز جێگەکەیدا و بەهێواشی بەبەختیاری بۆ گوت:
ـ((بەختیار.. بەختیار..))

بەختیار بەلای ڕاستیەوە خەوی لێ کەوتبوو.
ـ((بەختیار.. بەختیار..))
بەچاوی خەوالووەوە گوتی:
ـ((بەڵێ..))
ـ((هەستە..هەستە نوێژەکەت بکە..))

بەختیار هەر کەناوی شەو نوێژی بیست، لەجێگەکەی دەرپەڕی و بەرەو خوارەوە ڕۆیشت.. سۆران وای فێرکردبوو، خۆشەویستی شەونوێژی لە وجودیدا ڕواندبوو، بۆیە هەر بەبیستنی ناوەکەی پەردەی خەوی دەدڕاندو دەبوو بەمرۆڤێکی تر..

بەختیار دەست نوێژی گرت و هاتەوە سەرەوە.. پاشان نوێژی کردو هەندێک دوعای عاتیفەی کرد و گەڕایەوە نێو جێگەکەی خۆی و دیسان خەوی لێ کەوتەوە.

زەمەن، وەکو شەپۆلێکی تووڕەو هێور بوبێتەوە، ملی بۆ پێشەوە دەنا، لەسەر خۆی، بێ پەلەکردن، چۆن پاسە کۆنە دارزاوەکانی شار دەڕۆیشت، چۆن مامە پیرەپەکی گۆچان بەدەست هەنگاوی دەنا.. هەر چۆنێک بوو خۆری ڕۆژی دوو شەمە هەڵهات.. ئاخ لەم خۆرە سوتێنەرە..!!

جارێکی تر بازاڕ پڕبوویەوە لەخەڵک، خۆر هەڵهاتووە، وەلێ یازوخ، خەڵکی نێو بازاڕەکە هەر لەخەودان.. دەڕابەی دوکانەکانیان هەڵدەدەنەوە، وەلێ ئەفسوس هەر لەخەودان، جامخانەی دوکانیانەکانیان دەکەنەوە وەلێ جەخار هەر لەخەودان، مامەڵەی کڕین و فرۆشتن دەکەن وەلێ مخابن هەر لەخەودان.. ناااای لەم

خەوە ستەم کارە، زۆرداڕە نەفرین لێکراوە، چۆن چوار مێخەی ئەم خەڵکەی کێشاوە..!!

سۆران نانی بەیانی خواردو گەڕایەوە ژوورەکەی خۆی، تەماشای سەعاتی کرد، دیتی سەعات حەوتە، هێشتا یەک سەعاتی ڕێکی‌ماوە بۆ ژوانەکەی.. لەسەر قەنەفەکە دانیشت.. بەخۆی گوت!

((سەعاتێکم ماوە بۆلای ڕۆژگار.. بەچارەکێک دەگەمە ئەوێ.. باشە ئەم چل و پێنج دەقەیە چ کارێک بکەم زۆر باشە.. چ کارێک بکەم.. ها.. لەڕۆژی قیامەتدا گەورە گەورە لەبەر چاومدا بێ‌ڕ لەفایلی کردەوەکانمدا بۆم تۆمار کرابن..؟))

کەمێک وەستا و پاشان تێهەڵچوویەوە:

((باشەئەگەر ئەم چل و پێنج دەقەیەی من، ڕۆیشت و هیچ کارێکی خێرم تیادا نەکرد، ئەگەر ئەم گەردوونە مولکی من بێت و بیبەخشم، ئەو سێ چارەکەم بۆ دەگەڕێتەوە..؟ چی ی ی.؟ ها..!! بەڵێ، ئەو سێ چارەکەم بۆ دەگەڕێتەوە..؟ دەگەڕێتەوە..؟ بێگومان نەخێر..؟ ئەی دوو چارەکە..؟ نەخێر..؟ ئەی چارەکێکی..؟ ئەی پێنج دەقەی..؟ ئەی یەک دەقەی..؟ ئەی یەک

چرکەی..؟ نەخێر.. نەخێر.. کەواتە بالەدەستم دەرنەچێت.. مادەم بۆم ناگەڕێتەوە، بانەیەلم هەروا بڕوات. چی بکەم..؟.. باکتێبێک بخوێنمەوە..!! نا.. نا.. نەمە باشە.. بەڵام باشتر.. باهەندێک زیکر بکەم.. نەخێر.. باشتر حەدیس لەبەر بکەم.. نا.. نا.. باشە.. چی باشترە.. چی لە.. چی.. چی.. ئا.. بەڵێ.. خوێندنەوەی قورئان.. هەر پیتێکی دەچاکەم بۆ دەتووسرێ.. کەواتە خێراکە با کات نەڕوات.. بۆم ناگەڕێتەوە.. خێراکە.. خێراکە خێراکە..!!

بەپەلە پەلامارى قورئانەکەی داو کردیەوە، لەدەورکردنەوە ئاسایەکەی خۆیدا گەیشتۆتە سورەتی تەوبە.. لەویوە دەستی پێ کرد.. گەلێک بەتام ولەزەتەوە باوەشی بەئایەتەکاندا دەکردوو دەیخوێندەوە.. لەگەڵ ئاراستەو ڕووداو و داواکاریەکانی سورەتەکەدا ئاوێتە بوو، تا سێ چارەکەکەی تەواو کرد.. پاشان قورئانەکەی داناو خۆی گۆڕی و ڕۆیشتە دەرەوە..

سەعات هەشتی ڕێک گەیشتە بەردەمی باخی گشتی.. دیتی ڕۆژگار لەسەر پلیکانەکان دانیشتووەو چاوەڕوانیەتی.. ئەم خۆی گەیاندە لای و.. ئەو هەڵسایەوە.. سڵاوێکی گەرمی پڕ لەعاتیفەیان لەیەکتری کردو سۆرانیش دانیشت.. پاش زنجیرە موجامەلاتێکی

زۆرو دەربڕینی ناخ و هەڵڕژانی شعور بۆ یەکتری، هاتنە سەر مەسەلە تایبەتیەکە!

-((سۆران..))

-((ئەو کارە سەختانە چی بوو لەتەلەفونەکەدا ئاماژەت بۆکرد.؟))

-((دەبێ پێت بڵێم.. چونکە مامۆستا کەیوان فەرمووی دەبێت تۆیش ئاگادار بکەم..))

-((ئادەی..))

-((لەنێو شاردا حیزبی بەعس بیست مەڵبەندی زیناکردنی داناوە.))

-((بیست.؟))

-((بەڵێ..))

-((چۆن.؟))

-((لەسالۆنەکاندا.. ژوورێکی تایبەتی بۆ ئەم بێ ئەخلاقیە داناوە..))

-((ئاوا..))

-((بەڵی..))

-((ئەی چارە..))

-((بزووتنەوەکەمان، سێ جار بەنامە هەر بیست مەڵبەندەکەی ناگادار کردوزەتەوە و پێشی ڕاگەیاندوون، کەئەگەر بێت و واز لەو کارە بۆگەنە نەیەنن، بەسزای سەختی خۆیان دەگەن..))

-((بەڕاست..؟))

-((بەڵێ..))

-((هەقی خۆیانە..))

-((وایە..))

-((ئەی هیچیان وازیان نەهێنا..؟))

-((نەخێر..))

-((سەر سەختینە..))

-((جابا پێت بڵێم.. ئەمڕۆ سەعات دوری پاش نیوەڕۆ، کورانی بزووتنەوەی ئەرقەم، پێشنیاز لەو مەڵبەندانە دەکەن بە خۆڵەمێش..))

-((تۆخوا..))

-((بەڵێ..))

-((تۆیش یەکێکی لەوانە.. وانیە..))

-((منیش یەکێکم لەو پێنج کەسەی بەم کارە هەڵدەسین..))

-((سوپاس بۆ خوای گەورە.. ئێستا هەست بەوە دەکەم خۆشەویستیەکەم بۆت، گەورەتر دەبێت..))

-((دوعای خێرمان بۆ بکە..))

-((ئێوە دەبێ دوعا بۆ ئێمە بکەن.. چونکە ئێوە بوونەتەوە بەحەمزەو ئەبو عوبەیدەو قەع قاع و بیلالی نوێی ئەم ئیسلامە..))

-((ئێوەیش نوسەیبە و خەدیجەو فاتیمەن..))

-((کەواتە با گوێزانەوەکە دوا بکەوێت، بۆ دوای ئەم چالاکیانە.))

-((منیش وام پێ باشە..))

-((چاکە..))

ـ((ڕۆژە گیان..))

ـ((بەڵێ..))

ـ((هەرگیز واهەست نەکەیت لەمن دوریت و من لەتۆ دورم.. خۆمان ڕۆحمان، شعورمان ئاوێزانی یەکتری بووە.. ئیتر بۆ ئەبەدی لەیەک جیا ناینەوە..))

ـ((منیش ئەوە قەناعەتمە، بۆیە هەمیشە بەختیارم.))

کەچارەکێکی ما بۆ نۆ، سۆران خوا حافیزی کردو بەرەو ژوانەکەی تری ڕۆیشت.. ڕۆیشت بۆ وەرگرتنی ڕومانەکەی..

★★★ ★★★ ★★★

پێنج دەقە پێش سەعات دوو..
کەیوان،
سۆران،
دارا،
ئەکرەم،
عەلی،
لەنزیکی پێنج سالۆنی جیا جیادا ئامادەبوون..

هـەورامان چـاودێری کـەیوان و ئەحمـەد ، سـۆران و موسا و دارا و لوقمان و ، ئەکرەم و بابـانیش، چـاودێری عـەلی دەکـرد.. ئـاخر بابانیشـیان هێنـابووە نێـو دەسـتی شۆڕشگێڕانەوە.. یاسینیش تازە لە نەخۆشیەکەی ڕزگـاری بوو بوو.. دایان نابوو بۆ چالاکیەکانی داهاتوو..

ئەمان ڕاوەستان خـەڵکیش دێـن و دەڕۆن و بـێ ئاگـا لەوەی کەپاش چەند دەقەیەکی دی چ کارەساتێکی گەورە ڕوو دەدات.

پێنـــج موجاهیدەکـــە ، هەریەکـــە و بەرانبـــەری مەڵبەندەکـەی خـۆی ڕاوەسـتا.. کـەیوان تەماشـایەکی سەعاتەکەی دەستی کـرد.. هـەر لـەم کاتـەدا ، ئـەوانیش هەیەکە لە جێگای خۆیەوە تەماشای سـەعاتەکانیان کـرد دیتیان:

((یەک دەقەی ماوە بۆ دوو))
لەگەڵ تێپەڕ بوونی ئەو شەست چرکەیەدا ،
شەست پەپولەی خەندەو ،
شەست گوڵی هیوا و ،
شەست باخچەی کامەرانی و ،
شەست مۆمی نەبەزین ،
لەقوڵای وجودیاندا داگیرسا..

بیل بیلەی چاوەکانیان بەدووی کۆتا چرکەوە، ڕێبوار بوون و نەدەوەستان، کەکاتژمێر بوو بە دوو، ئیدی،

هەر پێنج شێرەکەی ئیسلام، هەر پێنج گەردەلول و ڕەشەباو زریانەکە، هەڵمەتیان بردوو هەر پێنج مەڵبەندەکەیان، هەر پێنج بیل بیلەی چاوی بەعسیان تەقانەوە..

هەر لەگەڵ یەکەم سەدای زرمەو گرمەو نالەی ڕومانەکاندا شار تێکچوو هەڕا، نەفسی نەفسی دەستی پێکرد..

هەر دوکان دار بوو، خەریکی هارەی دەڕابەو داخستنی دووکان بوو، هەر خەڵک بوو، غاری دەدا و نەیشی دەزانی بۆ کوێ غار دەدات..

پێنج پاڵەوانەکەیش، پێنج سورێن و دابانەکەیش، خۆیان کرد بەنێو لافاوی خەڵکەکەداو وەکو هەموو جارانی تر لەنێو زۆریەکەیاندا ونبوون..

ئای لەو ساتەی لەنێو شەپۆلی خەڵکەکەدا ڕایان دەکرد، چەند بێدەنگ بوون، کەبەدەم ڕاکردنەوە، ئەم قسانەیان لەخەڵکەکە دەبیست:

ـ((ئەوە کێ بوو؟))

ـ((هەڵۆکانی یەکێتی نیشتمانی بوون))

ـ((نەخێر فیداییەکانی پارتی بوون..))

ـ((کوڕە ئێوە دەڵێن چی..؟))

ـ((بۆ..؟))

ـ((بەخوا ئەمە تەنها کاری ئیسلامیەکانە..))

ـ((هەر کەس بوو باشی نەکرد!!))

ـ((بۆ باشیان نەکرد.. دەستی خۆش بێ..))

ـ((تاخر ئەم ڕاکردنە باشە.؟))

ـ((ئەی بۆ باش نیە..))

ـ((بەخوا کەس پێوە نابێ هەژارو ڕەش و ڕووت نەبێ..))

ـ((دەی با ئەو هەژارو ڕەش و ڕووتە ڕاپەڕێ وبەم زۆرداریە ڕازی نەبن..))

کوڕانی قوتابخانەکەی کەیوان، گوێیان لەم هەموو گفتو گۆیە بوو ، وەلێ جگە لەخەندەو بێدەنگی، هیچ شتێکی دیکەیان نەدا بەو خەڵکە!!

١٨

سەعات نۆی ڕۆژی سێشەمەیە..

هەر دە ئەندامەکەی تیپی شۆڕشگێڕان لەمالی سۆراندا کۆبوونەوە.. ئەڵقەیەکی بازنەییان دروست کردووە، مامۆستا کەیوان بەچەند ئایەتێکی سورەتی ئەنفال دانیشتنەکەی کردەوە..

قوتابیەکان گەلێک بەختیار دەردەکەوتن، پێکەنینی بێ دەنگی، چۆن پەلکە زێڕینە لەبەهاردا، پەخش دەبێ، ئاوەها لەسەر لێوی ئەمان پەخش دەبوو..

خۆش حاڵ بوون.. چونکە وایان هەست دەکرد، بەبێ ئاتەواوی ئەرکی سەر شانیان ئەنجام داوە، ئاخر قوتابیەکانی کەیوان تەنها لەیەک کاندا گرژو مۆن دەهاتنە پێش چاو، ئەویش کاتی کەمتەرخەمی کردن

لەئەنجامدانی نەخشەی ئەمیرەکەیاندا بوو.. تەنها لەم کاتەدا نابەختیار و گرژو مۆن دەبوون..

سۆران هەموو جەستەی، هەر خەندە بوو، هەر کامەرانی بوو، وات هەست دەکرد تازە لەسەفەری چیای هاتن و نەهات گەڕاوەتەوە.. ئەندامانی دیکەیش هەروەها بوون.. تەنها هەورامان نەبێ.. هەورە زیاد لەسنور، زیاد لەهەمووبان خۆش حاڵ بوو.. کامەران بوو.. تەنانەت ڕۆحیشی پێ دەکەنی..

مامۆستا کەیوان فەرمووی:

-((برایانی خۆشەویست و موجاهیدانی ئیسلام.. لەدوای دەست خۆشی کردن لێتان و، هیوای ماندو نەبوون بۆتان لەدوای ئومێدێکی گەورە پێتان، کەبتوانن جارێکی تر سەربەرزی بۆ ئوممەتی ئیسلامی بگێڕنەوە، حەزدەکەم جارێکی دی ئەو ئایەتە قورئانییەتان بخەمەوە پێش چاو کەدەفەرموێت:

((ولتكن منكم امة يدعون الى الخير ويأمرون بالمعروف وينهون عن المنكر واولئك هم المفلحون))

یاخود ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت:

((كنتم خير امة اخرجت للناس، تامرون بالمعروف وتنهون عن المنكر)).

برایانی بەرێزم، ئەندامانی تیپی شۆڕشگێڕانی بزووتنەوەی ئەرقەمی کوڕی ئەرقەمی مەخزومی، مانای ئەم ناوەتە قورئانیە، لای ئێوە گەلێک ڕوون و ئاشکرایە، دەزانن، بزووتنەوەکەمان خاوەنی پەیامێکی پیرۆزە، دەشزانن کە دەبێ ئەم پەیامە بگاتە هەموو مرۆڤەکانی ئەم سەر زەویە.

ئەوەبشتان لا ڕوونە، لەسەر ڕێگەی گەیاندنی ئەم پەیامە، فەرمان کردن بەچاکەو ڕێگەگرتن لەخراپە، فەرزی عەینە لەسەرمان بۆیە دەبێ لەهەر جێگەیەکی ئەم دونیایەدا خراپەیەکمان بینی، ڕێگەی پێ بگرین و یەخەی ڕاوەشێنین دەبێ کەمتەر خەمی لێ نەکەین، وانیە کاک سۆران؟))

سۆران بەبێ سێو دوو گوتی:

-((زۆر ڕاستە، وایە، ئەی ئەوە نیە پێغەمبەرە نازیزەکەمان دەفەرموێت:

((من رأى منكم منكرا فلغيره بيده فإن لم يستطع فبلسانه - فإن لم يستطع فبقلبه، وذلك أضعف الإيمان))

کاک عەلی:

ـ((سوپاس بۆ خوا ئێستا ئێمە دەتوانین، بەبازووی پۆلایینی بزووتنەوەکەمان، ڕێگە لەتاوان بگرین و لەمالەکەی خۆیدا غەزوی بکەین..))

ئەکرەم:

ـ((گرنگ، ئەوەیە، ڕێگە نەدەین، زەمانێک بێتە پێشەوە، واز لەدەست بێنین و، دابەزین بۆ زمان..))

دارا:

ـ((مەبەستت چیە.؟))

ـ((مەبەستم ئەوەیە، ئەم خەڵکە، وازی هێناوە لەفەرمان بەچاکەو ڕێگرتن لەخراپە، کەچی بەتەمای بەهەشتیشن، بەتەمای ڕەزامەندی خوای گەورەیشن..)) مامۆستا کەیوان حەزی دەکرد، دەرگای دەرفەت لەهەموو ئەندامان بکاتەوە، بۆ ئەوەی قسان بکەن، بۆ ئەوەی بەشداری بکەن، بۆ ئەوەی ڕای ئازادی خۆیان دەربڕن، زۆر جار بەئەنقەست بێ دەنگ دەبوو، ماوەیەک نوتقی لەخۆی دەبڕی، بۆ ئەوەی بزانێ، تاچ

ڕادەیەک ناسەواری پەروەردەکەی لەبیرو هۆش و چۆنیەتی کرداری قوتابیەکانیدا دەدرەوشێتەوە..

هەنووکەیش خۆی بێ دەنگ کردەوە، بۆ ئەوەی قوتابیەکان لەسەر کێشەی فەرمان بەچاکەو ڕێگرتن لەخراپە قسان بکەن و ڕای خۆیان دەربڕن..

ئەم بێ دەنگیە هەروا مایەوە تا هەموو قوتابیەکان لەدەربڕینی ڕاکانیان بوونەوە.. دەرئەنجام، حاڵی بوو لەوەی کەڕای هەموو قوتابیەکان واتە ڕای خۆی، ڕای خۆیشی واتە ڕای قوتابیەکان.. کەیشتە ئەو قەناعەتەی کە خۆی لەهەموو قوتابیەکاندا تواوەتەوە، بۆیە هەموو قوتابیەکانیش لەخۆیدا تواونەتەوە، تاوایان لێ هاتووە، بوون بەیەک.. بەڵێ بوون بەیەک لەهەموو شتێکدا..

لەفیکریاندا..
لەعەقڵیاندا..
لەسلوکیاندا..
لەپێکەنینیاندا..
لەگریانیاندا..
لە خۆشیاندا..
لەناخۆشیاندا..

بەلام نااااخ..

قالبی مادی ئەم جەستە سنورداراە، ماوە نادات جەستەیشیان ببێت بەیەک.. چەند حەزیان دەکرد هەموو قوتابیانی بزووتنەوەکەیان ڕۆژێک بهاتایەو لەجەستەی مامۆستا کەیواندا غەرق ببونایەو دەست ببوایە بەدەستی ئەو و قاچیان بەقاچی ئەو و چاریان بەچاوی ئەو و سنگیان بەسنگی و.. .. ..!!

ئەگەر وایان لێ بهاتایە، ئیدی ئازاری لێک دابڕان و ئازاری لەیەک دوورکەوتنەوە، سەری نەدەکردە شعوریان و مالئی لەچڕۆدروست کراوی عاتیفەیانی نەدەهەژاند..

حەیف، حەیف، جەستە کەنالی بوون بەیەک ناکاتەوە.. مەوجی بۆ کوێ دەڕوات، ئیرادە گرنگە، مادەم ئەمان خاوەنی ئەو ئیرادەیەبن، ئیدی ڕۆژێک هەر دەبێ ببن بەیەک و لەیەکتریدا غەرق ببن..

ئەو ڕۆژە هەردێتەپێشێ، دەبێ ئەم جەستەیە لەو ڕۆژەدا سەر دانەوێنێت بۆ دەسەلاتی ئیرادەکەیان، گرنگیش نیە ئەو ڕۆژە، لەم قۆناغە چکۆلەیەی ژیاندا بێ، کەلەسەر شانۆی ئەم زەویە نومایش دەکرێ، یان لە قۆناغە موتلەقەکەی بەهەشت نابێت.. گرنگ

قۆناغەکەیە.. وەلێ گرنگ هاتنی ڕۆژەکەو خەتمیەتی بوون بەیەکەکەیە..

هەنووکە..

ڕۆحیان..

شعوریان..

عاتیفەیان..

ویژدانیان..
بووە بەیەک.. لەسەر هەر مەسەلەیەکی ئەم دنیا فراوانە بڵێیت، ئەمان، هەر هەموویان یەک ڕایان هەیە..
بەیەک ڕۆح، یەک شعور، یەک عاتیفە، یەک ویژدانەوە بۆی دەڕوانن،

ئەوەتا کۆی قسەکان هاتەوە سەر ئەم جەدیسەی مامۆستا کەیوان بۆی گوتن:

((والذی نفسی بیده لتأمرن بالمعروف ولتنهن عن المنکر اولی وسکن الله ان یبعث علیکم عقابا منه، ثم تدعونه فلا یستجاب لکم)). [رواه الترمذی وحسن الحدیث حسن]

کەیوان:

ـ((ئەها برایان پێغەمبەری ئازیز سوێند دەخوات، بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە، ئەمرو فەرمان نەکەن بەچاکە و ڕێگە نەگرن لەخراپە، ئەوە لەوانەیە، خوای گەورە تۆڵەیەک دابارێنێ بەسەرتانا، پاشان هاواری لێ بکەن و ئەویش وەلامتان نەداتەوە.

بڕا بەڕێزەکانم.. ئالێرەوە، لەمیحرابی ئەم فەرموودەیەوە دەڵێم.. ئەو دەستانەتان خۆشبێ کەفەرمانەکانتان پێ کرد بەچاکەو خراپەتان پێ لەناو برد.. ئیتر هەرچی دەبێت باببێ.. ئێمە تەنها پاداشتمان لای خوا دەوێت..!

عەلی:

ـ((کاک کەیوان))

ـ((بەڵێ))

ـ((ئەو خەڵکە چەند دامارن!!))

ـ((مەبەستت چیە..؟))

ـ((زۆر خۆش باوەڕن، هەرکەسێ دژێەکیان بۆ بکات خێرا بڕوای پێ دەکەن..))

بابان:

ـ((زۆر ڕاستە، لەکاتی ڕاکردنی، خەڵکەکەدا ئاگام لێ بوو گەنجێک ووتی بەشەرەفم، ڕێکخستنی حیزبی شیوعی، ئەو نەخشەیەی داڕێژاوە ئیتر ئەم قسەیە بڵاوبوویەوە بەنێو خەڵکەکەدا.)))

ئەحمەد:

ـ((منیش گوێم لێ یە لەکاتی ڕاکردنەکەدا کۆمەڵێک دەیانگوت، ئەوە چالاکی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانە))

موسا:

ـ((داماوێکی تر باسی فیداییەکانی پارتی دەکرد))

دکتۆر لوقمان:

ـ((گرنگ ئەوەیە، ئێمە لەبەر خاتری ڕەزامەندی خوای پەروەردگار کردومانە، خەڵکی بزانن یان نەزانن گرنگ نیە..))

مامۆستا کەیوان:

ـ((بارک الله فیک.. قسەکانت گەلێک ڕاستن.. هەرچەند من دڵنیام لەوەی ڕۆژێک هەردەبێ ئەم حەقیقەتانە لای خەڵک ئاشکرا بێ.. ڕاستە ئێستا کەمێکی خەڵکی دەزانن بزووتنەوەی ئەرقەمی کوڕی ئەرقەمی مەخزومی ئەم داستانی پاڵەوانیەتەی تۆمار کردووە، بەڵام کێ دەڵێت ڕۆژێک نابێ، بەدەستی نوسەرێکی موسڵمان نەمانە تۆمار ناکرێت و هەزاران کەس نای خوێننەوە؟! (١٩٩٨ ← ٢٠٠٠))

سەید قوتبی شەهید، تالەژیاندا بوو، دووجار (فی ضلال القرآن)ەکەی چاپ نەبوو، بەڵام کاتێک شەهید بوو، چەندین جار لەسەر یەک بڵاوی چاپ کردەوەو گەیشتە دەستی هەموو خەڵکی دنیا..))

دکتۆر لوقمان:

ـ((گرنگ خوایە..))

مامۆستا کەیوان:

ـ((هەر خوا ڕازی بێ بەسە..))

عەلی:

ـ((هەر خوا ڕازی بێ بەسە..))

ئەوانی تر:

-((هەر خوا ڕازی بێ بەسە..))

★★★ ★★★ ★★★

کەیوان لەدوای ڕامانێکی ساتەوەختێ، جافە شینەکی لەگیرفانی کراسەسپیەکەی دەرهێناو سەرە شینەکەی لەنووکی جافەکە کردەوەو لەبەردەمیدا ڕۆی کرد.. پاشان دەستی برد بۆ گیرفانی پانتۆڵە ڕەشبەکەیی و دەفتەری تێبینێکانی دەرهێنا دەفتەرەکە بەرگەکەی سەوزی خاڵ خاڵین و وابەقەدەر چوار پەنجە درێژبوو.. قەڵەمەکەی بەدەستی چەپەوە.. بەرگەکەی هەڵدایەوە، لەلاپەڕەی یەکەمدا نووسرابوو:

((سالۆن هەیڤاو + سالۆن ڕازاو))

قوتابیەکان بێ چرپە بۆ مامۆستاکەیان، دەڕوانێ بەچوار مشقی دانیشتبوون و ئەحمەد، بابان، موسا، ئانیشکەکانیان لەسەر ڕانیان وەکو کۆڵەکەی بن کەپر، داچەقاندبوو، پەنجەکانیشیان وێنەی حەسیر، بەناو یەکدا کردبوو، کردبوویانە سوپەرو چەناگەیان لەسەری دانابوو.. لەسەر ئەو سوپەرەوە ڕێک و ڕاست بۆ کەیوانیان

دەڕوانی.. هیچیان نەدەبینی تەنها ئەو نـەبێ.. ئـەکرەم و، داراو، موسایش، دەسـتیان لەسـەر ڕانیـان گرمۆلـە کردبوو، وێ دەچوو لەبۆسەدابن بۆ نێچـیرێ.. چاوەڕوانی شتێک بوون.. ئیدی هەرشتێک بێت.. بەمەرجێ نوێ بێ..

سۆران و هـەورامانیش.. ئـەژنۆکانیان لـەباوەش گـرت بوو، سنگیان شۆڕ کردبووەوە بۆ خوازەوەو دیەکانیشـیان گەورە گەورەیە بۆ کەیوانی دەڕوانی.. دەتگوت ئـەم دنیـا فراوانە، کەسی دیکەی تیادا نیە کەیوان نەبێ..

دکتۆر لوقمان و کاک عـەلی جێگـیریش، وەکـو دوو کیشوەری هێوری بێ دەنگیان لێ دەچڕا، چونکە دەیان زانی هەر ساتێ مامۆستا کـەیوان قەڵـەم و دەفتەرەکـەی دەرهێنا، ئیدی دەبێ هەموو بێ دەنگ بن.. ئەو دەفتەرو قەڵەمە، مانای کاری تازەیە، مانای تێپەڕاندنی کۆنـە، مانای خۆنامادەکردنە..

کـەیوان نیگاکـانی بـەرزکردەوەو ڕۆانـی بەسـەر ئـەندامانداا، دیتـی هـەموویان چـاوەڕوانی دەفتەرەکـەن، چـاوەڕوانی بڕیـاری نـوێ وکـاری نـوێ وخشـتەی نوێـن، ..کەمێک خنایەوە پاشان گوتی:

ـ((سالۆن هەیڤا، لەسەر جادەی ڕزگاری))

یەکەم کەس ئەکرەم دەستی بەرز کردەوە، مۆلەتی قسەکردنی وەرگرت و گوتی:

ـ((کاک کەیوان.. من ئەو سالۆنە چاک شارەزام، حەز دەکەم ئەرکی تەقاندنەوەی بخەیتە ئەستۆی من..))

کەیوان سەری ڕاوەشاند، ئەم کوڕە چەند ئازایە، ماشاء الله لەزۆری غیرەت و نەترسان و پالەوانیەتی ئەم کاک ئەکرەمە، سل لەهیچ شتێک ناکاتەوە، کەیوان پێی بڵێ ئەو شاخی سورینە لە ڕیشال دەربێنێ، نالێ ناتوانم، نالێ پێم ناکرێ، خێرا شانی پیادا دەکات و پلنگانە ئامبازی دەبێت..

سل لەهیچ شتێک ناکاتەوە، ئەگەر ئاگری سور، لەبەردەمیدا کلپە کلپی بێت و گڕوتینی دنیایشی ببێت، ئەوسا هەر سڵی لێ ناکاتەوە و گەر کەیوان بڵێ بەناویدا تێ پەڕە تێ دەپەڕێ بەبێ گوێ دانە هیچ شتێ.

کەیوان بۆ ئەم ئازایەتیە، بۆ ئەم گوێڕایەڵیەتیە، سەری ڕادەوەشاند و دەخنایەوە، فەرمووی:

ـ((کەواتە، سالۆن هەیڤا بۆ تۆ.))

ئەم بڕیارە زەریایەکی کامەرانی بۆ دروست کرد، حەزی دەکرد هەڵسێتە سەر پێ و پەلاماری کەیوان بدات و وەکو شێخ و دەروێش دەستەکانی ماچ بکات.. بەڵام.. نا..!! گوتی:

ـ((بەپشتیوانی خوای گەورە دەیکەم بەخۆڵەمێش..))

ـ((ان شاء الله..))

قوتابیەکانی:

ـ((ان شاء الله..))

بڕیاری دووەم، جێگەی دووەم، کەسی دووەم، دەبێ چی بێ، دەبێ کوێ بێ، دەبێ کێ بێ!!

هەموو چاوەڕوانی ئەوە بوون بزانن بڕیاری دووەم چی دەبێ، بزانن جێگەی دووەم کوێ دەبێ، بزانن کەسی دووەم کێ دەبێ.. کەیوان جارێکی دی سەری بەرز کردەوە، دیتی ئەندامان وەکو لەسەر پشکۆ ڕاوەستابن، ناوەهان.. ئەمە چراخانی بەختیاریەکەی ناخی هێندەی تر تیشک دارتر کرد، دیارە بەتەواوەتی وازیان لە تەقالیدی ڕزیوی نێو کۆمەڵ هێناوە، دیارە بە هیچ شێوەیەک

ئینتیمایان بۆ ئەم زەمەنە بێ شعورە ئەماوە هەنووکە کورپی عەقیدەن، ئینتیمایان بۆ زەمەنی عەقیدی یە بۆیە ناوەهان..

فەرموی:

-((سالۆن ڕازاو.))

هەورامان:

-((بۆ من..))

-((نەخێر..))

سۆران:

-((بۆ من..))

-((نەخێر..))

عەلی:

-((بۆ من..))

-((نەخێر.. سالۆن ڕازاو بۆ خۆم، ان شاء اللە خۆم دەی تەقێنمەوە.. دوو سبەی سەعات دەی سەر لەبەیانی

من ئەنجامی دەدەم، کاک ئەکرەمیش سبەینێ پاش عەسر..))

دواتر فەرمووی:

ـ((کاک هەورامان چاودێری کاک ئەکرەم دەکات و کاک سۆرانیش چاودێری من دەکات..))

پێش کۆتایی هێنان بەکۆبوونەوەکە فەرمووی:

ـ((برا تازیزەکانم، هەمیشە لەیادتان بێت، ئەگەر خوای گەورە بەفەزڵی خۆی، منەت بنێ بەسەر یەکێکماندا، شەهیدی پێ ببەخشێ ـ ئیدی دەکەوێتە کامەرانی موتڵەقەوە، چونکە هەر لەگەڵ ڕژانی یەکەم دڵۆپی خوێنیدا، خوای گەورە لەهەموو گوناهەکانی خۆش دەبێت و حەفتاو دوو حۆریشی لێ مارە دەبڕێت و شەفاعەتیش بۆ حەفتا کەس لەخزم و کەسەکانی خۆی دەکات، تاجێکیش دەخەنە سەر سەری، تەنها یاقوتێکی نەو تاجە، باشترە لەدنیاو چیشی تیایدایە.. هەمیشە بپارێنەوەو دوعا بکەن کەخوای گەورە شەهیدیمان پێ ببەخشێ خۆزگەم بەو کەسەی شەهید دەبێ..)) پاشان دەستی بەرز کردەوە بۆ ئاسمان و بەکوڵ و، بەدڵ و لەناخەوە گوتی:

ـ((خوایە بۆ خاتری گەورەی و رەحم و سۆز و خۆشەویستی خۆت، نیمەت خۆش بوێت و بەشەهیدی نەبێ لەم دنیایە دەرمان نەکەیت..))

هەموو قوتابیەکان:

ـ((ئامین.. ئامین..))

لەدوایدا، دوعای کۆتایی هێنانی خوێندو هەڵسانە سەر پێو دوو دوو، وەدەرکەوتن.. پێش نیوەی کەیوان بڕوات، دەنگ لە تەلەفونەکەوە بەرز بوویەوە.. سۆران گوتی:

ـ((کاک کەیوان، یارمەتی هەیە هەڵی گرم..))

ـ((فەرموو.. فەرموو..))

ئیدی سەماعەکەی بەرز کردەوە:

ـ((ئالو.. کێ.. رۆژگارە.. گوێ بگرە.. مامۆستا کەیوان لێرەیە. ها.. هەر ئێستا..))

پاشان گوتی:

ـ((کاک کەیوان رۆژگار دەیەوێت قسەت لەگەڵدا بکات..))

ـ((چاکه..))

سەماعەکەی وەرگرت:

ـ((ئالو.. دادە ڕۆژگار.. چۆنی.. باشی..))

ـ((خوا پاداشتت بداتەوە..))

ـ((خەریکی چیت.))

ـ((چاوەڕوانی هەواڵێکی خۆشم.. دوێنێ زەماوەند کرا..))

ـ((بەڵێ..))

ـ((موشکیلەی تیانەبوو..))

ـ((نەخێر..))

ـ((هیچ..))

ـ((هەر هیچ..))

ـ((سوپاس بۆ خوا..))

((ماڵەوەتان.. براکان.. خوشکەکان.. گوڵاڵەکان.. چۆنن..))

ـ((هەمووی بەدڵی تۆیە..))

ـ((سوپاس بۆ خوا.. هەرچی بوو لەکاکە سۆرانی وەربگرە..))

ـ((انشاء الله..))

ـ((خوات لەگەڵ..))

ـ((خوات لەگەڵ..))

ئیدی کەیوان خوا حافیزی کردو ڕۆیشت، سۆرانیش سەماعەکەی هەڵگرتەوە:

ـ((ڕۆژەگیان.. چۆنی..))

ـ((ئەگەر تۆ باش بیت منیش باشم، تۆ باش نەبیت منیش دەبمە کەلاوە..))

ـ((خوا نەکات..))

ـ((کەی سەرم لێ دەدەی..))

ـ((سبەینێ سەعات ئۆی هاوینە..))

ـ((چاوەڕوانم..))

ـ((باشە.. فەرمان..))

ـ((اعوذ باللە.. تۆ فەرمان..))

ـ((بەختیاریت..))

ـ((خوات لەگەڵ..))

ـ((خوات لەگەڵ..))

★★★ ★★★ ★★★

سبەینێ سەعات نۆ، سۆران لەماڵی ڕۆژگار نامادە بوو.. خەمەڕەشیدی باوکی ڕۆژگار لەماڵ نەبوو ؛ دادە نامینەو ڕۆژگار هاتن بە پیرییەوە، ڕاست بۆ ژورە تایبەتیەکەی ڕۆژە، سۆران تەماشای کرد، تابلۆکان هەر لە جێگای خۆیاندان.. ئەو ڕووبارە پاک و گەورەیە بەهێور ڕاکشاوە، کۆمەڵە درەختە باڵابەرزەکەیش، وەکو خۆیان ماون و هەڵچوون..کاتەکەیش هەر ئێوارە مات و بێ چرپەیە.. دوو تاکە قەنەفە سوورەکە، کومبارە شینەکە، وەکو خۆیانن، ، کتێبخانەکەیش، ئەوەی گۆرابێ، تەنها خۆی و ئەو بوون.. ئێستا بوون بە حەڵاڵی یەکتری..

ـ((دایە.. دایە..))

ئەمە دەنگی بەهاری چکۆلانە بوو، لەهۆلەکەوە دایکی بانگ کرد!

ـ((بەڵێ کچی خۆم.. چیت دەوێ..))

ـ((باجی ئاواز، ڕەوەندی ناردووە بەشوێن تا، ئەڵێ دایکم ئیشی پێیەتی..))

دادە ئاوڕی دایەوە بۆلای سۆران و ڕۆژگار و پێی گوتن!

ـ((بابزانم ئیشی چیە پێم))

گوتیان:

ـ((فەرموو..))

ئیدی دایە ڕۆیشت.. بەتەنها سۆران و ڕۆژگار مانەوە، دوو بەدوو، بەرامبەری یەکترو لەسەر قەنەفەکان دانیشتن، سۆران پانتۆڵێکی جەرگی تازەو کراسێکی قۆڵ کورتی لەبەردا بوو.. ڕۆژگاریش لەحیجابێکی ڕەساسی دا بوو، زۆر بەکزی تەماشای یەکتریان دەکرد.. هەر دووکیان بێ دەنگ بێ سروە بێ جوڵە، پاش تێپەڕ بوونی چەند ساتێک بەم شێوەیە.. ڕۆژگار بەنەسپایی گوتی:

-((سۆرە گیان..))
-((گیانەکەم..))
-((مژدەیەکی خۆش..))
-((بەڕاستە..))
-((بەڵێ..))
-((ئادەی ڕۆژەگیان..))
-((مژدانە..))
-((جارێ بابزانم..))
-((با..))
-((بابزانم..))
-((مژدانە.؟))
-((مژدەکە خۆشە..))
-((زۆر خۆشە..))
-((کەواتە مژدانەکەیشت دەبێ خۆشتربێ..))
-((حەتمەن..))
-((بزانم..))
-((سۆرە گیان..))
-((گیان..))
-((بزانم مژدانەکە چی دەبێ..))
-((دەتۆ بیلێ..))
-((دەرەجەم وەرگرتووە..))

-((بەڕاستە..؟))
-((بەڵێ..))
-((چەندت هێناوە..؟))
-((هەشتا..))
-((توخوا..))
-((بڕوا بکە..))
-((بەڕاستی مژدەیەکی زۆر خۆش بوو..))
-((مژدانە..))
-((ڕۆژەگیان..))
-((گیان..))
-((دەزانی مژدانەکە چیە..؟))
-((... چی..؟))
-((خۆشترین شت لەم سەر زەویەدا..))
-((چی..؟))
-((جامێکی تر، خۆشەویستی ڕۆحم..))
-((بۆ من..؟))
-((بەڵێ..))
-((سۆرە گیان..))
-((گیان..))
-((لەوەزیاتر هیچم ناوێ..))
-((تەواو..))

-((تەواو..))
-((ئەوە بەسە.؟))
-((هەموو شتێکە بۆ من..))
-((ڕۆژەگیان..))
-((گیان..))
-((ئێستا چی دەخوێنیتەوە..))
-((فی ظلال القران ی سەید قوتب..))
-((قوربان!! چەندیت لەبەر کردووە..))
-((تائێستا حەوت جوزئم لەبەر کردووە..))
-((ڕۆژەگیان..))
-((گیانەکەم..))
-((ئێمەیش کارەکانمان گەلێک زێک و پێک دەڕوات بەڕێوە..))
-((چۆن.؟))
-((پێزێ، پێنج سالۆنمان، سەعات دووی پاش نیوەڕۆ، تەقاندەوە..))
-((دەستان خۆش بێ..))
-((دەستی تۆیش..))
-((ئێوە کوڕی حەمزەن..))
-((ئێوەیش کچی نوسەیبەن..))
-((ئەمڕۆ سالۆن هەیڤا و، سبەینێیش سالۆن ڕازاو

دەتەقێنرێتەوە..))
ـ((انشاء الله..))
ـ((ڕۆژەگیان..))
ـ((گیان..))
ـ((دەڵێی چی سەردانێکی نەسرین و ڕێبوار بکەین..))
ـ((زۆرم پێخۆشە..))
ـ((نیوەڕۆیش لایان دەبین..))
ـ((زۆر باشە..))
ـ((کەواتە دایکت هاتەوە پێی دەڵێین..))
ـ((چاکە..))

سۆران هەستایە سەر پێ و لەبەردەم کتێبخانەکەدا ستاری گرت.. چاوێکی بەکتێبەکاندا خشاند، کتێبەکانی سەید قوتب و محمد قوتب و ئەبو یەعلای مەودودی و سەعید حەواو فەتحی یەکون، قاتەکانیان داپۆشی بوو.. ئەم ئەو ساتانەی دەهاتەوە یاد کەلەگەڵ ڕۆژگاردا خەریکی خوێندنەوەی ڕۆمانی بێ ڕەوشتی و چیرۆکەکانی نجیب محفوز و رفیق العلایلی و احسان عبدالقدس ی دور لەهەموو تایبەتمەندیەکی مرۆڤایەتی بوون..

ئێستا کات لەچیدا بەڕێ دەکەن و ئەوسا کاتیان لەچیدا بەڕێ دەکرد؟!

لەم دنیایەدا ونبوو، هاتنەوەی دادە ئامینە بەئاگای هێنایەوە..

-((دایە))
-((بەڵێ..))
-((مۆڵەتمان لێت دەوێ..))
-((فەرموو..))
-((تامالی نەسرین و ڕێبوار دەچین..))
-((کەی دێنەوە.؟))
-((دوای نیوەڕۆ..))
-((بڕۆن بەڵام دوانەکەون..))
-((انشاء الله..))
-((سەلامی منیشیان لێ بکەن..))
-((ان شاء الله..))

ئیدی خۆیان ئامادەکردوو بەرەو مالی نەسرین و ڕێبوار، بەڕێ کەوتن.. گەرماکەیش وردە وردە هەڵمی لە پشت ملی جادە و خانووەکان بەرز دەکردەوە..

*** *** ***

١٩

پێش بانگی مەغریبان، جادەی ڕزگاری هەمیشە قەڵەبالغە، هەمیشە لەگەڵ خەڵکیدا مەوج دەداتەوە، لای ئێواران نەم جادەیە پڕ دەبێت لەکوڕو کچ.. زۆر جاران تا دڕەنگانێ دەمێنەوە.. چاوەکانیان لەیەکتری ناترازێنن، هەندێکیان بەدەنگێکی زۆر بەرز پێ دەکەنن، حەز دەکەن خەڵکی سەر جادەکە، خەڵکی شارەکە، خەڵکی دنیا گوێیان لەدەنگی پێکەنینەکەیان بێت..

هەندێکی دیکەیان کڕو مات، تۆڕاڵێکی بێ دەنگی بەسەر ڕوخساریاندا کشاوە، تەنها ڕشبەیەکیش نادرکێنن.. نەوەی هەیان بێ ونەیان بێ تەنها جگەرەیەک و سڕی قوڵ قوڵی لێ دەدەن و پاشان سەر بەرز دەکەتەوە بۆ ئاسمان و بۆ نەوێ ڕا بەرز دەکەنەوە.. نەوە بەرئاسەی ڕۆژانەی نەو کوڕو کچانەیە.. ژیانیان وا دەکوزەرێنن..

چارەکێکی ماوە بۆ بانگی مەغریب.. ئەکرەم و هەورامانیش بەرامبەری سالۆنی هەیڤا ڕاوەستاون.. دەورو بەریشیان گەلێک قەلەبالغە، دەلێی شاری میر وولاتە..

دەمێکە سەیارەکەی مولازم عەلی و چەکدارەکانی، بۆ پارێزگاری لەسالۆن هەیڤا، هاتوون لەبەردەمی سالۆنەکەدا ستاریان گرتووە..

ناخر پاش تەقاندنەوەی پێنج سالۆنەکەی ڕۆژی دووشەممە، ڕژێم پیاوەکانی خۆی کرد بەئێشکگری سالۆنەکانی دی..

مولازم عەلیش، کەخوێن ڕێژو مرۆڤ کوژ و درندەیەکی دەزگای ئەمنە، خۆی و چەکدارەکانی بەتایبەتی بوو بوون بەئێشکگری سالۆن هەیڤا..

ئەم ئێوارەیە، نزیکەی سەعات و نیوێکە ئەکرەم و هەورامان چاوەڕوانی هەلبکەوێت، تادەستی خۆیان بوەشێنن و بۆی دەرچن.. وەلێ کەلکی نەبوو، مولازم عەلی هەر نەدەڕۆیشت، جادەکەیش تا بەرەو مەغریب دەهات قەلەبالغ دەبوو، زیاتر پڕدەبوو لەکورو کچ.. نەمیش دەستی ڕاستی لەگیرفانی پانتۆلە

ڕەشەکەیدا بوو، ڕومانەکەیش لەنێو دەستیدا بوو.. بەتوندی دەیگوشی و خۆی دەخواردەوە و لەمەراقا لێوەکانی دەکڕۆشت.. بەهەورامانیشی گوت:

ـ((هەورەگیان دوعا بکە..))
ـ((دوعای چی..))
ـ((بڵێ خوایە مولازم عەلی خێرا بڕوات، باکارەکەمان ئەنجام بدەین..))
ـ((خوایە خێرا بڕوات..))
ـ((ئامین..))
ـ((خوایە کارەکانمان بۆ ئاسان بکە..))
ـ((ئاوا هەورەگیان.. خوای گەورە دەفەرموێت (ادعونی استجب لکم) ئێوە داوام لێبکەن، منیش وەڵامتان دەدەمەوە..))
ـ((خوایە ئێمە تەنها تۆمان هەیە..))

ـ((خوایە تۆبشمان ببێ، ئیتر پێویستمان بەکەس نیە))

لەم قسانەدا بوون، کوڕ وکچێک هێور هێورێک بەبەردەمیاندا گوزەریان دەکرد، کوڕە، ڕیش وسمێڵی پاک تاشی بوو، فانیلەیەکی تەنکی سپی قۆڵ کورتی لەبەردا بوو، قژی لول و بەتەوێڵیدا هاتبووە خوارەوە..

کچەیش پانتۆلێکی تەسکی تەسکی کاوبۆی لەپێدا بوو، فانیلەیەکی تەسکی سپی قۆڵ کورتی لەبەردا بوو، قژی لەدواوە بەردا بووەوە.. تەمەنیان بیست تا بیست و سێ ساڵان بوو.. کوڕە دەیگوت:

ـ((گوڵە گیان.. بڕوام پێ بکە لەم جیهانەدا جگە لەتۆ هیچ شتێکی دی نابینم..))

ئەکرەم هێندەی تر تورەبوو، کڵپەی دەروونی زیاترو زیاتر، خۆی نەگرت، لەبەر خۆیەوە گوتی:

ـ((ناخر بۆیە چاوەکانت کوێر بوون و ئەم هەموو زۆرداری وناڕەوایی و ستەمە نابینێت..

ئەگەر چاوی تۆو هەموو ئەوانەی وەکو تۆ وان، دنیایان ببینایە، ئێستا هەتیوێکی وەکو مولازم عەلی، کوردستانی نەدەکردە مەڵبەندی زیناو فەساد کردن، ڕاستە دەڵێن کورد بدوێنە خۆی شەرجی خۆی دەکات.)) کوڕە و کچە تێپەڕین و وەکو خەڵکی ئەم نیشتمانی خوێن و برینە نەبن وابوون، وەکو هەڵەبجەیان نەبیست بێ، ئەنفالەکانیان نەبینی بێ، شاخەکانیان بەرچاو نەکەوتبێ وابوون، وەکو خەڵکی ئەم واقیعە نەبن، خەڵکی مەملەکەتی وهم بن وابوون..

هەنووکە چارەکێکی ماوە بۆ بانگی مەغریب!!

مولازم عەلی و دژندەکانی تر، سواری سەیارەکەیان بوون وئەو ناوەیان بەجێهێشت، ئەکرەم لەجێگای خۆی نەبزوا تا ئەوان چووون بە کۆلانەکەی لای ڕاستذا، کەلەچاو ونبوون، ئیدی ئەمیش هێدی هێدی لەسالۆنەکە نزیک بوویەوە، هات تا گەیشتە بەردەرگی جامخانەکە..

بەنەسپایی دەرگاکەی‌لاداو سەرێکی کێشایە نەو ژوورەی کەباجی تێدا بوو، بینی نافرەتێک بەڕووت و قوتی ڕاکشاوە و نافرەتێکی دیکەیش لاشەی بۆ دەشێلێ.. و پێدەچێ گەلێک ماندوو بێ..

ئەکرەم چاوەکانی پەرینە تەوقی سەری و پیشی خوارەدەوە، نافرەتەکە ویستی قسە بکات، وەلێ ئەم ڕێگای نەداو ئەلقەی ڕومانەکەی ترازاندو فڕێی داو بۆی دەرچوو..

هەر لەگەڵ هاتنی زرمەو بەرزبوونەوەی نالەی ڕومانەکەدا، بەرەو ژوورو سەرو خوار، خەڵک بوو غاری دەدا، ئەکرەمیش خۆی کرد بەنێو خەڵکەکەدا و بەرەو سەر فڕی.. قەدەری خوا گەیشتە پەنایی کوڕو کچەکەی پێشتر.. ڕەنگیان، دەنگیان، جەستەیان تێک چووبوو بەسەر یەکدا.. دەلەرزین، بەدەم ڕاکردنەوە کوڕە

دەیگوت:ـ((گوڵە، خێراکە، بەشەرەفم نێستا مولازم عەلی دەمانگرێت، هەمووی دەگرێت..))

گوڵە بەدەم هەنسکی گریانەوە دەیگوت:

ـ((خێراکە، باخۆمان بکەین بەم کۆڵانەدا..))

ئەکرەمیش بەتیلەی چاو بۆی دەڕوانین، نەی دەزانی بەزەیی پیایاندا بێتەوە یان نەفرینیان لێ بکات.. پاش تۆزێک هەورە گەیشتە لای.. غاردانی خەڵکەکەیش هێور بوو بووە وە، هەورە گوتی:

ـ((دەستەکانت خۆش بێ کاکێ ئەکرەم..))
ـ((خوا پاداشتت بداتەوە..))
ـ((بالێرەوە تەماشا بکەین..))
ـ((بابزانین ئەنجامەکەی چی بوو..))
ـ((ئاخر..))
ـ((چاکە..))

لەم ئان وساتەدا بوو، مولازم عەلی و چەکدارەکانی، بەسەیارەکەیانەوە گەڕانەوە، گەڕانەوەیەکی بەپەلەو خێرا و توندو تیژانە..

مولازم لەبەر خۆیەوە دەی نەڕاندو جنێوی دەداو دەڕشایەوە.. کەف بەکەلاوەیدا دەهاتە خوارەوە، ئەو دەورو بەرە چۆڵ بوو بوو، کەسی لێنەبوو تا زراوی

بتۆقێنێ، دوکانەکانیش داخرابوون، هەموو شتێک کپ.. سەیارەیش بەوناوەدا تێنەدەپەڕی، تەنها شیرە شیرێ مولازم و بەس لەو دەقەرەدا بەرز دەبوویەوە..

ئەکرەم و هەورامان لەدوور دوورەوە دینیان جەستەی وەک تەرمی هەردوو خاتمی دڕاویان، فڕێ دایە نێو ئۆتۆمبیلەکەوە.. تا لەچاویش ونبوون تەماشایان کرد:

ـ((کاک ئەکرەم..))

ـ((گیان..))
ـ((ئەوانیش تەواو..))
ـ((ئەوانیش تەواو..))
ـ((سوپاس بۆ خوا..))
ـ((سوپاس بۆ خوا..))

ـ((هەر ئێستا مژدە دەبەین بۆ لێپرسراوی گشتی بزووتنەوەی ئەرقەمی کوڕی ئەرقەمی مەخزومی..))

هەورە، هەمیشە حەزی دەکرد وا بدوێ، ئەکرەمیش ئەوەی دەزانی پۆپە گوتی:

ـ((باشە، بەڵام..))
ـ((بەڵام چی..))
ـ((دڕەنگە..))
ـ((ئەی.؟))

ـ((سبەینێ..))
ـ((نا..))
ـ((دڕەنگە..))
ـ((دەتۆ بڕۆرەوە، من خۆم بەتەنها دەڕۆم..))

ـ((مادەم وایە، بابڕۆین..))

ـ((بابڕۆین..))

ئیدی کەوتنە ماخۆلیانی تاکسیەک.. گرتنی تاکسیەک.. هەرچۆنێک بێ، دانەیەکیان وەچنگ کەوت و سوار بوون.. لەڕێگە هەورە گوتی:

ـ((تازە شەویش هەر لەوێ دەبین..))

ئەکرەم پێکەنی و گوتی:

ـ((دەزانم.. سۆرە دەزانم حەز دەکەن لەوێ بین..))

هەورەیش پێکەنی، سایەقەکەیش، بێ خەبەر لەم دنیایەی ئەمان، لەتاکسیەکەی دەزانی، ئیدی دنیا هەر وایە..

*** *** ***

کەڤڕان

ڕۆمان

نووسینی

عادل باخەوان

بەشی پێنجەم

۱۹۹۸ ز چاپی یەکەم ۱۰۰۰ دانە

عادل باخەوان

رۆمانی

کەیوان

١٤١٩-١٩٩٨

کەوان

چیرۆکی سی و چوار گەنجەکەی ئەمنی سلێمانی

٢٠

چێشتەنگاوێکی درەنگی پاییزە.. تەرمی گەلاکان، بێ کفن و دفن، لەسەر زەوی ڕاکشاون، هیچ کەسێ بۆیان ناگری تەنها دایکەکانیان نەبێ، تەنها درەختەکان نەبێ..

لەپایزدا خاڵ بونێکی سەر سوڕهێنەری هەیە، بونێکە جیاواز لەهەموو بونەکانی تر، کەبەسەر خاکدا تێدەپەڕێت، هەست بەوە دەکەیت بەرەو مەرگ و گۆڕستان دەڕۆیت.. هەست بەوە دەکەیت پەردەیەکی ئەستووری خەماوی زەرد ڕووی جیهانی داپۆشیووە.. هەموو شتێک لەو پەردەیەدا زەرد دەبێ.. زەرد.. زەرد..

ئەگەر مشتێک خۆڵت هەڵگرت و، ئەگەر باوەشێک گەڵای وەریوت هەڵگرت، ئەگەر چەپکێ گوڵە پایزەت هەڵگرت، دیسان هەر ئەو بۆنەی لێ دێ..

ئەگەر مرۆڤێکشت بینی، ئەگەر، تاتەبەردێکیشت بینی، ئەگەر حەیوانێکیشت بینی، ئەوا دیسان هەر ئەو بۆنەی لێ دێ..

لەپایزدا، بارانی غوربەت دەباری، بارانێکی بەخوڕو توند، شەستە دەکات، سەرەتا لەو پەڕی دنیاوە لەسەر خۆی دێ، هەرچی پێ بگات قوتی دەیاو بەوەیشەوە ناوەستێ، تۆڕەییەکەی زیاتر دەبێ، ڕێک وەکو ژیانی لێ دێ، چۆن گەردەلول، بەخێرایی و گورج و گۆڵانە، هەموو شتێک ڕادەماڵن.. دارو بەرد، شاخ و ئاسمان و ئەستێرە، گوڵ و گیا و مرۆڤ و حەیوان و شەقام کۆشک و هەموو شتێ، هەموو شتێک لەخۆیدا وون دەکات، کاتێکیش دەیان هێنێتەوە بوون، دەبینێ، هەموویان ڕەنگ وبۆنی خۆیان گرتووە.. هەموویان وەکو خۆی وەردن و بارانی غوربەتیان لێ دەباری، بۆنی دابڕانیان لێ دێ..

ئەو جارانەی لەم شارەدا، ڕەشەبا شێتەکە هەڵ دەکاتو، وەرزیش پایزێکی ناوایە ئیدی دەبێ بەحەشر، دەبێ بەقیامەت، کەس ناگای لەکەس نامێنێ،

ڕەشەباکە هێندە شێت و بەهێز و تونڈە، هەموو شتێک دەبات بەناسمانا.. یەکەم جار کەلاوە ڕێویەکان و پاشان عەلاگە دڕاوەکان و وەرەقەی فڕێ دراو چەندین شتی دی.. ئیدی مرۆڤی تەم شارە دەمرێ و زیندوو دەبێتەوە..

وەلێ کاتێکیش دنیا هەتاوێکی گڕەو، ڕەشەباکەیش بێ دەنگەو زریان خەوی لێ کەوتووە، ئیتر ئەم پایزە زۆر جوانە، هەستی مرۆڤ دەڕژێتە خودە مەعنەویەکەیەوەو ئاوێزانی دەبێ.. ئاوێزانێک تا ڕادەی توانەوە و سڕینەوەی خود و تێکەلاو بوونی بەرامبەر..

ئای لەو ساتانەی کەسێک زیندانەکەی جەستەی پەچی دیلی وەکو ڕۆژەکەیەکی ناسکی بێ گەرد، هەڵ دەفڕێتە نێو دنیای چنارێکی زەرد هەڵگەڕاوەوە.. دەبێ چەند خۆش بێت، کاتێک کەدەم دەنێ بەگوێیەوە و بەچرپە باسی خەون و هیوار ئارەزووەکانی خۆی بۆ دەکات و ترۆپکیای خۆی بۆ دەگێڕێتەوە.. ئا لەوێدا مرۆڤالی دەبێ لەوەی دار چنارێکیش هەستی هەیە، زمانی هەیە، سۆزی هەیە، تەمەنی هەیە، هەر وەکو جەستەی هەیە..

ئالەوێدا مرۆ ڤالی دەبێ لەوەی باری سروشتی نێوان مرۆ ڤ و سروشت، ڕەهەندێکی خۆشەویستی و پڕ

لەسۆزو هەستە.. نەک ڕەهەندێکی دزو یەکتر قڕ کردن و یەکتر قەڵاچۆکردنی ڕقاوی.. کەلەمە تێگەیشت، ئەمە لای بوو بەیەقین، ئیدی لەم دڵە چکۆلەیەیدا، جگە لەخۆشەویستی جێگەی هیچ شتێکی دی ناکاتەوە..

هەنووکە چێشتەنگاوێکی درەنگی پایزە.. دنیا تارام، خۆر هێور، ڕەشەبا بێ دەنگ، زریان خەوتووە.. کەیوان و ئەکرەم و هەورامانیش لەغاباتەکەی زەرگەتەوە بۆ سەر جادەکە شۆڕ دەبنەوە..

ئەم غاباتی زەرگەتەیە بۆ کەیوان بووە بەخەیر، لەوەتەی مەلا لەمزگەوت دەری کردووە و، بڕیارەکانی بەعسی بەسەردا سەپاند، ئەم غاباتە باوەشی بۆ کردۆتەوە و بەسنەوبەرە بالا بەرزەکانی مەملەکەتێک سێبەری بۆ دروست کرووە، وانەکانی تێدا بڵێتەوە.. کە دەرگایەک داخرا بەحەتمی خوای گەورە دەرگایەکی دیکە دەکاتەوە..

تۆزێک لەمەو پێش تیپی تۆپی پێکەی بزووتنەوەی ئەرقەمی لێرەدا کۆکردەوەو کۆبوونەوەیەکی پێکردن و باسی ئەوەی بۆ کردن کەلەم قۆناغەدا بەرنامەی کارکردنیان چۆنە.. پاشان دەرگای پرسیاو وەڵامی بۆ

کردنەوە و، ئیدی هەر سیانیان هەڵسان و ئەوانیان بەجێ هێشت..

کەنزیکی جادەکە بوونەوە، ئەمنێک و پۆلیسێکیان بینی، ئەمنەکە بەفشەوە چگەرەیشی داگیرساند بوو.. کەیوان دڵی داخورپا.. چونکە ئەکرەم، هەویەی پێ نیەو وەنەیش چووە بۆ سەربازی و لای ڕژێم بەناپاک لەقەڵەم دەدرێ، بەس بیگرن دەی دەن لەدار ئەوەی خوا پێی ناخۆش بێ پێی دەکەن، درندە هەموو کارێکی نائینسانی لێ دەوەشێتەوە..

کەیوان زیاتر دڵی داخورپا، چونکە دینێ ئەمنەکەو دەموچاوە قوپاوێکەیەوە وبەیەک پەنجە، بانگی ئەکرەمی کرد.. هەر سیانیان وەستان.. ئەکرەم دەتگوت مێشێکیش میوانی نیە بەکەیوانی گوت:

ـ((کاک کەیوان.. ئێوە لێرەدا بوەستن، بزانن چی لێ دەکەم..))

ـ((ئاگات لەخۆت بێت..))

ـ((مەترسە..))

ئەکرەم بەچەند هەنگاوێکی درێژو گورج و گۆڵانە لەئەمنەکەوە نزیک بوویەوە و لەبەر دەمیدا ڕاوەستا، ئەو بەو پەڕی خۆبەگەورە زانین وُ لووت بەرزیەوە گوتی:

ـ((کوڕی باش ئادەی هەویەکەت..))

ئەکرەم بەچاوێکی قین و تورەوە بۆی ڕوانی و گوتی:

ـ((جارێ باسەرەتا پێت بڵێم، حیزب و شۆڕش، هەرگیز مرۆڤی وەکو تۆیان ناوێ))

کابرای ئەمن کەمێک پەشۆکا، ڕوخساری تێک چوو بەترسەوە گوتی:

ـ((بۆ؟))

ئەکرەم زیاتر دەنگی بەرز کردەوە:

ـ((چونکە تۆ هێندە بێ ئەدەبیت، بەیەک پەنجە خەڵکی بانگ دەکەیت!! ئەوە ئوسلوبە؟. ها.. ئەوە ئوسلوبە؟.))

پاشان بەهەمور هێزی مشتەکۆڵەیەکی سرەواندە نێو دەمی بابای ئەمن، لەزەبری مشتە کۆڵەکە، دەم و لوتی خۆی نەگرت وخوێن فیچقەی کرد.. دەرفەتی نەدار یەک دوو مشتەکۆڵەی دیکەی لێداو بەری چاوانی شین و

مۆر کردەوە.. پۆلیسەکەیش بەجارێ تۆقـی بـوو، کەوتـە نێوانیانو دەیگوت:

ـ((باوکم بۆخاتری خوا.. ئێوە هـەردووکتان کـوردن.. ئەم شەڕە بۆ ئەکەن..))

ئەکرەم:

ـ((بابزانی بەوەش وازت لێ ناهێنم.. دوایـی دەزانـی چ تاوانێکت کـردووە..)) لـێرەدا کـەیوان و هـەورامانیش گەیشتنە وێ کەیوان بـەرژکی ئەمنەکـەی گـرت و پـێی گوتـ ((تۆ دەزانی ئەو کوڕە چیە وا داوای هەویەی لێ دەکەیت، پێت بڵێم زارە تڕەت دەبیت..))

پۆلیس:

ـ((کاکە گیان ئـەم جـارە لەبـەر خـاتری مـن.. بـەس لەبەر خاتری من وازی لێ بێنن..))

ئەمنەکە لاڵ بوو بوو، نـەی دەوێـرا زاری بکاتـەوە و یەکێ وشە بدرکێنێ.. وای دەزانـی کـاکێ ئـەکرەم یەکێکـە لـەو تازماییانـەی کەبـەعس بـەنێو شـاردا بـڵاوی کردوونەتەوە و کردونی بـەچاودێری دائیرەکـانی دەوڵـەت زۆر دەترسا..

کەیوان گوتی:

ـ((کاک ئەکرەم.. ئەمجارە لەبەر خاتری ئەم برادەرە وازی لێ بێنە بەڵکو فێر ببێ، جارێکی دی، چۆن دەلوای هەویە لەخەڵکی بکات..))

پۆلیسەکە لەخۆشیدا، پەلاماری دەستی کەیوان و ئەکرەمی داو ماچی کردو بەڕێی کردن.. دواتر ئەمنەکە گوتی:

ـ((کاک ئیبراهیم.. تۆ بڵێی توشی شتێکم نەکات؟.))

ـ((مالی تۆیشم کاول کرد.. چەند جارم پێ گوتی وا بانگی خەڵکی مەکە؟))

ـ((جامن چوزانم ڕێم لەکەسێکی گەورەی وا دەکەوێت؟))

ـ((دەئیتر لەمەو دوا بزانە و تاگاداری خۆت بە.. ئیتستا با تەکسیەک بگرین و بڕۆین و دەموبلت بشۆی!!))

پاش چەند ساتێکی کەم تاکسیەک هات و سواری بوونو تەو ناوەیان بەجێهێشت و کابرای پۆلیسیش هەر لەبەر خۆیەوە جنێوی دەدا..

﴿ ٢١ ﴾

ـ((کاک کەیوان..))
ـ((بەڵێ..))
ـ((سااڵوون ڕازاو.. چۆن بوو.؟))
ـ((خۆش بوو..))
ـ((چۆن.؟))
ـ((زۆر بەتاسانی تەقاندمەوە..))
ـ((هیچت بۆ دروست نەبوو..؟))
ـ((سوپاس بۆ خوا نەخێر..))

((خوای گەورە چاک کارەکانمان بۆ ناسان دەکات..))
((زۆر چاک..))

-((خەڵکەکە چیان بەسەر هات.؟))

-((وەکو هەموو جارێ بوو بەغاردان ڕاکردن..))

-((چەند ترسنۆکن..))

-((پەروەردە نەکراون..))

-((بۆ چی هەمووی ڕاناپەڕێ.؟))

-((چونکە فێری ڕاپەڕین نەکراون..))

-((کەی فێر دەکرێن.؟))

-((هەورەگیان بزووتنەوەکەمان فێری ڕاپەڕینیان دەکات..))

-((ان شاء الله..))

-((مەگەر نابینی بەکردەوە خەریکین..))

-((زۆر ڕاستە..))

-((خوا یارمەتیمان بدات..))

-((کاک کەیوان..))

-((بەڵێ..))

-((بڵێی شەهید ببین.؟))

-((بەڵکو خوای گەورە شەرەفمان پێ ببەخشێ..))

-((بڵێی موشکیلەمان بۆ دروست نەبێ.؟))

-((بەحەتمی دروست دەبێ..))

-((ئیدی کوا.؟))

-((لەمەو دوا..))

-((بڵێی چی بێ؟؟))

-((گرتن..))

-((چی تر؟؟))

-((کوشتن..))

-((چی تر؟؟))

-((سوتاندن..))

-((خوایە شەهیدی..))

-((خوایە شەهیدی..))

پاش نیوەڕۆ بوو کەیوان و هەورامان بەکۆلانێکی زەرگەتەدا شۆڕ بوونەوە و نابەم شێوەیە قسانیان دەکرد، هەوایەک یاری بەقژە خاوەکەی هەورامان دەکرد.. جار جارە بەرزی دەکردەوەو دەی کرد بەسابات.. هەواکە بۆنی خاکی لێ دەهات بۆنی پایز.. مالی یەکەم و دووەمیان بڕی.. پاشان مالی سێیەم و چوارەمیشیان بەجێهێشت.. هاتن تاگەیشتنە بەردەرگایەکی زەرد، ڕاوەستان، کەیوان تەماشایەکی هەورامانی کردو هەنگاوێک چوویە پێشەوە.. پەنجەی نا بەسەر پلاکێک و لەژوورەوە دەنگی زەنگەکە بەرز بوویەوە کەیوان کراسە سپیەکەی بەسەر پانتۆلەکەیدا شۆڕکردبووەوە.. جارێکی دی پەنجەی نایەوە سەر پلاکەکەو دەنگی زەنگەکە بەرزبوویەوە.. تەمە مالی سەردار شەریفە.. سەردار یەکێکە لەو دڕندانەی کە ئەمن پەروەردەی کردووە، وەکو زەرو خوێنی کوردان دەمژێ.. چەندین دایکی بێ کوڕ کردووە، جەرگی چەندین باوکی سوتاندووە، چەند لاوی کوردی زیندەبەچاڵ کردووە.. بەشدارە لەتاوانی هەڵەبجەو ئەنفالەکاندا..

بۆ جاری سێیەم لەجەرەسی دایەوە، خشە خشێک لەو دیوی دەرگاکەوە هات، کەیوان دەستی بۆ لای کەلەکەی بەرز کردەوە دەرگاکە کرایەوە.. خۆیەتی.. سەرداری شەریفە، ئەمیش نەی کردە نامەردی، وەکو پلنگ لەژێر کراسە سپیەکەیدا هەڵیکێشایە دەمانچە چواردە خۆرەکەو چوار فیشەکی نابەتەپڵی سەریەوەو بۆی دەرچوو هەورەیش بەدوایدا.. کەلەکۆڵانەکەی خوارەوە پێچیان کردەوە، ئیدی گەیشتنە لای بەرازیلیەکەی رێبوار و بە جوورتە سوار بوون و بۆی دەرچوون..

رێبوار گوتی:

ـ((چی بوو کەیوان؟!))

ـ((مەگەر ئەجەلی نەهاتبێ، نەگینا هەڵناسێتەوە..))

ـ((لەکوێ یت دا.؟))

ـ((تەپڵی سەری..))

ـ((چەند فیشەک.؟))

ـ((چوار..))

-((دەستت نەڕزێ.؟))

-((خوا پاداشتت بداتەوە..))

-((کاک کەیوان..))

-((بەڵێ..))

-((ئێستا بۆ کوێ.؟))

-((ڕزگاری..))

-((بۆ نایخەیتە سبەینێ.؟))

-((بۆ.؟))

-((ماندویت.؟))

-((نا.. باڵوولەی دەمانچەکە سارنەبێتەوە.. داخی زۆرم لەدڵایە بۆ دوژمنانی خوا و ئیسلامەکەم.. تازەلای من ماندویەتی نەماوە.. بەپشتیوانی خوای گەورە دەبێ قڕانیان تێ بخەم.. دەبێ کارێکیان پێ بکەم، بیان کەم بەپەن.. خێرا بڕۆ کاک ڕێبوار.. ڕزگاری.. تا ڕزگاری مەوەستە.. باحسابێکیش بۆ ئەو سۆزانیە بکەم.. بزانم بۆچی ئاوا خۆی فرۆشتووە بەئەمن و ئەم گەلەبێ ئەخلاق

دەکات.. مەوەستە کاکە گیان مەوەستە.. خێرا بڕۆ خێرا..))

-((کاک کەیوان ئەم کچەیش..))

-((بەڵێ جەنابیشی سۆزانیە.. لەژێر پەردەی ماست فرۆشتندا و بەم ناوەوە، بەشەو و ڕۆژ، خەریکی بڵاوکردنەوەی فەسادە.. چەند جار ئاگادارمان کردۆتەوە.. پێمان گوتوە دەست لەم کارەی هەڵبگرێت ئەگینا دەیکوژین.. بەڵام وادیارە بووە بەژێر ئارەزووەکانیەوە.. بۆیە بەهیچ شێوەیەک ئامادەنیە دەست لەو کارەی هەڵبگرێت.. جامنیش ئێستا بەقوربانی دەبم.. خێراکە.. خێرا..)) پاش چەند دەقەیەک گەیشتنە ڕزگاری، لەسەر سوچی کۆڵانەکەدا، بەرازیلیەکەیان ڕاگرت.. ڕێبوار گوتی:

-((ئەی ئەگەر کچەکە دەرگاکەی نەکردەوە..؟))

-((دایکی دەیکاتەوە..))

-((دایکیشی سۆزانیە..؟))

-((بەڵێ.. هەردووکیان پێکەوە.. لەو ماڵەدا تەنها ئەو دایک و کچە دەژین.. پیاویان نیە.. هەر دووکیان

نـەوە کاریانـە.. دەبـێ هـەر دووکیـان بکـوژم..))
پاشان هەورە و کەیوان دابەزین، وەکـو دوو هـەڵۆ فڕیـن
لەبەر دەرگا سورەکەدا ڕاوەستان.. دوو جـار لەجەڕەسیان
دا.. دەرگاکـە کرایـەوە.. کچەکـە بـوو.. کـەیوان گوتـی:
ـ((ماست هەیە؟))

کچە لـەژێر کراسـێکی تـەنکی سپیدا بـوو.. هـەردوو
باڵی تاسەر شانی ڕووت بوو، بەخۆبادانێکەوە گوتی:

ـ((فەرموو وەرە ژوورەوە..))

کەیوان ڕۆیشتە ژوورەوە کچە ویستی دەستی بگرێت،
ئەم تـاتوانێ پـاڵێکی پێوەنـا.. ئـەو کـەوت.. ئـەم هـەڵی
کێشایە دەمانچە و چوار گوللەی نـا بەتـەپڵی سـەریەوە..
بینـی دایکیشـی لـەژوورەوە دەرپـەڕی.. ئـەم نەبەردانـە،
چوار فیشەکیشی نا بەتەپڵی سەری ئەوەوە هـەردووکیانی
ڕەوانـەی دۆزەخ کـردو بـۆی دەرچـوو.. هـەورامانیش
بەدوایدا..

گەیشتە بەرازیلیەکەو سوار بـوون.. بـەرازیلیش بـاڵی
لێ پـەیدا بـوو، زۆر بـەتوندی دەڕۆیشـت.. پـاش چـەند
دەقیقەیـەک بەرازیلیەکـە خـۆی کـرد بـەماڵی ڕێبـواردا..

یەکەم کاری کەمامۆستا کەیوان کردی لەژووری میوان، سوجدەیەکی شوکور بوو بۆ خوای گەورە..

پاشان سەری لەسەر فەرشەکە بەرزکردەوەو دەستەکانی بۆ ئاسمان بلند کردەوە، چاوەکانی کز کردوو بەدەنگێکی پڕلە تاسەو ئەوین و سۆزەوە گوتی:

ـ((خوایە.. خوایە گیان.. یاکەریم.. یا ڕەحمان.. یا ڕەحیم.. یا وەدود.. خوایە گیان.. شەهیدیمان پێ ببەخشە.. خوایە بێ بەشمان مەکە لەو شەرەفە.. خوایە بەسەربازی ئاینەکەی خۆت قوبوڵمان بکە.. خوایە لەسەر دەستی ئێمەدا سەربەرزی بگێڕەوە بۆ دینەکەت..))

دواتر دەستی نزم کردەوەو هەڵسایە سەر پێ و ئەملاولای هەورامانی ماچ کرد، پاشان ئەملاولای ڕێبواریشی ماچ کردو پیرۆزبایی ئەم سەرکەوتنەی لێ کردن..

هەورە گوتی:

ـ((خوای گەورە فەتحی کوردستامان پێ ببەخشێ..))

ـ((ئامین..))

ـ((ئامین..))

لەدەریەندی ئەم دوو ئامینەدا بووون، نەسرین بەسینیەکی پاقلاوەوساردیەوە هات و بەخێر هاتنێکی گەرمی کردن و سینیەکەی دانا و گەڕایەوە دواوە.. سینیەکەی سێ ساردی و چەند پاقلاوەو برمەیەکی شیلاوی لەسەر بوو.. کەیوان خۆی نەگرت و گریا.. گریانێکی لەسەرخۆ.. ڕێبوار گوتی:

ـ((ئەوە چیە؟. بۆ دەگریەی کاک کەیوان..))

کەیوان فرمێسکەکانی زیادی کردو لەبەر خۆیەوە گوتی:

ـ((لتسئلن، عن هذه النعیم))

کەهێور بوویەوە، هەر چۆنێک بوو، ڕێبوار قەناعەتی پێکرد کەپاقلاوەو ساردیەکە بخوات.. ئیدی هەر سیانیان ناوی خوایان هێناو دەستیان پێ کرد.. پاشان کەیوان گوتی:

ـ((پێغەمبەری خوا دەفەرموێت: (ئێمە کەسانێکین.. تا برسیمان نەبێ ناخۆین، ئەگەر خواردیشمان تێر ناخۆین..))

-((کاکێ کەیوان، زۆر خواردن مرۆڤ تەمەڵ دەکات..))

-((ئێمەیش بۆ ئەوەی تەمەڵ نەبین نابێ زۆر بخۆین.. زۆر ناخۆین بۆ ئەوەی بتوانین بەباشی ڕاوە بەعسی بکەین..))

هەردوو وشەی ڕاوەبەعسی، پێکەنینی خستە سەر لێوی هەورامان و ڕێبوار.. ڕاوە بەعسی بەڕاستی وتەیەکی جوانە.. پڕ بەپێسی کارەکانیانە.. ڕاوە بەعسی.. بەعسی ڕاوکردن..

هەر لەبزووتنەوەی ئەرقەم دێ.. ئالەم ساتانەدا کە تفەنگەکان خەوتوون، تەنها تفەنگەکەی بزووتنەوەکەی کەیوانە، کەلەڕاوکردنی بەعسیان ناکەوێ.. کێ دەڵێ ڕۆژگارێک نایەتە پێش، فەزڵی تەم تفەنگە شێرەی کەیوان ژێر پێ بخرێت و تفەنگە خەوتووەکان، خۆیان بکەن بەخاوەنی هەموو شتێک.. کێ دەڵێ.. کێ دەڵێ.. مەگەر دنیا وەفای بۆ کەس هەیە..

٢٢

شەوی ١٦/١٢/١٩٨٨، سەعات دوانزەو نیوی پڕ لەتاریکی و تارمایی سێ ئۆتۆمبیل لەبەردەمی مالی مامۆستا کەیوان دا راوەستانو چرپ و هوڕ دەستی پێ کرد..

شەوێکی ساردی چۆن سەهۆڵ بەندان، چۆن بارینی بەفرو شین بوونی زریان، چۆن هەناسەی باوکێکی پیری کوڕ مردو..

سێ ئۆتۆمبیلەکە پڕبوون لەچەکداری بەرگ سەوز، دەموچاویان لەنێو تاریکیەکەدا، لەپۆستالی شەقاربووی چەند سالٚ لەپێکراوی دەکرد..

لەچاو تروکاندنێکدا، ئۆتۆمبیلەکانیان بەجێ هێشت و بەپێی نەخشەیەکی داڕێژراوی سەربازی دابەش بوون،

کۆمەڵێکیان لای خوارەوە، کۆمەڵێکیان لای سەرەوەو دووانیان سەرحەوشەکەو چواریان بەسەر حەوشەکەدا خۆیان فڕێدایە ژوورەوە..

مالی کەیوانیش بێ ئاگا لەهەموو شتێک، چووبوونە دنیای خەونەوە، خەونی ئارام و لەسەر خۆ هێدی، خەونی ڕەنگینی یوسفی، کەژاوەیی، چۆن پەلکەزێڕینەی پاش بارانی بەهار.. دابڕاون لەهەموو شتێ و لەم دنیا جەنجاڵە.. لەئازارو خەم و خەفەت، لەدەزگای ئەمن و یەکانەکانی بەعس..

لەژووری نوستندا، دایکی لەلای ڕاستەوە خەوی شیرنی لێ کەوتووە، کەیوانیش لەلای چەپەوە بوخاری و موسلیمیش لەنێوانیاندا، پەردەیەکی ناسکی خەو دای پۆشی بوون.. زۆر هێواش و بێ دەنگ، جگە لەخشپەی هەناسەی ئەو چوار ئینسانە نەبێ، هیچ دەنگێکی کە نەدەبیسرا..

کێ دەزانێ ئێستا کەیوان خەون بەچیەوە دەبینێ؟!

کێ دەڵێ هەنووکە لەخەونیدا بزووتنەوەکەی نەبۆتە شۆڕشێکی گەورەو هەموو دنیای لەبەندایەتی بەندە ڕزگار نەکردووە؟.

ئەی دایە.. بڵێی دایەی کەیوان لەم ساتە وەختەدا خەون بەچیەوە ببینێ؟.

کێ دەزانێ ئێستا لەخەونیدا، ژنی بۆ کەیوانە خۆشەویستەکەی نەهێناوەو کەس و کاری دەعوەت نەکردووە و جەژن ناگێڕێ؟.کێ دەزانێ دایە خەون بەچیەوە دەبینێ؟. ئاااای دایە گیان، تۆ چەند ناسک و سۆزاویت؟ چەند بەختیاری کوڕە شیرینەکەتت دەوێ؟. چەند بیر لەپاشەڕۆژی دەکەیتەوە؟. چەند؟. چەند؟.

ژوورەکە زۆر بێ دەنگە.. کڕیی لێ دەباری.. وێ دەچێ دورگەیەکی چۆڵ و هۆڵ بێ.. وێ دەچێ نیشتمانێکی هێمنی بێ..

ئالەم دورگەیەدا،

ئالەم نیشتمانی هێمنیەدا، چەتەکانی مولازم عەلی، بەشەق دەرگاکەیان شکاندو کردیان بەهەراو فەرتەنەو هەر چوار مرۆڤەکەیشی بەخەبەر هاتن..

بێ ئاگا لەدەورو بەر، لەدنیا، بێ ئاگا لەهەموشت، چاوەکانیان هەلگلۆفت، دیتیان مالۆسە جل سەوزە

ڕەش تاڵەکانی دەزگای ئەمن، دەڕشێنەوە بەسەریانا و جنێوی پیس پیسیان پێ دەدەن..

بوخاری و موسلیمی چکۆلانە، خۆیان لەکراسەکەی دایەیان پێچابوو، نەملاولایان لێ گرتبوو.. ئەم دوو پەپوولەیە لەهیچ تێ نەدەگەیشتن.. هەر هێندەیان دی کەلەپچەیەکیان کردە دەستی کەیوانی برایان و چاویان بەست و بەپاڵ و شەق بردیانەدەرەوە.. دواتریش هەرچی کتێب و شریت و ڕەسم و دەفتەری کاکە کەیوانیان بوو، تاڵان کرا..

کەئەوان چوونە دەرەوە، ئەمانیش لەگەڵ دایەی زمان بەسراوی خۆشی نەدیویاندا، ڕۆیشتە دەرەوە، بینیان سێ ئۆتۆمتیلەکە، یەکێ بەدوای یەکدا، لەبەر دەرگاکەیانداو زۆر بەتیژی دەفڕێن.

ئیتر مالی کەیوان بوو بەئەستێرەی گریان و ترس، دایە لەرز دایگرت و جەستەی پەشۆکا، نەی دەتوانی خۆی بەپێوە ڕابگرێ..

منداڵەکانیش هەروا، دەگریان.. دایەش دەگریا..

ئەوە چی بوو؟

چی ی ی؟؟!!

کەیوانیان برد..!!

چۆن.؟ چۆن.؟ چۆن.؟

نابەم خێراییە!!
چۆن.؟
تەواو بوو!! تەواو بوو!! تەواو بوو!!
ئەی خەونەکان؟. ئەی ئومێدە پەمەییەکان؟
ئەی سبەینێ؟.
چۆن بوو خێرا بردیان.؟
مێشکی دایە، وەکو ئەشکەوتی شاخە بەرزەکان، دەنگی دەدایەوە.. هاواری لێ بەرز دەبوویەوە.. هاواری گەورەو تونـدو تیژ.. وەلێ ئەفسوسی ئینسانەکانی ئـەم سەردەمە نای بینن!!

★★★ ★★★ ★★★

سبەینێ ڕۆژی هەینی یـە.. کـەیوان سـەعات هەشـتی سەرلەبەیانی، لەداخلی ((تمریض)) کۆبوونەوەی هەیـە.. دەبێ لەگەڵ ئەندامانی ڕاوێژدا کۆببێتەوە..

سەعات هەشتی ڕێک هەورامان گەیشتەئەوێ، بینی تەنها کاک ئەحمەدی لێیە.. زۆر سەری سوڕما.. پێنج دەقە تێپەڕی و کەس نەهات، بوو بەدە دەقە، بوو بەچارەک، دیسان کەس نەهات..

هەرگیز شتی وانەبووە!! کەی مامۆستا کەیوان لەکۆبوونەوە دوا کەوتووە.؟ مەگەر ئەو هەمیشە چارەکێک پێش هەموی ئامادە نەدەبوو.. ئەدی بۆ دواکەوتووە؟.

ئەی ئەوانی تر؟.
سۆران کوا.؟
عەلی و دارا؟
ئەکرەم ولوقمان و موسا؟.
یاسین؟
کوان!! بۆ دیار نین!!
هەورە نارامی لێ برا، دڵی خەبەری ناخۆش ناخۆشی دەدا وەکو شێتانی لێهات.. گوتی:

ـ((کاک ئەحمەد..))

ـ((بەڵێ..))

ـ((کاک کەیوان کەی هێنده دواکەوتووه؟.))

ـ((دوانەکەوتووه..))

ـ((ئەمە یەکەم جاره..))

ـ((بەڵێ..))

ـ((نەخۆش نەبێ؟.))

ـ((نا نا.. نا انشاء الله..))

ـ((ئەی بۆ درا کەوت.؟))

ـ((نازانم..))

ـ((ئەی ئەوانی تر.؟))

ـ((بڵێم چی.؟))

ـ((کاک سۆران کەی دواکەوتووه.؟))

ـ((نازانم بڵێم چی.؟))

سەعات گەیشتە هەشت و نیو، دیسان دەنگ نەبوو، کەس نەهات:

ـ((کاک ئەحمەد..))

-((گیان..))

-((هەستە بابڕۆین هەواڵێکیان بزانین..))

-((لەکوێ؟..))

-((لەماڵەوە..))

-((ماڵی خۆیان؟.))

-((بەڵێ..))

-((دەترسم تاخۆمان دەگەینە ئەوێ، ئەوان بێن..))

-((دەڕۆین و خێرا دەگەڕێینەوە، بەتاکسی دەڕۆین.))

-((بابڕۆین))

*** *** ***

تاکسیەکە گەیشتە بەدەرکی ماڵی کەیوان، ئەمان دابەزین ئەویش ڕۆیشت، هەورامان بەرەو دەرگاکە هات، دیتی بوخاری و موسلیم لەپەنای حەوشەکەیاندا، کزۆڵ

کزۆڵـێ هـەڵکورماون، ڕەنگیـان زەرد بـووە، خـەم لەجەستەیان دەباڕێ.. تەم ترسا، گیـانی لـەرزی، لێیـان نزیـک بوویـەوە سـەلامی لێ کـردن و هـەردووکیانی لەباوەش گرتو ماچی کردن..

پاشان پرسی:

ـ((بوخاری، کاکە کەیوان لەکوێیە.؟))

بوخاری چـاوی پڕبـوو لەفرمێسـک، بـەدەنگێکی پـڕ لەقوڵپەی گریانەوە گوتی:

ـ((تەمشیو هاتن و چاویان بەست و دەستیان بەست و بردیان..))

ـ((کێ بردی.؟))

ـ((نازانم.. چەند پیاوێک بـوون.. جلی عەسـکەریان لەبـەردا بـوو.. تفەنگیشـیان پـێ بـوو.. کتێبەکانیشـیان برد..))

هەورامان و ئەحمەد لەناخەوە تێکشکان، هەروژوانو وردو خـاش بـوون، دڵیـان کەوتـە لـەرزین، گـەرووبان برژایەوە، پەڵمە گریان بوون، هەورە چیدی خۆی نەگرت

و بـــانگی گریـــانی لێ دا.. ئەحمـــەدیش بـــەدەم هەنسکەوە گوتی:

ـ((بابڕۆین هەواڵێکی ئەوانی تریش بزانین.))

هەورامان بێ قسەکردن دوای کەوت، تاکسیەک هات و سواری بوون.. خۆیان گـەیاندە بـەرماڵی عـەلی و دارا، دابەزین و ئەحمەد چوویە پێشـەوە، پەنجـەی نایـە سـەر پلاکی زەنگەکە، جارێک و دووان سیان، دەنگ نـەبوو.. دواتر دراوسێ کەیان هاتە دەرەوە.. ئافرەتێکی کورتە باڵا بوو.. گوتی:

ـ((فەرموو کاکە چیت دەوێ.))

ـ((هیچـم نـاوێ پـورێ گیـان، خزمـی ئـەم ماڵـەم هاتووم بۆڵایان نازانی بۆ کوێ ڕۆیشتوون.))

ئافرەتەکە لێی نزیک بوویەوەو بەئەسپای پێی گوت:

ـ((خزمیانیت.؟))

ـ((بەڵێ..))

ـ((کاکه ئەم شـــەو مـــولازم عـــەلی بەسـێ ســەیارەوە هـات و عـــەلی و دارای بـردو ئـەمانیش جـارێ چۆڵیـــان کردووە.. خێرا برۆ تاتوشی شتێکیان نەکردوویت.))

ـ((سوپاس پورێ گیان))

ـ((خێرا برۆ..))

بەچـەند هـەنگاوێکی خـێراو درێـژ، گەیشـــتەوە لای هەورامان:

ـ((هاچیە؟))

ـ((ئەوانیش گیراون..))

ـ((گیراون؟.))

ـ((بەڵێ..))

ـ((ئەی مـاڵی باوکی؟))

ـ((جارێ چۆڵیان کردووە..))

هەورامان پێڵـوی چاوەکـانی نایـە سـەریەک و پاشـان بـــەکوڵ و بـــە لێشـــاو فرمێســـک لەچاوەگەشـــەکانیەوە دابارین..

ئەحمەد:

ـ((لێرە مەگری.. ئێستا کاتی فرمێسک نیە.. خێراکە بابڕۆین بۆمالی کاک سۆران.. بۆمالی ئەوانی تر.. بزانین چیان بەسەر هاتووە؟.)) کەمالی سۆرانو مالەکانی دیکە گەڕان، دیتیان ئەندامانی شورا هەمورویان گیراون و تەنها خۆیان ماونەتەوە، کەواتە ئەمان دەبێ لەمەودوا، سەرکردایەتی بزووتنەوەی ئەرقەمی کوڕی ئەرقەمی مەخزومی بگرنە دەست؟. باشە دەبێ هەنووکە چی بکەن؟!!!

٢٣

کەیوانیان بەپاڵ و بەشەق و بەجنێوی پرسواکەرو بەدەستی کەلەپچەو چاوی بەستراوەوە هێنایە بەردەمی بەڕێوبەری ئەمن..

بەڕێوبەر کابرایەکی زلی کەتە بوو، وێ دەچوو کاروانی تەمەنی هەورازی سی وپێنج ساڵانی بڕیبێ.. کەئەو دیمەنەی دیت، بەعەرەبی هاواری کردو نەڕاندی بەسەر جەللادەکاندا..

ـ((ئەوە بۆ لەو کورە هەڵدەدەن.. بێ قیمەتینە.. وازی لێ بێنن.. دەست و قاچی بکەنەوە.. دەی خێرا.. خێرا.. چەند درندەن.. ئەڵێی جولەکەیان بەگیر هێناوە..)) کەیوان زۆر سەری سوڕما:

بڵێی دارستان گوڵی ئاسمانی گرتبێ؟.

بڵێی ڕەشەبا لەسروەدا توابێتەوە؟.
بڵێی شەو خۆری پرچ زەردی دەرەخشانی بووبێ؟.
ئەمە چیە؟!!
ئەمە چیە؟!!
ناخر کەی شەپۆلی ڕووبارە شێتەکان، ڕۆژێ لەڕۆژان وەکو کەو خوێندویانە؟!
ئەمە چیە؟!!
ئەمە چیە؟!!
لەشەوێوە تا ئەم حاڵی حازرە، یەک یەک لێی دەدەن و وەکو بەراز دەڕشێنەوە بەسەریدا! تۆفانی ئەشکەنجەی بەسەردا دەبارێنن، بەبێ ئەوەی کەسی، جەللادی، مرۆڤی کێبڵ بەدەستی تۆزقاڵێک، بەسنوری گەورەیی گەردیلەیەک، بەزەیی پیایدا بێتەوە و کەمێک نازاری لەسەر سوک بکات..

لەشەوێوە جەستەی ئەمی گوڵە گەنم و جەستەی کێبڵی نازاردەر، بەریەک دەکەون و لەیەک دەخشێن، جەستەی کێبڵی بێ شعور وەکو خۆی وایەو جەستەی شعورداری ئەمیش، شین ڕ مۆر بووەتەوەو لەهەندێ جێگایش، خوێن هەڵدەقوڵێ، خوێنێکی سوری گەرم!!
ئەمە چیە؟!!

لەم دەنگە تێ ناگات!!

لەشەوێوە ئاوەهاو ئێستایش کەگوێی لەم ئاوازە پڕلە خۆشەویستی و مرۆڤ پاراستنە بوو، کەبەرگری لێ دەکات زۆر دڵ خۆش بوو..

دڵ خۆشی وەکو پەلە گیایەکی سەوز، بەلاملی شاخی سەر سوڕمانەوە، لەپاش دروست بوونی، خەنی..

کەیوان هەرگیز گومانی نەبرد لەو جۆرە جێگایانەی کەکەس گوێ بۆ نالەو داد و ئازارەکان، برینەکان، دڵۆپە خوێنەگەشەکان، ناگرێت.. بەخۆی گوت..

((ئەمە جۆرێکە بێ لەو فریشتانەی کەخوای گەورە لەکاتی پێ گیران و تەنگانەی بەندەکانیدا، دەیانێرێت بۆ هاوکاری کردن و بەپیرەوە چوونیان.. تۆ بڵێی ئەم دەنگە یەکێ بێ لەوانە!!))

جەللادەکان بەپەلە دەست و چاویان کردەوە و وەک بتەکانی نێو کەعبەی سەردەمی نەفامی کۆن، لەدوورەوە ڕاوەستان، بەڕێوەبەر دیسان تورەبوویەوە پێی گوتن:

ـ((برۆنـه دەرەوە.. دەی برۆنـه دەرەوە.. کەسـێک کەهێشتا باس و خواسێکی لەگەڵدا نەکراوە، ئیدی چـۆن ئازاری دەدەن؟))

جـەللادەکان ڕۆیشـتنە دەرەوە و کـەیوانیش تـەزو لەدوای تەزو بەگیانیدا دەهات و هیچ لەو سات و کـات و قسانەی نەدەگەیشت.

خـەیاڵی لای دوو دنیـا بـوو، دنیـای ئـەو دیـوی دەرگاکـەو دنیـای ئـەم دیـوی دەرگاکـە.. لەناخـەوە دەی گوت:

ـ((ئەودوو دنیایە چەند جیـاوازن لەیـەکتری!! ئـەوێ تـەنها بـێ ئـابڕووی و تـێ هـەڵدان و تـف و جنێـوەو، ئێرەیش سۆزو خۆشەویستی و مرۆڤایەتیە، بەڕاستی دوو دنیای لەیەک دابڕاون!! دەبێ ئەم کابرایە کێ بێ؟!!))

لەدەڤەری ناکـامیدا هـەڵفڕی و گەڕایـەوە دورگـەی ئاگایی چاوێکی بەسەر مێزەکەدا خشـاند، دیتـی لەسـەر پارچەیەک کەوەکو تەختـەی بۆیـاخ کـراو وایـە نوسـراوە: ((بەڕێوبەری ئەمن))

ئیدی بەخۆی گوتنـ((کەواتـە ئـەم پیـاوە فریشـتە نیە.. بەڕێوەبەری ئەمنە.. ئەی ئەم قسە هەنگوینیانە چی بوو..))

-کابرا، زیاتر خامۆش نەبوو، گفتو گۆکـەی نـاوەوەی پێ بڕی: ـ((کاک کەیوان.. سەرەتا داوای لێبوواردنـت لێ دەکـەم، بەڕاسـتی مـن ئاگـام لـەو ئازاردانـەی جـەنابت نەبووە.. من تەنها گوتم برۆن کەیوانم بۆ بهێنن و تۆزێک کارم پێپەتی.. ئیتر نەمگوتووە دەستی کەلەپچە بکـەن و چـاوی ببەسـتن و ئابـەم شـێوەیەی لێ بکـەن.. داوای لێ بووردن دەکەم.. ئەمانە گوێ درێژن.. لەهیچ شتێک حالی نابن.. جگە لەشەق هیچ شتێکی تر نازانن..))

کەیوان هێندەی تر سەری سوڕما، چەند جار لـەخۆی پرسی!

ـ((ئەمە چ زمانێکـە؟ ئەمـە چـۆن مرۆڤێکـە؟. ئـەم ژووڕە چ ژووڕێکە؟!.))

بەڕێوەبەر دەستی پێ کردەوە:

ـ((کاک کەیوان.. وەرە دانیشە.. لەسەر ئەم کورسـیە نزیکی خۆم دانیشە..))

کەیوان دانیشت، دەنگی زەنگێک هات، جەللادێک دەرکەوت، بەڕێوەبەر پێی گوت:

ـ((باکەس جاری نەیەتە ژوورەوە خۆیشت نەیەتە ژوورەوە.. هەر کەس هات بڵێ دەرفەتی نیە، بادوایی بێتە ژوورەوە..))

ـ((بەڵێ گەورەم..))

بە پەلەڕۆیشتەدەرەوەو دەرگاکەی لەدوای خۆیەوە پێوەدا.. دیسان بەڕێوەبەر تێ هەڵچوەوە.

ـ((کاک کەیوان ئەوەی راستی بێت، بۆ کارێکی یەکجار گرنگ تۆم بانگ کردوە..))

کەیوان جلەوی ئەقڵی خۆی گۆڕی ، بەخۆی گوت!!

ـ((ئەم ماستە بێ مووئیە..))

پاشان بەوی گوت!

ـ((فەرموو))

بەڕێوەبەر بەئەسپای گوتی!

ـ((ماوەیەکە بەوردی چاودێری مزگەوتەکان دەکەم وچاودێری ئەو گەنجانە دەکەم کەکار بۆ ئیسلام دەکەن، هیچیانم بەدڵ نیە..لەم قسانەم سەرت سوڕ نەمێنێت..))

کەیوان چاوی برپە چاوەکانی، ڕێک لەقوڵای چاوەکانی ئەو ڕادەما، لەوێ ڕاستی دەخوێندەوە، لەوێ ڕا، هەندێ شت حاڵی بوو، بۆیە لەدڵی خۆیدا گوتی:

ـ((ئەم کابرایە وادیارە زۆر شەیتانە..))

ئەو گوتیـ((من ئەندامی حیزبی دەعوەی ئیسلامیم و بە فەرمانی حیزب لێرە کاردەکەم.. ئەمەش هەویەکەمە..))

هەوێیەکی سپی بوو، مۆری حیزبی دەعوەی پێوە بوو، کەیوان وەری گرتو لێی وورد بوویەوە، بەخۆی گوت!

ـ((دیارە زۆر شەیتانە))

پاشان دایەوە دەستی، بەڕێوەبەر هەناسەیەکی پڕلە کەسەرو خەمی هەڵکێشاو دواتر ڕویکردەوە..

ـ((کەیوان.. من هەرچەندە دەمەوێ لەم شارەدا، کارێکی ئیسلامی بکەم کەسێکی وام دەست نەکەوتوە هاوکاریم بکات.. کەسێکی وا کەزۆر بڕوام پێی بێ.. تاخر ئەم جۆرە کارانە ئەگەر لای ڕژێم ناشکرا ببێ، ئیدی سەرو مالت تیادەچێ..))

ئەو بێدەنگ بوو، ئەم لەناخەوە گوتی!

ـ((شەیتان.. شەیتان..))

ئەو گوتی!

ـ((پاش چاودێریەکی زۆری ئیسلامی لەم شارەدا، من لەلایەنی خۆمەوە تۆم هەڵبژاردوە کەپێکەوە کاربکەین.. با بەیەکەوە کاربکەین بۆ ئەم ئیسلامەی کەبەتەواوی خەریکە لەناودەچێ..))

کەیوان بەبەردەوامی قسەکانی ئەوی لەمێشکی دا تاوتوێ دەکرد جگە لەم روشەیە هیچی دیکەی بۆ نەدەهات:

ـ((شەیتان.. شەیتان.. شەیتان..))

ئەو گوتی:

ـ((پارەیەکی زۆریشم لە بەردەستایە، هەرکارێکمان بوێت، دەتوانین ئەنجامی بدەین..))

ئیدی بەڕێوەبەر بێدەنگ بوو، دەیویست مەرامی قسەکانی وەربگرێت، دەیویست بزانێت هەڵوێستی کەیوان چۆنە.. نەی دەزانی ئەم لەدڵی خۆیدا جگەلە((شەیتان)) هیچ شتێکی دیکەی پێ ناڵێ..

ـ((دەڵێی چی کەیوان.. بۆ بێ دەنگی؟!))

کەیوان سەری بەرزکردەوە و لەڕوخساری کابرا ڕامـا، هەستی بەڕق و قینی دنیا دەکرد بەرامبەری، دەی زانـی ئەم شەیتانە دەیەوێت بیخەڵەتێنێ.. دەیەوێ پاشقولی لێ بدات، وێستی ئەمانەی پێ بڵـێ.. بـەڵام نـەخێر.. جـارێ کاتی نەهاتووە.. بۆیە گوتی:

ـ((ئـەم کـارەی جـەنابت دەیکـەیت کـارێکی باشـە.. بەڵام من بـە هیـچ جۆرێـک تاقـەتی نـەم جـۆرە کارانـەم نیە؟.))

ـ((بۆ؟.))

ـ((سـەرەتا بـاوکم نیـە و دایکـم و دوو منداڵـم بەسەرەوەیە و دەبێ بیان ژێنم و ئەگەر من نەبم ئەوانیش پەکیان دەکەوێت و دواتریـش، مـن هـەر وەکـو سروشـت تاقەتی کاری سیاسیم نیە..))

ـ((ئەی تۆ موسڵمان نیت؟.))

ـ((با))

ـ((ئیتر چۆن شتی وا دەڵێی..))

ـ((بڵێم چی.. ئەوە ئەرکی مەلاکانە..))

کەیوان!

ـ((درۆم لەگەڵدا مەکە))

ـ((درۆی چی..))

ـ((تۆ چۆن تاقەتی کارکردنت نیە..))

ـ((ئێ خۆیەزۆر نیە..))

ـ((تاوا..))

ـ((بەڵێ..))

ـ((یانی تۆ کار ناکەیت بۆ ئیسلام..))

ـ((نەخێر..))

ـ((درۆ مەکە..))

ـ((جا درۆ بۆ دەکەم..))

ـ((باشە..))

دیسان پەنجەی نایەوە سەر پلاکەکەو دەنگی زەنگەکە بڵندبوویەوە، جەڵلادەکە هاتە ژوورەوە، ئەم گوتی:

-((بیهێنە ژوورەوە..))

-((بەڵێ گەورەم..))

کەیوان لەمە حاڵی نەبوو، هێندەی زانی یەکێک لەقوتابیە تازەکانی کەناوی شۆڕش ئەبوبەکرە هاتە ژوورەوە و گوتی:

-((گەورەم فەرموو..))

-(ئەم کوڕە کێ یە..))

-((گەورەم ئەوە کاک کەیوانە..))

پاشان ڕووی کردە کەیوان و گوتی:

-((دەی ناسی.. قوتابیەکەت دەناسیەوە.. ئەوە کوڕی ئێمەیە.. خۆمان ناردمانە لاتان.. نابێم درۆ کردن باش نیە..))

بەشۆڕشی گوت:

-((ئێوە بڕۆنە دەرەوە..))

کەیوان لەوێدا حاڵی بوو، تاشۆڕش چوویە دەرەوە، چاوەکانی لێ ون نەکرد.. کەدوو بەدوو مانەوە، بەڕێوەبەر گوتی:

-((ئێستایش درۆ دەکەیت..))

-((من درۆم نەکردووە..))

-((کەیوان.. خۆت عەزیەت مەدە، ئێمە هەموو شتێک دەزانین، ناوی قوتابیەکانتمان بەرێ، نەسەری خۆت بیەشێنە و نەسەری ئێمەیش..))

-((قوتابی چی.. من قوتابیم نیە.. پاشان ناوت بۆ چیە!!))

-((مادەم وات لێ هات، با ڕاستیت پێ بڵێم.. چیرۆکی ئەم هەویە، دەست هەڵبەست بوو.. ئێوە ئیتر تەواو.. خۆیشت و قوتابیەکانت لەمەو دوا گوللە باران دەکرێن.. ئێوە تەواو.. وەجبەی یەکەمتان گیراوە.. دووەمیشتان دەگیرێ.. ئێستا وەجبەی یەکەمت نیشان دەدەم..))

دەنگە ناسازەکە بەرز بوویەوە، جەللادەکە هات، ئەم پێی گوت:

-((بیان هێنن..))

کەیوان هێندەی زانی، بەپاڵ نەندامانی شورای بزووتنەوەی ئەرقەمی کوڕی ئەرقەمی مەخزومیان کردە ژوورەوە.. هەموویانیان ڕیز کرد.. تەنها هەورامان و ئەحمەد یان ناتەواوە، ئەم زانی کەشف بوون.. زانی کار لەکار ترازاوە، پەلاماری دان دەستی کرد بەئەملاولا ماچ کردنیان.. لەگەڵ سۆراندا یەکتریان گوشی و یەکی دوو فرمێسکی گەورە لەچاوەکانیانەوە سەرچاوەی گرت.

بەڕێوەبەریش لەو دیمەنەدا ڕاما، ئەم دیمەنە شاخە ڕەقەکانی دنیا دەتوێنێتەوە و هەرەسیان پێ دێنێ، تاسمانە دورەکان دەگەیەنێ، دڵی مرۆڤ دەکات بەناو، وەلێ بەداخەوە، بەڕێوەبەری ئەمن، هیچ یەک لەمانە نیە.. لەشاخ ڕەق تر، یەک دڵۆپ شعورو ویژدان و سۆزی تیانەماوە، بۆیە لەناخەوە بەم دیمەنە نابزوێ و ناخرۆشێ..

کەیوان دەیزانی تەواو.. ئیدی دەرفەتی لەف و دەوران و قسەی ئەو دیوی پەردە نەماوە.. دەبێ بەئاشکرا دینی خوا ڕابگەیەنێت.. ئیدی چی دەبێ ببێ.. بۆیە

تەماشایەکی بەڕێوەبەری ئەمنی کـردو بەهـەموو دەنگی هاواری کرد:

((الله اکبر))

هەمو قوتابیەکان بەدواێدا هاواریان کرد:

((الله اکبر))

ئیـدی دەنگـی اللـه اکـبری قوتابیـــانی بزووتنـــەوەی ئەرقەم، لەنێو دڵی دەزگای ئەمندا، بەرزبوویـــەوەو ئـەو ناوەی نایە یەک..

٢٤

سۆران لەژووری ژمارە شەشی زیندانەکاندا بوو.. ژووری تاکە کەسی و تەسک و تروسک و لێل و بێ ڕووناکی.. بەتانیەکی گەچاوی، چلکن، شان و ملی داپۆشی بوو، لەم ژوورە تاریکەدا تەنها خاوەنی ئەم بەتانیەیە، نەی دەزانی چی لێ بکات!! نیوەی ژوورەکە پڕە لەئاوو پیسی، دەلێی لەسەردەمی ئادەمەوە تا هەنووکە پیسایی مرۆڤی تێ دەکرێت، ئەگەر بەتانیەکە ڕابخات، ئیدی ڕەنگە چلکنیەکەی و، گەچاویەکەی و، تەڕایی و پیساییەکە ئاوێتەی یەکتری دەبن.. ئەوجا بەکەلکی هیچ نایە.. چی بکا.؟! هەژارە!! ناچارە، دەبێ

بەچیچکانەوە دابنیشێ و پشتی لەدیوارەکە گیر بکات و بەتانیەکە لەشان و ملی بتالێنێ..

ئالەم زیندانە تاریکەدا، کەدەڵێی ئاسمان بەسەریدا هەرەسی هێناوە و زەوی کۆڵ تێیدا تێکشکاوە، کەدەڵێی پیرێژنێکی دان هەڵوەری قژڕووتاوی پشت کۆمی تەوێڵ چڕچاوییە دەیڕوانیە دوێنێ شەو.. ئاااای لەنیوەی شەوی دوێنێ!!

چۆن لەگەڵ ماڵەوەیاندا، بوو بوون بەپەپولەی بێ گوناهو لەبۆشایی خەونی لەزەتاویدا پەرەوازەیان دەکردو، هەڵدەفڕین، بۆ دوور ترین هەواری نەڤین، بۆ دوورترین هەواری ئومێد..

دوێنێ شەو، لەلوتکە سپیەکانی کامەرانیەوە، دەیان ڕوانیەگەردوون، گەردوون بەگەورەییو فراوانی و جوانیەکەیەوە.. کەچی چەتەکانی بەعس هاتن و وەکو زریانی شەڕ داباڕین بەسەریاندا و دارو دیواری ماڵەکەیان دایە بەر شەق و تەمیشیان بەچاوی بەستراوو دەستی کەلەپچەوە دایە بەر خۆیان و هێنایان بۆ ئەم جێگە نەفرەت لێ کراوە.. ئەم جێگەیە کە سەگ و پشیلە و مشکیش تیادا ناژی..

لەنێو بەتانیەکەدا، شەپۆلەکانی ئاگای و نائاگایی دەهوڕژان و تێکەڵاوی یەکتری دەبوون، لەهەمور تێکەڵاو بوونێکدا تارماییەک لەبەردەمی دا قیت دەبوویەوە، زیاتر لێی ڕادەماو، بەوردتر تەماشایی دەکرد و بۆی دەڕوانی.. تادەهات تەم و مژەکە لەسەر جەستەی تارماییەکە زیاتر دەڕەوییەوە، مشتێک و دوانو سیان، چوارو پێنج.. چی ی ی؟! ڕاستە!! تارماییەکە.. ئەوە.. ڕۆژگارە.. ئەم وێ دەچوو خوێن لەدەمارەکانیدا وەستا بێ.. ئەی دەتوانی ببزوێ.. ئەی دەتوانی دەستەکانی بترازێنێت و باوەش بۆ خۆشەویستەکەی بکاتەوە.. دەستی کرد بەقسان لەگەڵیدا:

-((ڕۆژەگیان))

-((گیانەکەم..))

-((ئەمڕۆ دەبوو سەعات هەشت من بێم بۆ مالی ئێوە و مەسەلەی گواستنەوەکەت یەک لایی بکەمەوە..))

-((بەڵێ..))

ـ((دام نابوو دوو شەمەمە بتگوێزمەوە..))

ـ((ناخ سۆرە گیان..))

ـ((نەمزانی زۆرداران ناوا ڕاپێچی زیندام دەکەن..))

ـ((دەستیان شکێ..))

ـ((ڕۆژە گیان..))

ـ((گیان..))

ـ((چۆن زانیت من گیراوم وانێستا هاتوویت بۆ لام!))

ـ((سۆرانەکەم.. من لەژوورەکەی خۆمدا بووم.. چاوەڕوانم دەکردی.. ئەمسەرو سەر دەهاتم دەچووم، لەتابلۆکان ڕادەمام.. دڵم هەر لەخۆیەوە خەبەرێکی ناخۆشی دەدامێ، هەوالی پڕ لەکارەساتی پێ ڕادەگەیاندم.. چاوەڕوانی زەنگی دەرگا، زەنگی تەلەفونم، دەکرد.. کەی بێ پەلاماری یەکێکیان بدەم.. کەی ڕاکەم و دەرگاکەت بۆ بکەمەوە.. سۆرانەکەم..

ئالـەم کاتـەدا بـوو، بـەختیاری بـرات لـەدەرگای داو منیش بۆم کردەوە، بەخە کزۆڵ بـوو، ڕەنگـی زەرد بـوو بوو، لێم پرسی:

ـ((چیە بەختیار، بۆوا تێکۆ چویت؟))

ـ((سۆرانی برامیان ئەم شەو برد))

ـ((بۆ کوێ؟))

ـ((بۆ ئەمن))

ـ((بەڕاستە؟))

ـ((بەڵێ))

ـ((سۆرانەکەم.. ئیتر منیش خـۆم پـێ نـەگیرا.. ئـەم ویست تـۆ لەتـەنیایدا بیت، بۆیـە ئێستا هـاتووم بـۆ لات..))

ـ((بەخێر بێیت، سەر چاوانم هاتیت ڕۆژە گیان..))

ـ((چاوەکانت خۆش بێ..))

ـ((بەڵام..))

ـ((بەڵام چی..))

ـ((دەبێ تۆ بگەڕێتەوە؟))

ـ((چۆن دڵت دێ دەرم کەیت؟))

ـ((نارۆژە گیان دەرت ناکەم..))

ـ((ئەی..))

ـ((کاکێ کەیوانیش گیراوە..))

ـ((بەڕاستە؟))

ـ((بەڵێ..))

ـ((نا اااخ..))

ـ((بۆیە دەبێ تۆ بگەڕێیتەوە و سەر پەرشتی قوتابیەکانت بکەیت.. با ئەگەر نێمە شەهید بووین، ئەوان بمێنن بۆ بزووتنەوەکەمان..))

ـ((ناسۆرەگیان جێت ناهێڵم..))

ـ((ئەمرە.. ئەمر..))

ـ((ئەی تۆ؟))

ـ((خەمی منت نەبێ..))

-((چۆن.. چۆن.؟))

-((تـاخر مەگـەر پێـم نـەگوتیت، مـن لەزاتـە ڕۆحانیەکەی تۆدا تواومەتەوە؟))

-((با..))

-((دەتیتر بگەڕێوە.. تۆ بڕۆرەوە بۆلای ئەوان..))

-((ئەمرەکەت لەسەر چاوم..))

-((چاوت خۆش بێ..))

-((بەڵام..))

-((بەڵام چی..))

-((هەر کاتێک ویستم دێم و سەرت لێ دەدەم))

-((منیش دەرگای دڵم بۆ والا کردوویت))

-((کەواتە خوات لەگەڵ..))

-((خوات لەگەڵ..))

ئیدی تەمومژەکە دیسان لەسەقفی ژورەکەوە دابـاریو ڕۆژگاری قوتداو تارمایەکەش ونبوو.

شەوی دواتر تابەیانی وبەیانیش تا نیوەڕۆ نیوەڕۆ تا ئێوارەچاوەڕوانی ئەو بوو، بانگی بکەنو لێی بکۆڵنەوەو پرسیاری لێ بکەن..

وە لێ هیچ!!

دیتی نەدەنگ، نەڕەنگ، هیچی، هەرهیچ نایەت بەلای دا.. کەسێ نایەت وپێی بڵێ کاکە بەخێر بێیت.. کاکە ملت شکا.. کاکە تۆ بۆ گیراویت.. کاکە لەکەیەوە هاتوویت.. ئەوە چۆن جێگایەکە!!

کەبەوردی چاوەڕوانی، دوند بەدوندی ڕۆح و بیر و ویژدان و هەست دایگرت و تروسکەی خۆری وەدەرکەوتنی کەسیشی بەدی نەکرد، ئیدی دەمارە گرژەکانی وردە وردە خاو بوونەوە و پێڵوەکانی قورس بوون و خەو بردیەوە..

لەخەونیدا بینی، بەسەحرایەکی دوورو درێژدا تێدەپەڕی، لەناخری سەحراکەدا، شاخێک هەیە، زۆر زۆر بەرزە.. لسەبناری شاخەکەدا، دیتی ڕۆژگاری خۆشەویستی بەسەر پۆشەکەی هەڵواسراوە.. کابرایەکی ناشیرینی وەکو ئەبو جەهلیش بەدەوریدا دەخولێتەوەوە قاقا پێدەکەنێ.. ئەویش بەهەموو دەنگی هاوار دەکات:

ـ((ســـۆرا اااان.. ســـۆرا اااان.. لـــەکوێی ڕزگـــارم بکەیت..))

ئەبو جەهلەکەیش، بەدەم قاقاوە پێی دەڵێت:

ـ((سۆرانەکەی تۆ تەواو.. تەواو..))

ڕۆژگاریش هاوار دەکات:

ـ((نااا.. نااا.. نااا))

ئەمیش لەســـەحراکەدا، هـــەرچی هـــەنگاو دەنـــێ دەیـــەوێ غـــاربدات و بـێ سـودە، کـــەڵکی نیـــە، هـــەر لەجێگای خۆی دایە، ناچار، دەستی گرت بـــەبڵند گـــۆی لێوەکانی و بەهەمور دەنگی هاواری کرد:

ـ((ڕۆژگاااار.. ڕۆژگا اا ر))

ئـەم دەنگـــە، لـــەنێو ژوورەکـــەی خـــۆی و هـــەمور ژوورەکـانی کـەدا دەنگـــی دایـــەوە، کـــەیوان لـــەژوورە تاکیـەکەی خۆیدا ڕاچڵەکی، عـــەلیش هـــەروەها، ئـەوانی دیکەیش.. ناوی ڕۆژگار.. زیندانەکەی نایەیـــەک.. خۆیشـی لەو هاوارەی بەخەبەرهات.. لەبەر خۆیەوە گوتی:

ـ((خوایە سوپاس بۆ تۆ، خەو بوو، درۆ بوو))..

٢٥

ڕێکەوتی ١٩٨٩/١/٦، کەشەوی شەممە دەکات، سێ ئۆتۆمبێلی پڕ لەچەکدار، چەکداری چاو زیتی جل سەوزی ڕەنگ تاڵ، هەمان مالۆسە چەکداری شەوی گرتنەکەی کەیوان چوار دەوری مالی هەورامانیان گرت.

شەویش هەروەکو شەوەکەی پێشوو تری کەیوان، هەوری خوارو خێچ و لارو ناشرین و دێزن، ڕووی پاکی تاسمانیان بەدی ناکرێت.. هەمیشە تەم جۆرە هەورانە سەرەتای بارانێکی بەخورن..

چەکدارەکان سەر حەوشەو بەردەرگاو ناو حەوشەیان گرت و، مسولازم عەلیش لەگەڵ چەند جەللادێک دەرگاکانیان دایە بەر شەق..

ماڵەوە خەبەریان بوویەوە، باوکی هەورامان بەپیریانەوە هات، بەڵام بەتەواوی تێگ چووبوو، لێوەکانی دەلەرزی، گۆناکانی دەلەرزی، برۆکانیشی دەلەرزی و لەناوەیشی، دڵی وەک ساوا بێ بەرگەکانی وەرزی بەستەڵەک دەلەرزی..

بابە دەیویست زمانی بکاتەوە، لێوە داخراوەکانی بترازێنێ، دەیویست شتێک بڵێ، شتێک، ئیدی هەر شتێک ببێ، بەڵام نەی دەتوانی قسەی بۆ نەدەهات، ڵاڵ بوو بوو.. مولازم وەک یەکانەکانی دارستان و چۆڵ و بەندان، بەدەنگی بەرز تێی خوڕی:

ـ((هەورامان لەکوێ یە؟!))

ـ((گ.. گ.. گەور.. گەورەم.. بەخوا.. لەماڵەوە نیە!!))

ـ((ئا.. دیارە، ڕۆیشتووە بۆ ئەنجام دانی چالاکی!!))

ـ((بۆ خاتری خوا گەورەم، چالاکی چی؟!))

ـ((لەکوڕەکەت بپرسە.. لەمن مەپرسە.. کێ دەڵێ خۆت ناینێریت!!))

ـ((گەورەم بۆ خاتری خوا.. هـەورامان هێشتا بۆنـی شیری خاو لەدەمی دێت، چالاکی چی..!!))

مولازم تـوڕە بـوو، تـوڕە بوونەکـە بەدەموچاویـەوە، وەکو پەڵەی سپی پشتی گـای ڕەش دیـار بـوو، دەستی ڕاستی بەرزکردەوەو بەهەموو هێزی خۆی زللەیەکی کێشا بەبنا گوێی باوکی هەورامانداو نەڕاندی بەسەریدا!

ـ((بێ دەنگ..))

پاشان ئاوڕی دایەوە بۆ لای جەللادەکان و گوتی:

ـ((مالەکە بپشکنن))

جـەللادەکان بابـەو دایـەو هـەردوو خوشـکەکەی هـەورامانیان کـردە ژوورێکـەوەو دەرگاکـەیان لەسـەر داخستن و خۆیشیان نامەردانە دارو پەردوی ژوورەکـەیان تێکـ دا بەسەریەکداو کون و کەلەبـەری خانوەکـە گـەڕان، گەڕان، گەڕان.. هەورامانیش هـەردیار نـەبوو، ئـەو شـەوە تابەیانی مالی هەورە دەست بەسەر بوون، کەڕۆژ بویـەوە ڕۆژی بـاران وتـۆف و ڕەهێلـە، کـوڕی دراوسـێ کـەیان کەلەگەڵ هەورامانداا هاوڕێ بـوون، خـۆی گـەیاندە مـالی خوشکەکەی هەورە..

ناخر ئێوارەی ڕابوودوو، ئەم کوڕی دراوسێیانە، کەناوی وریایە زۆری پێ گوتبوو، لەمالی ئەوان نان بخوات، بەڵام هەورامان پێی گوتبوو:

ـ((انشاء الله، ئێوارەیەکی تردێم، ئەم ئێوارەیە مالی خوشکم زۆر تەکلیفیان لێ کردوم، کەلەوێ بمێنمەوە..))

وریا کەگەیشتە ئەوێ، ئەوان هێشتا نانی بەیانیان نەخواردبوو، دوای ئەوەی دەرگایان بۆ کردەوە گوتی:

ـ((دادە نەرمین هەورامان لێرەیە؟))

ـ((بەڵێ فەرموو وەرە ژوورەوە))

ـ((پێویست ناکات تەنها هەورامانم بۆ بانگ بکە))

هەورامان لەژوورەوە دەنگی وریای ناسیەوە، بەڕوویەکی فریشتەییو بەلێوێکی پڕلەخەندەوە هاتە دەرەوە:

ـ((کاک وریا وەرە ژوورەوە))

ـ((سوپاس کاک هەورامان تۆ وەرە پێشەوە))

هەورە نەعلەکانی لەپێ کردو لێی نزیک بوویەوە، دەستی خستە نێو دەستی، هەستی کرد پەنجەکانی دەلەرزی:

ـ((کاک وریا چیە؟ بۆ وا تێک چویت؟))

ـ((کاک هەورامان، ئەم شەو سێ ئۆتۆمبیل هاتنە سەرتان، مولازم عەلیشیان لەگەڵ دایە.. چوار دەوری مالتان گیراوە.. تائێستایش هەر لەوێن.. دڵنیام بۆ تۆ هاتوون.. بەڵێ.. بۆ تۆ هاتوون..))

خوشکە کلۆلەکەی گوتی:

ـ((هەی ڕۆ و و ـ بەڕاستە؟))

ـ((بەڵێ))

هەورامان هیچی نەگوت، تێکیش نەچوو، ماوەیەکی کورت بەبێ دەنگی مایەوە، وێ دەچوو بیر لەشتێک بکاتەوە، پاشان وەک بڕوا داری، وەک سەمابەیەک کەگیروگرفتی دنیای بۆ دەهاتە پێش، زاری کردەوەو گوتی:

ـ((خوای گەورە پاداشتت بداتەوە کاک وریا، عەزیەتت کێشا،))

ـ((عەزیەتی چی..! ئەرکی سەر شانمە، ئێستا مـن دەڕۆم تۆیـــش ئاگـــات لـــەخۆت بـــێ))
ـ((ان شاء الله.. ان شاء الله..))

★★★ ★★★ ★★★

زاواکەیان پێی گوت:

ـ((هەورامان..))

ـ((بەڵێ..))

ـ((تۆ لێرە دەمێنیتەوە.. ئێستا مـن و نـەرمینی خوشکت دەڕۆین بۆ مـاڵی بـاوکت، نەڕۆیتـە دەرەوە تـا هەواڵێکت بۆ دێنمەوە.))

ـ((ان شاء الله))

★★★ ★★★ ★★★

نەرمین و محمودی میێردی گەیشتنە مالی باوکی هەورامان، هەر کەلەدەرگا پەمەییەکە نزیک بوونەوە، یەکێک لەمالۆسەکان لێی پرسین:

-((ها بۆچی هاتوون!!))

-((ئەم مالە مالی خەزورمە هاتووین بۆ دیدەنیان))

هەرکەوای گوت، مالۆسەکە پشتی ملی هەر دووکیانی گرت و بەشەق و پاڵ و جنێوی ناشرینەوە، بردنی و کردنی بەو ژوورەی کەباوەو دایەوهەردوو خوشکەکەی تیا بوو..

-((فەرموون.. دیدەنیان بکەن..))

پاشان دەرگاکەی لەسەر داخستنەوە.. وریا لەمالی خۆیانەوە ئەو دیمەنەیشی دی، ڕاستەوخۆ بەرەو لای هەورامان پەڕو بالی لێ پەیدابوو.. دوای نیو سەعات لەبەرامبەری هەورەدا ڕاوەستا، خەمێکی تەنگ ڕووخساری گرتبوو، لەنێو خەمەکەدا ئازارێکی کەلەگەت و باڵا بەرز بەدی دەکرا، ئەو ئازارە دیار بوو

لەدنیای سەخت و دژواری چرکەکانی واقیعەوە سەرچاوەی گرتبوو:

ـ((کاک هەورامان))
ـ((بەڵێ گیانەکەم..))
ـ((دا دەنـــەرمین و کامحمودیشـــیان بـــەپاڵ کردەژوورەوە..))
ـ((ئاوا))
ـ((بەڵێ..))

ـ((لاحول ولاقوة الا باللـه.... حسـبی اللـه ونعـم الوکیل..))

ـ((تۆبش دەبێ ئاگات لەخۆت بێ!!))

ـ((ان شاء الله برای بەڕێزم.. ان شاء الله..))

ئەو ڕۆژە و دوو ڕۆژی دیکەیش تێپەڕی پاسـەوانەکانی مولازم عـەلی ئەو ناوەیان چۆڵ نەکرد ، هەورەیش لەگـەڵ منداڵەکانی خوشکیدا لەماڵـەوە بـوون.. ئـەم دەیویست ئەوان بـڕۆن و ماڵـەوەیان ڕزگـاری بـێ، چـاوەڕوان بـوو، بەڵام کەچاوەڕوانی درێژەی کێشاو ئـەنجامێکی نەکەوتـە

دەست، ئیدی ڕاڕای و دڵە ڕاوکێ سەریان کردە مێشکی و خووتووکەی بیرو هۆشیان دا:

ـ((باشە لەپای چی، باوک ودایک و خوشکتو کەس و کارم ناوای بەسەر بێ..؟

لەبەر من.؟ ئەی باشتر نیە خۆم بدەم بەدەستەوە و ئەو هەموو مرۆڤە ڕزگار بکەم.؟

چیم لێ دەکەن..؟ ها.. چیم لێ دەکەن..؟ دەم کوژن!! خۆنام کوژن.. ئەگەر بیشم کوژن خۆ شەهیدم.. وانا.. شەهید!!))

هەستاو لەژوورەکەدا دەستی کرد بەپیاسە کردن:

ـ((ئەی کاک کەیوان..؟ ئەو لەبەندیخانەدا بێت و منیش لێرەدابم..؟ ئەو نازارو ئەشکەنجەو برسیەتی بچەژێت و منیش بێ ئەشکەنجەو نازارو بێ برسیەتی بم..؟ بۆچی.. ها.. لەبەر چی.؟ مەگەر من هەمیشە نەم دەگوت.. کاک کەیوانم لەخۆم خۆشتر دەوێت؟))

چاوەکانی داخست و کردیەوە، سەری ڕاوەشاندو لەبەر خۆیەوە گوتی:

ـ((ئەی قوتابخانەکەی ئەرقـەم کـێ بیبـات بـەرێوە؟ ها.. کێ بیبات بەرێوە؟))

کەمێک ڕاما:

ـ((بۆچـی قوتابخانەکـە بەتـەنها تـۆی بـۆ مـاویت.؟ بێگومان نەخێر.. سەرەڕای ئەوە، تۆ سەرجەمی کـەس و کارت خستوەتە ئەزیەتەوە.. کاکە کەیوانی نوری چاویشت لەوێ چاوەڕوانتە.. کەواتـە خـۆت بـدە بەدەستەوە.. ئـەی بزووتنەوەکەی.. ها.. بزووتنەوەکە چی.؟ کێ سەرپەرشـتی بکات؟!))

لەبەردەمی پەنجەرەکـەدا ڕۆیشـت، وەکـو سروشـتی هەمیشـەیی خـۆی، ئـەژنۆکانی لـەباوەش گـرت و نووساندنی بەبەر سکیەوە، بـیر کردنەوەیـەکی قـوڵ وەک جەزبـەی دەروێـش گرتـی، دوو دەنگـی دژبەیـەک لەقوڵاییەکانی ویژدانیەوە بانگی دەکرد:

دەنگی یەکەم دەیویست قەناعەتی پـێ بکـات، خـۆی نەدات بەدەستەوەو لەدەرێ ڕا سەرپەرشـتی قوتابیـەکانی بکات و جێگەکەی کەیوان پڕ بکاتەوە..

دەنگی دووەمیش، خۆشەویستی کـەیوان و سـۆزان و قوتابیەکانی دیکەو، ئازاری باوە وْ دایە و کـەس وکـاری

وەبسیر دەهێنایەوە و داوای لێ دەکرد خۆی بدات بەدەستەوە..

ئەم دوو دەنگە، دوو سوپا بوون، لەمەیدانی بیر کردنەوەی ئەمدا تێکڕژابوون، تەپوتۆزێکیان دروست کردبوو ئەو سەری دیار نەبێ، تا لەکۆتایدا دەنگی دووەم سەر کەوت و بڕیاری دا خۆی بدات بەدەستەوە.

★★★ ★★★ ★★★

ئەو نیوەڕۆیە باران خۆشی کردبوو، تیشکی خۆر لەدرزی پەڵە هەورەکانەوە هاتبووە دەرو هەورامانیش، کۆڕی بەغیرەتی بزووتنەوەی ئەرقەم و کەیوان، لەبەردەمی مولازم عەلیدا ڕاوەستا بوو:

-((ها بۆچی هاتوویت؟))

-((هاتووم بمگرن!))

-((بۆ تۆ کێیت؟))

-((من هەورامانم!))

-((ئادەی هەویەکەت))

-((فەرموو))

مولازم، پاش ڕامان لەهەویەکە، بەگاڵتە پێکردنەوە گوتی:

-((گوتم ئاخۆ هەورامان چ پاڵەوانێکی بێ))

دەستی ڕاستی بەرزکردەوەو ویستی زللەیەکی لێ دا، بەڵام لێی نەدا، دەستی خستە سەر شانی.. بۆ لێی نەدا؟ بۆچی دەستی خستە سەر شانی؟ ئەوە تەنها خوای پەروەردگار خۆی دەزانێت..

دواتر هەورەیان سواری ئۆتۆمبیلێک کردو دوانەکەی تریش بەدوایدا، ماڵەوەیان بەجێهێشت و، ووریایش لەحەوشەکەی خۆیانەوە هەر بۆی دەڕوانین تاڵەچاو ونبوون.. پاشان خۆی گەیاندە ماڵی هەورامان و ئەو دەرگایەی لەسەر کەس وکاری هەورامان داخرابوو بۆی کردنەوە.. باوک پرسی:

-((چۆن ڕۆیشتن کوڕم.؟))

-((خاڵەگیان.. هەورامان خۆی دا بەدەستەوە بۆیە ڕۆیشتن))

دایە تاگری تێ بەربوو.. باوە پشتی شکا.. خوشکەکانیش بانگی گریانیان لێ دا..

٢٦

سەعات دوانزەی شەو بوو، دنیا سارد، سەرمایەکی مرۆڤ کوژ، بەژووڕە ڕووت و قوتەکانی زیندانەکەدا بڵاوەبووبەوە.. تەو سەرما سەرمای بەفر بوو، بەفرێکی سەختی دژوار..

هەورامان لەژوورێکی تاک نەفەریدا هەڵکۆرمابوو، زۆریش سەرمای بوو، لاشەی لەسەرمانا دەلەرزی.. لێوەکانیشی دەلەرزین، شەقەی دانەکانی دەهات.. تەنها قەمسەڵەو کراسێکی لەبەردا بوو، پانتۆڵێکی تەنکیشی لەپێدا بوو.. خەو لەچاوەکانی تۆڕا بوو..

دەنگێک لەودیو دەروازەی ئاسنینی ژوورەکەیەوە بانگی کرد:

-((هەورامان.. هەورامان..))

-((بەڵێ..))

-((وەرە دەرەوە..))

ئەم هەستایە سەر پێ، ئەو دەرگاکەی کردەوە، ئەم وەستا، ئەو پاڵێکی پێوەناو بەوشەوە تاریکە دایە بەر خۆی..

دەرگای جامخانەیەک کرایەوە، چوونە ژوورەوە، دەرگایەکی تریش، پاشان دەرگای سێیەمیش کرایەوەو هەر دوکیان چوونە ژوورەوە.. هەورامان بینی، دوو پیاوی سمێڵ و ڕیش تاشراوی گەورە، کەهەر یەک لەئەفسەری ئەمنیان دەکرد، بەپشتی مێزەکەوە دانیشت بوون زۆپایەکی عەشتار ڕووی تێکردبوون و بەدەم پێکەنینەوە چەرەس دەخۆن.. کەئەمیان بینی، یەکیان گوتی:

-((ڕۆڵە تۆی هەورامان؟))

هەورە بەوشەی ڕۆڵە تۆزێ گەشایەوە، لەو ووشەدا هەستی بەسۆز و خۆشەویستی دەکرد، گوتی:

ـ((بەڵێ..))

ـ((دەڵەوێدا دانیشە.))

ئاماژەی بۆ زەویەکە کرد، زەویەکەیش خشتی کاشی ڕووت و قوت بوو، هیچی لەسەر ڕانەخرابوو.. ناچارانە دانیشت..

کابرا گوتی:

ـ((کوڕم هەورامان.. تۆ منداڵێکی تازە پێ دەگەیت و پاشەڕۆژێکی ڕوون چاوەڕوانتە.. والەخۆت مەکە، توشی ئازار و ئەشکەنجە ببیت، هەر شتێکت لێ دەپرسین.. ڕاست وەڵامان بدەرەوە بامالەوەیشتان هێندە چاوەڕوانیت نەکەن.. ڕاست وەڵامان بدەرەوە، انشاء الله من بەئۆتۆمبیلەکەی خۆم دەت بەمەوە بۆ مالەوەو نایەڵم کەس قسەیەکت پێ بڵێ..))

ـ((بەڵێ..))

ـ((ئێستا پێمان بڵێ تۆ نوێژ دەکەیت؟))

ـ((ئەی چۆن نایکەم.. مەگەر تۆ نوێژ ناکەیت.. بۆ کەس هەیە نوێژ نەکات؟))

ـ((ئەی ئافەریم هەورامان.. کەواتە ئۆ مرۆڤێکی ڕاست گۆیت.. خۆ قورئانیش دەخوێنیت.))

ـ((بەڵێ دەیخوێنم.. خوێندەوارپم هەیە..))

ـ((ئەی کەیوان دەناسیت؟))

ـ((کەیوان کێ یە؟))

ـ((مامۆستاکەت ئەوەی فێری قورئانی کردوویت؟))

ـ((کەیوان ناناسم.))

ـ((درۆ مەکە!!))

ـ((درۆ ناکەم))

ـ((ئەی عەلی و دارا؟))

ـ((نەخێر..))

ـ((ئەی ئەکرەم؟))

ـ((نەخێر))

-((ئەی یاسین و سەربەست))

-((نەخێر))

-((ئەی سۆران؟))

-((نەخێر))

-((کەواتە تۆ زۆر درۆزنیت؟))

-((بۆ؟))

-((چونکە ئەوان، دەڵێن هەورامان دەناسینو هاوڕێی قورئان خوێندنمانە.))

-((وانیە))

-((وانیە؟))

-((بەڵێ))

کابرا پێکەنینێکی پڕ لەشۆخی و گاڵتە پێکردن لەسەر لێوەکانی ترازاو گوتی:

-((هەورامان تۆ هێشتا مندالی.. خۆت تووشی نازارو ئەشکەنجە مەکە.. وەکو ئەوانی تر کەر مەبە.. تۆ عاقڵ بە.. ئەوانیش یەکەم جار وەکو تۆ وەڵامیان

دەدایەوەو قسەیان دەکرد.. تالەژێر زەبری ئەشکەنجەدا هەموو شتێکیان درکاند.. ئێستا تۆ خۆت وەکو ئەوان لێ مەکە.. جەز دەکەیت ئێستا هەمویانت بۆ بانگ دەکەم.))

سەرێکی ڕاوەشاند و کابرای جەللاد بۆی دەرچوو، پاش ساتێکی کەم، یەک بەیەکی کوڕانی قوتابخانەکەی ئەرقەمی لەژوورەکەدا جەم کرد.. ئەوان بەدەنگی بەرز دەیان گوت:

ـ((سەلام و علیکم))

کەس وەڵامی نەدەدانەوە هەورامان نەبێ، بەیەک ڕیز ڕاوەستێنران، ئەفسەرەکە گوتی:

ـ((هەورامان باش تەماشایان بکە بزانە ئەیان ناسیتەوە))

هەورە یەک بەیەک، لەنووکی پێیانەوە تا تەوقی سەری تەماشای دەکردن، بینی کەیوانی خۆشەویستی پارچە پارچە بووە، کراسەکەی بەری لەگەڵ خوێندا ڕەقاڵتەی داوەو چەندین کونی تێ بووە دەتوانی زۆر بەئاسانی پەراسووەکانی بژمێریت ناوەندی پەنجەکانی سووتابوون.. نینۆکەکانیشی دەرهاتبوو.. قژی تێک

چووبوو بەسەر یەکدا.. هەر تاڵێکی ڕووی لەشوێنێک کردبوو..

سۆرانیش هەر وەکو ئەو، دەڵێی نینۆکەکانی دەرنەهاتبوو هەورامان تەماشایەکی کاکێ عەلی و داراو قوتابیەکانی دیکەیشی کرد وویستی بگەڕی، گریان گەرووی دەچووزاندەوە، بەڵام خۆی گەروی گریانەکەی ڕەتکردەوە..

ـ((ها.. هەورامان، دەیان ناسیت؟))

دەنگەکە بەناگای هێنایەوە، ڕقێکی ڕەش بەرچاوی گرت هەستی کرد، گڕکانی غیرەتێک لەهەناویدا دەتەقێتەوە، بۆیە بڕیاری دا سەریان بۆ شۆڕ نەکات:

ـ((نەخێر نایان ناسم.))

ـ((ئاخر عاقڵ بە.))

ـ((خۆ شێت نیم..))

ـ((شێت نیت؟))

ـ((نەخێر))

ـ(ئێستا تێت دەگەیەنم شێتیت یا نا؟))

ناماژەی بۆ جەللادەکردو ئەویش مێزێکی هێنا، مێزەکە تایەی چکۆلانەی لەژێردا بوو، هەر دوو دەستی هەورامانی بەست و سواری مێزەکەی کرد، مێزەکەیش لەژێر سێپایەکی بەرزی قەسابی دابوو، دەستەکانی هەورەی بەرزکردەوەو لە قولاپێکی توند کرد..

بەحاڵ نوکی پسێی بەسەر مێزەکەوە مابوو وە، لەوکاتەدا کابرا گوتی:

-((دەیان ناسی؟))

هەورە تەماشایەکی براکانی کردو ئەوانیش تاگریان تێبەر بوو بوو خەریک بوو شێت دەبوون لەداخاناو هیچیشیان لەدەست نەدەهات.. ئەمان هەورامانیان زۆر خۆش دەویست، لەهەموویان چکۆلەتر بوو، زۆریش دڵسۆز بوو، گوێیان لێ بوو هەورامان گوتی:

-((نەخێر نایان ناسم))

کابرا برۆکانی هەڵتەکاندوو، جەللادەکە شەقێکی هەڵدایە مێزەکە ئیدی بااڵی هەورامان لەبۆشیدا ئەمسەرو سەری دەکرد، بەڵام تاکە هاوارێکیشی نەکرد.. ئەفسەرەکە دەستی بۆڵای ڕاستی دیوارەکە بردوو پلاکێکی بادا، ئیدی کارەبا کەوتە سەر سێپاکەو

لەوێشەوە بۆ نێو لاشەی هەورامان.. وەلێ یەک هاواریشی لێوە نەهات..

نەفسەرەکە پلاکەکەی زیاد بادا، ئیستر لاشەی هەورامان دەیگوت پرچی دارەتوویەکەو ڕەشەبا ڕای دەوەشێنێ.. زۆر ناڕەحەت بوو..

هاواری کرد:

-((دامگرن چیتان دەوێ دەیڵێم))

نەفسەرەکە بەپەلە پلاکەکەی کوژاندەوەو جەللادەکەیش میزەکەی هێنایەوەو لەسەر سێپاکە دایگرت و کەمێک هاتەوە سەر خۆی.

-((ڕۆڵە گیان.. من یەکەم جار پێم گوتی خۆت شێت مەکە.. کەچی تۆ بەقسەت نەکردم.. تاناچارت کردین ئاوا بەشەق لەگەڵتا بجوڵێینەوە، ئێستا دەیان ناسی یان نا؟))

هەورامان تەماشایەکی قوتابیەکانی کرد ، ئەوانیش بۆ نەمیان دەڕوانی، زۆر بەزەییان پیایدا دەهاتەوە.. ئەم ئەو ڕۆژانەی بەبیر دەهاتەوە کەبەیەکەوە لەمزگەوتی

حاجی حەسەنی لۆکەو ڕەعایەو سەرچنار بەیەک دەگەیشتن و کەیوان باسی مەردایەتی بۆ دەکردن..

-((دەیان ناسی؟))

ئەم ئاوڕی دایەوەو دانەکانی جیرکردەوەو گوتی:

-((نەخێر نایان ناسم..))

ئەمجارە.. کابرا توڕەبوو، دەستی کرد بەجنێودان و خۆی هاتوو دایە بەر لەقە، فەرمانی دایەوە بەجەللادەکەو ئەویش هەڵی واسیەوە بەسێپاکەدا.. ئەم پەنجەی نا بەپلاکەکەداو کارەبایەکی تۆندو تیژی خستە سەر سێپاکەو لاشەی هەورە..

بەردەوام پلاکەکەی دەسوڕاند هاوارو نالەی هەورامانیش دەگەیشتە گوێی دوور ترین ئەستێرە..

کابرایش شێتانە پێدەکەنی و قاقا بەپشتا دەکەوت..

هەورەیش بەسەر سێپاکەوە بێ هۆش کەوت.

کەهاتەوە سەر خۆی، دەبینێ سەری لەسەر ڕانی کەیوانی مامۆستایەتی.

٢٧

سۆران، چۆن دڵی خەبەری پێدەداو ڕووداوەکانی دەهێنایە پێش چاوی خەیاڵی هەروابوو..

ئەو شەوەی کەدایان بەسەر ماڵیاندا و ئەمیان هێنا بۆ زیندان، لەبەیانیەکەیدا بەختیاری بڕای، بەپەلەو بارێکی گرانەوە خۆی دەکات بەماڵی ڕۆژگاردا و هەواڵەکەیان پێ ڕادەگەیەنێت.

ڕۆژەپش خۆی ناگرێت و دەبورێتەوە و، خێرا دەیگەیەننە خەستەخانە.. کەدێتەوە سەر خۆی و بەڕووکەشی چاک دەبێتەوە وەئیدی دەیهێننەوە بۆ ماڵەوە..

ماڵـــەوەی خـــەم لێ نیشـــتوو، ماڵـــەوەی گریـــان و فرمێسک و تـــەم.. ڕۆژە ئێستا لـەو باخـە دەکـات کەلـە پـایزدا پۆشـــاکێکی زەرد لەبـــەر دەکـــات و، قردێلـــەی خەمێکی تەنک دەدات لەقژی..

دڵی ڕۆژگار.. ئێستا دەڵێی ئاسمانی وشک و کزرەو، بەهەڵمی هەناسەی پەڵە خوێنی گوڵو گەنمەکانی خـاک، پاراو دەبێ هەرچی خەمی قوڵاییەکانی دەرونیەتی لەغەی فرمێسک و باراندا دەیڕژێ..

ڕۆحی ڕۆژگار.. وێ دەچێ، مەزرایەک بـێ، سـنوری گـەورەیی ئـەم دنیـا فـراوان و بـەر بـڵاوە و، لەشـەوێکی یـەکجار تـاریک و مـات دا، زۆر داری، نـەوتی کردبـێ بەســەر گوڵـە گەنمـەکانداو پاشـان ئـاگری تێبـەردابێ و، حەزرایش بەتەواوی ئاگری گرتبێ..

ڕۆژە، بەردەوام لەو سوتانەدا دەژیا، سوتانی دووری سۆران و سوتانی زیندان و ئەشکەنجەو ئازاری سۆران..

نیوەڕۆیـــە.. ئـــەوە زەنگـــی ســـەعاتەکەی لێـــی دا، دوانزەی نیوەڕۆ دەردەخات بارانەکـەیش بـەخوڕ دەبـارێ.. لەسەر چیمەنتۆی حەوشەکە، پێڵاو ژێر پێڵاو دەکات:

ئەمیش لەپەنجەرەی ژوورەکەی خۆیەوە ڕاوەستاوە و دەڕوانێ و ڕادەمێنێ..

نیگای چاوەکانی، لەسەر دڵۆپی تیژی بارانەکە لانەدەبرد.. نەیەک، نەدوو، نەدەو، نەپانزەو نەهەزار بەردەوام هەر دەبارێ و نەمیش هەستێکی نامۆ دایگرتووە..

دەزانێ، لاشەی ڕاکشاوی چیمەنتۆ کە، جەستەی سۆرانی خۆشەویستیەتی مشتەکۆڵەی پڕ لەزەبری دڵۆپی بارانەکەیش پۆستاڵی ژەندرمەکانی بەعسن و، دەست و قاچ و چاو دڵۆ سک و پشتی سۆران، بریندار دەکەن..

هەستی دەکرد، گوێی لەهاوارو نالەو زریکەی سۆرانە..

هاوارونالەو زریکەی، نەو ساتەی کەئوتوی کارەبا، بەپشتیدا دەهێنن، نەو ساتەی کەکێبڵ بارانی دەکەن وهەڵی دەواسن وکارەبا دەخەنە سەر لاشەی..

نەم دیمەنە بەبەر چاویدا گوزەری دەکرد و، هێور هێورێکیش لەبارانەکە ڕادەما..

ئەمجارەیان ئەوەی دەهاتە بەر چاو، کەسۆران لەپاش ئازارو ئەشکەنجەدان، فڕێدراوەتە بەر بارانەکە.. کراسە سپیەکەی پارچە پارچە بووە و، پانتۆڵە ڕەشەکەی لەچەند لایەکەوە دڕاوەو خوێنێکی سوریش لەبرینەکانی هەڵ دەقوڵێ.. بارانەکەیش بێ ڕەحمانە دەی خوسێنێ و، حەمەی ئامۆزایشی، قاقاپێی پێدەکەنێ و دەڵێت:

ـ((فێر نەبیت، نزیکی ڕۆژگار ببیتەوە، ئەو کچی مامی منە، بابزانی لێرەدا دەبێ بتۆپیت وەکو سەگ، ڕۆژگار، بۆ من نەبێ بۆ کەسی تر نابێ، تێگەیشتی؟))

ڕۆژە، ئاگای لەخۆی نەما بوو، وای دەزانی ئەوەی بەخەیاڵ دەیبینێ حەقیقەتێکی ڕوونە، بۆیە تفێکی خەستی کردە ئەو جێگایەی کە حەمەی ئامۆزای تێدا دەبینی‌وگوتی:

ـ((سەرت دای لەبەرد!!))

ـ((سەری کێ؟))

ئەم دەنگە، هێزێکی کێشندە بوو، ڕایکیشایەوە بۆ دنیای واقیع، ئاوڕی دایەوە، بینی شەونم بەرامبەری ڕاوەستاوە..

پێش ئەوەی سۆران بگەیرێت، ڕۆژگار بەتەواوی قەناعەتی بەشەونم کرد بوو کەخۆی داپۆشێت، پاشان کردبووی بەقوتابیەکی قوتابخانەکەی ئەرقەمی کوڕی ئەرقەمی مەخزومی و خۆی دەرسی پێ دەگوتەوە.

★★★ ★★★ ★★★

ـ((سەری کێ دای لەبەرد؟))

ڕۆژگار خەندەیەکی بێ گیان و لاواز نیشتە سەر لێوەکانی، خەندەکە لەگەلایەکی سەر بڕاوی دەکرد:

ـ((سەری ئەو کەسەی کەوادەزانێ من کەل و پەلی ناو مالم و دەبێ مامەڵەم لەسەر بکرێ..))

پاش تۆزێ بێ دەنگی گوتی:

ـ((ڕۆژگار خان.. هەوڵێکتان نەدا، بۆ بەربونی کاکە سۆران؟))

ڕۆژە هەناسەیەکی هەڵکێشاو گوتی:

ـ((بەخوا.. باوکم و باوکی، بەردەوام لەهەوڵدان))

-((بزانینِ خوای گەورە چی دەکات.. ئێستا ئامادەی دەرسەکەمان بخوێنین؟))

-((تۆ ئامادەیت؟))

-((بەڵێ!))

-((منیش!!))

٢٨

دنیای بەندیخانە، زۆر جیاوازە لەگەڵ دنیای دەرەوەدا، لەوێ هیچ شتێک بەدەستی خۆت نیە.. هیچ شتێک لەشوێنی خۆیدا نیە..

نەنان خواردن، نەناوخواردن، نەپێکەنین، نەگریان، نەخەوتن، نەهەستان.. هیچیان لەجێگای خۆیاندا نین..کەیوان و قوتابیەکانی لەژووری ژمارە نۆدا بوون.. سی و پێنج کەس بوون، هەر هەموویان کوڕانی قوتابخانی ئەرقەم بوون..

کەکاتی نوێژ دەهات، هەورامان بەدەنگە زوڵاڵەکەی، لەژوورەکە بانگی دەدا و پاش تەیەموم کردن قامەتی دەکردو قوتابیەکان بەچوار ڕیز دەوەستان..

کەیوانی نوری چاوو مامۆستایان پێش دەکـەوت و دەبـوو بەئیمام..

ئیـتر بەکۆمـەڵ نوێژیـان دادەبەسـت و دەڕۆیشـتنە حوزووری خوای پەروەردگاری مەزن..

نـەو قوتابیانـە بەتایبـەتی کـەیوان و ئـەکرەم و دارا وعەلی و دکتۆر لوقمان و سۆران و سەربەسـت و یاسـین، کەدەرگای کیشوەری نوێژیان دەکردەوە، ئیدی ون دەبوون لەنێو واتو نوری خوایدا..

بەڕاسـتی سـاتە وەختـەکانی نوێـژو ئامـادەبوون لەحوزووری خوایگەورەدا، گەلێک نهێنی سەیری تێدایە؟!!

لەو ساتانەدا، کـەیوان و قوتابیـەکانی پێڵـوی چـاوی دڵـەکانیان دەتـرازێ سـنورەکان بەخۆڵەمێشی دەبینـن، سنورەکان بەتێکشکاوی دەبینن..

سنوری سەر زەوی و
سنوری واقیع و،
سنوری بینراو،
سنوری ماددە،
لەبەر چاویاندا و، لـەکاتی نوێـژدا، گلـۆر دەبنـەوەو نامێنن چونکە ڕۆحیـان، لەدنیایـەکی ئەفسـوناوی تـردا، بەئازادانە پەڕش لێ دەدا، دنیایەکی:

بێ سنوورو،
بێ ماددە و،
پڕ لەنور،
پڕ لەڕووناکی و،
پاکژی و،
گزنگ و،
خەندەو سۆز..
پڕلەتام و هەست و ویژدان..
دنیایەکی،
موتڵەق و ئەبەدی..

ئالەو دنیایەدا، تازارەکانیان لەبیر دەچوویەوە، کێبڵ و کارەبا و جەللادەکانیان لەبیر دەچوویەوە، ئۆ ژۆ ژە! لەودنیا چەند خۆشە، هەموو دوو شەممەو پێنج شەممەیەک، قوتابیەکان بەڕۆژو دەبوون، ئەگەر لەو ڕۆژەدا هەر قوتابیەکیش سەرەی ئەشکەنجەدانی بهاتایە، ڕۆژوەکەی هەر نەدەشکاندو خۆی ڕادەگرت، بۆ ئەوەی لەگەڵ براکانیدا ئێوارە بەربانگ بکاتەوە..

*** *** ***

شەوبوو.. ژوورەکەی ئەمان کارەبای تێدا نەبوو، کاتی خەوتن هاتە پێشەوە، بەچوار پینز قوتابیەکان ڕاکشان، هەر دووانیان و سیانیان بەتانیەکیان بەردەکەوت..

زەمینی ژوورەکە خشتی کاشی بوو، هیچ شتێکیشی لەسەر ڕانەخرابوو، دەبوو بەتانیەکان، هەم دۆشەکیان بێ و هەم لێفەیشیان بێ..

لەدەرەوەیش بەفرێکی زۆر باریبووە، کزەی سەرما دێتنە ژووری، کەیوان و هەورامانیش بەیەکەوە بەتانیەکیان بەرکەوتووە و لەنزیکی دەرگاکەوەن..

لایەکی بەتانیەکەیان لەسەر زەویەکە ڕاخستبوو لاکەی دیکەیشیان دابوو بەخۆیاندا..

هەورامان زۆر سەرمای بوو، هەموو گیانی دەلەرزی، دانەکانی بەقایم لەسەر یەک دانابوو، ئەگینا تەقەتەقیان پێ دەکەوت، کەیوانیش هەر سەرمای بوو، کزەی دەرەوە، لەنێو شیشی زیندانەکەوە دەهاتە ژوورەوە و، لەوێشەوە خۆی دەکرد بەنێو کراسە زیوڵ زیوڵەکەی کەیواندا و پێستە ناسکەکەی دەبڕی و دەگەیشتە سەر ئێسقانە پڕ لەئازارەکانی..

لەژێر بەتانیەکەدا، هەورامان چاوەکانی نوقاندبوو، لەسەر خۆ هەناسەی دەدا، کەیوان وای زانی خەوی لێ کەوتووە، بەنیگا پڕ لەسۆز خۆشەویستیەکەی تەماشایەکی کرد،

ئەوەی بەبیردا هاتەوە کەچۆن هەورە لەمالی باوکی دەخەوت و لێرەیش چۆن دەخەوێ..

بەتانیەکەی لەخۆی کردەوەو بەتەواوی ئالانی لەلاشەی هەورامان و خۆی لەسەر خشتەکاشیەکە ڕاکشا.. هەورەش نەخەوتبوو، تەنها پێڵوەکانی لێک نابوو پێی ناخۆش بوو، خۆی بەتانیەکی پێوەبێ و مامۆستاکەیشی لەسەر خشتی کاشی بخەوێ دەنگی نەکرد تا خەوی لێ کەوت، کەدڵنیا بوو نوستووە، ئیتر بەئەسپایی هەستاو بەتانیەکەی لەکەیوانی خۆشەویستی ئالاندو خۆی لەسەر خشتەکاشیەکە ڕاکشا.

٢٩

لای چێشتەنگاو قوتابیەکان، دوو دوو و سێ سێ، سەریان بەیەکدا کرد بوو، لەسەر خۆو بەهێوری قسەیان دەکرد.. بەبێ ئەوەی کۆمەڵێکی دی ناڕەحەت بکات..

سۆران و ئەکرەم و عەلی لەسەر مەسەلەی ئیسلام ومارکسیەت دەدوان..

کەیوان و هەورامان و سەربەست باسی خۆشی بەهەشت و نازارەکانی دۆزەخیان دەکرد..

یاسین و دارا و دکتۆر لوقمانیش، لەبەر سورەتی (یوسف) یان دەخوێندو کاک موسایش کەنزیکەی سێ

بەشـی قورئـانی لەبـەر بـوو، گـوێی لێ دەگرتـن و هەڵەکانی بۆ ڕاست دەکردنەوە..

زۆر زۆرێک لەدەرەوە هاتە گوێیان، هەموویان بـەناگا هاتنەوە..

دەیـانزانی ئـەو زۆر زۆرەیـە دەنگـی کلیلـە زۆر و زەبەندەکانی ملی جەللادە ڕەش تاڵەکەیە..

کەیوان گوتی:

ـ((خۆتان ئامادە بکەن.. بزانـین سـەرەی کامـانـە.. لـەبیرتان نـەچێ.. پێغەمبـەری خـوا هەمیشـە بـەخێزانی یاسری دەگوت ئەی خـێزانی یاسـر، ئـارام بگـرن، ئێـوە لەبەهەشتدا ژوانتان هەیە..

منیش بەئێوە دەڵێم: ئەی قوتابیـەکانی قوتابخانـەی ئەرقەم، ئارام بگرن ئێوە لەبەهەشت ژوانتان هەیە..

هەریەک لەقوتابیەکان، لەبەر خۆیەوە بەدەنگێکی پڕ لە ڕەزامەندی و دڵنیابوونەوە، گوتیان:

ـ((ان شاء الله))

ئەو جەللادە کلیکی ژوورەکەی ئەم بەشەی لەملدا بوو کلیلـەکان زۆز بـوون ، پـەتی تـێ ئـاڵاندبوون و وەک

ملوانکه کردبوونیه گەردنی.. ئەم تەنها کاری کردنەوەی دەرگابوو.. زۆر زۆر لەبەردەرگای ژورەکەدا وەستا، دوای چەند چرکەیەک دەرگاکەی کردەوە، چاوی سەرجەم قوتابیەکان، ڕێک و ڕاست بۆ بەردەرگاکەی دەڕوانی..

ملوانکە لەمل دوو هەنگاو گەڕایەوە دواوەو دانەیەکی بالابەرزی کەلەگەتی قەڵەوی جل سەوزی تر، بەکیبرێکەوە هاتە پێشەوە گوتی:

ـ((هەورامان وسۆران و، دکتۆر لوقمان بێنەدەرەوە..))

هەرسێ قوتابیەکان ناوڕیان دایەوە بۆ لای براکانیان و ئەوانیش بەوپەڕی سۆزو نەوین و خۆشەویستییەوە تەماشایان دەکرد..

دکتۆر لوقمان پەیمانگای پزیشکی تەواو کردبوو، وەلێ قوتابیەکان هەمیشە دکتۆر لوقمانیان پێ دەگوت، لەبەرلاوازی چاوەکانی عەینەکێکی لەچاودابوو، تەمەنی بیست وسێ بیست وچوار دەبوو، بالایشی وەک دارچنار هەڵیدا بوو، دکتۆر لوقمان لەم دوایانەوە کەیوانی ناسی پەیوەندی پێوەکرد.. هەرچەند لەنێو قوتابخانەی ئەرقەمدا زۆر نەژیابوو، بەڵام واهەستی دەکرد کەیەکێکە

لەکۆلەکەکانی ئەو قوتابخانەیە، بڕیاری دابوو، گیان و خوێن و زانیاریەکەی لەوڕێگەیەدا سەرف بکات کەقوتابخانەکەی گرتوویەتیە بەر..

یەکەم کەس بوو هەستایەوەو پاشان سۆزان و هەورامانیش بەدوایدا، هەر کەهاتنە ئەم دوی دەرگاکە، جەللادی خوێن ڕێژ بەکێبڵ ئەوانی دایە بەرو، ملوانکە لەملیش دەرگاکەی داخستەوە و پاسەوانە چەک بەدەستەکەی بەردەرگاکەیش لەجێی خۆیدا نەمایەوە..

ئەم پاسەوانە چەک بەدەستە، کاری تەنها ئێشکگرتنی دەرگاکە بوو..

کابرایەکی تەمەن (٣٥) ساڵانە بوو.. دەموچاوی خڕو سورکەڵە بوو، سمێڵی زەرد بوو، چاوەکانیشی چکۆلە بوون.. هەموو ڕۆژێک دەیکەن بەئێشکگری ئەم ژوورە خەفەت دایدەگرێت و خەم دەنیشێتە سەر پێڵوی چاوە چکۆلەکانی و هێندەی تر چکۆلەی دەکاتەوە..

کە تەماشای ئەو گەنجانە دەکات، بانگ دەدەن و بەکۆمەڵ نوێژ دەکەن و قورئان دەخوێنن، لەناخەوە ئاگری تێبەر دەبێ و هەڵدەقرچێ..

بەبینینی ئەم قوتابیانە، بریندەکانی دەکولێنەوەو دێنەوە سۆ گەروی دەبرژێتەوەو پڕ ڈەبێ لەقوڵپی گریان..

ئاخر ئەمە یەکێکە لەکۆنە (اخوانەکان) وەختی خۆی لەپڕیزی برایانی (اخوان) دابووەو کاری کردووە.. کاتێک حیزبی بەعس هاتە سەر حکوم و فەرمانی دا چالاکیەکانی ئەو کۆمەڵە ئیسلامیە ڕابوەستێ، ئیدی ڕاوەستا..

ئەویش لەلایەنی لێپرسراوەکەیەوە ڕێگای پێدرا کەببێتە سەرباز لەسوپادا، ئەگەر داوای موالیدی کرا..

هەر لەسەر ئەو بڕیارە کەداوای موالیدی کرابوو، بوو بەسەربازو سالێک و دوان و سیان نەبڕایەوەو هێدی هێدیش لێپرسراوەکەی ئەمی پشت گوێ خست و ئەمیش لێپرسراوەکەی پشت گوێ خست تا ئەم ساتەی حاڵی بەم حاڵە گەیشتووە..

ئێستا کە ئەم قوتابیە موسڵمانانە دەبینێ لەسەر ئیسلام و قورئانەکەی ئەو، لەکونجی زیندان ئاخنراون و ئەشکەنجە دەدرێن و کەچی ناپسێن و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ سورتر دەبن لەسەر بانگەوازەکەیان هیچ و پووچیەتی خۆی بۆ دەردەکەوێت بێ نرخی و بێ ڕێزی خۆی بۆ

دەردەکەوێت.. لەهەمان کاتدا، یادگاری و یاداشتەکانی ئەوسای خۆی بەبیر دێتەوە، کەچۆن بەبەردەوامی لەگەڵ براکانیدا هەوڵیان دەدا خەڵکی بگێڕنەوە بۆ ئیسلام و لە ئاینەکەیان حاڵیان بکەن..

کەچۆن هەوڵیان دەداو تێدەکۆشان، بۆ دروست بوونی قەوارەیەکی ئیسلامی و دەوڵەتێکی ئیسلامی..

کەچی لەڕۆژو تاقێکدا ئاواتەکانیان بوو بەخەون و خەونەکانیان بوو بەداستان و خەزانی بەعس گەلاڕێزانی کردن..

ئەم دەیویست لەهەر ڕێگایەکەوە بووە خزمەتێکیان پێ بکات، بەڵام هەرچەندی دەکرد نەی دەڕێرا، تاخر بەڕێوەبەری ئەمن زۆر بڕوای پێی بوو، زۆریش خۆشی دەویست، هەردووکیان خەڵکی یەک شار بوون، خەڵکی بەغداد بوون و هەردووکیان عەرەب و بەناویش هەردووکیان سوننی بوون.. ئەم هەرگیز بێ دڵی بەڕێوەبەریشی نە دەکرد و لەخزمەتیا بوو..

ئەم هۆکارانە هەموویان وایان لەبەڕێوەبەر، کردبوو کەخۆشی بوونیت.. جار جارەیش بانگی دەکرد بۆ ژوورەکەی خۆی و پێکەوە دادەنیشتن..

بۆیە هەرکاتێک بیری لەوە دەکردەوە کە خزمەتێکیان پێ بکات، دڵی دادەخورپاو پەشیمان دەبوویەوە..

بەڵام ئەم ترس و پەشیمانیە، لەکوێ بەرگەی سۆزو بەزەیی دەگرن..؟!! نایگرن.. هەرگیز نایگرن..؟ بۆچی هیچ دەسەڵاتێکی سنوردار، لەبەرامبەری شەپۆلی سۆزو بەزەییدا خۆی دەگرێت، ئاوەکو ترس و پەشیمانی بتوانن خۆیان بگرن..؟

★★★ ★★★ ★★★

هەورامان و لوقمان و سۆرانیان لەژوورێکدا ڕاگرت، ڕائید حەسون، گوتی:

ـ((ئەمانە، ماشاء الله، چ پاڵەوانێکن))

لەژوورەکەدا شەش کێبڵ بەدەست ڕاوەستابوون.. چاوەڕوانی فەرمان بوون، کەڕائید حەسون گوتی:

ـ((ئادەی تێیان کەون))

ئیدی دەستیان لێ کردنەوەو دایان پلۆساندن، هەر سێ قوتابیەکە، هەر سێ گوڵاڵەکەی کەیوان کەوتنە ژێر

زەبرو زەنگی کێبڵەوە، دکتۆر لوقمان عەینەکەکەی لەچاودا شکاو دەم و چاوی پڕ بوو لەخوێن.. پشتی سەرو ناوەندی دەفەی شان و نوکە پێ و قولو قاپەو سەر و سەرترو هەموو لاشەیان لەژێر کێبڵ دا، ڕزاو، دیسانەوە خوێن لەبرینەکانیەوە بەتەوژم دەڕپەڕی.. ئەو ناوە سوربوو، بوو بەخوێن هەر سیانیان کەوتنە سەر زەویەکەو چەقەڵەکانیش بەزدەوام لێیان دەدان..

ڕائید حەسون هەورامان و سۆرانی لەژێر دەستیاندا دەرهێناو لەسوچێکەوە ڕایگرتن و گوتی:

-((ئادەی بزانم چی لەم پاڵەوانە دەکەن؟))

یەکێکیان پشتی دکتۆر لوقمانی گرتوو بەرزی کردەوە، هەتا هێزی تێدا بوو، پاڵێکی پێوەنا بەرەو ئەوەی لای بەرامبەری ئەویش وەکو تۆپ هەڵی دا بۆلای ڕاست، ڕاست بۆ چەپ وچەپ بۆ ئەوەی بەرامبەری..

پاشان کێبڵ بارانیان کردو لەهەموو لایەکەوە دابارینە سەری..

ڕائید حەسونیش پێ دەکەنی و دەیگوت:

ـ((خوێڕی، فێر نەبی جارێکی تر جیهاد دژی حیزبی بەعس بکەیت.. بۆ ئێمە کافرین؟)))

لێیان دا تـا بورایـەوەو لـەهۆش خـۆی چـوو، پاشـان دایان بەسەر شانی هەورامان و سۆران دار ملوانکە لـەمل پێشیان کەوت بۆ کردنەوەی دەرگای ژوورەکەیان..

★★★ ★★★ ★★★

پاسەوان لەجێگای خۆی لەنگەری گرتبـوو، دەتگـوت دار چنارێکـەو چـەندین سـاڵە لەبـەر تـەو دەرگایـەدا ڕوێنراوە..

بینی ئەوە دوو قوتـابی شـەلالی خۆینـن، بەهەناسـە بڕکێوە لاشەی خوێنینی مرۆڤێکیان داوە بەسەر شـانیاندا و، ملوانکە لەملیش پێشیان کەوتووە..

ئەم دیمەنە زۆر کاری تێکرد، هێندەی تـر خرۆشـانی سۆزو بەزەیی هاواری بوو، سەدایەک بوو، نالەیەک بوو، لەویژدانیەوە دەرپەڕی و بوونی دەهێنایە حەشۆکان..

ئەوە نزیـک بوونـەوە، ملوانکـە لـەمل، دەرگاکـەی کـردەوەو سـێ قوتابیەکـە چوونـە ژوورەوەو دەرگاکـە

داخرایـەوە.. ئـەم گـڕی گـرت وەکـو پشـکۆ داگیرسـاو سووربووبـەوە.. وەڵێ هەر ئەو سووربوونەوەو هیچی تر..

★★★ ★★★ ★★★

هـەموو قوتابیـەکان دەوری سـێ گوڵاڵەکـەیان گـرت، ئـەکرەم و کۆمـەڵێک دەیـان ویسـت برینـەکانی دکتـۆر لوقمان ڕابگرن و خەریکی بوون..

عەلی و کۆمەڵێکی تریش سەری سۆرانیان لـەباوەش گرتبـوو، هـەندێکیان دەگریـان بەسـەریداو هـەندێکی تریشیان هەوڵی ساڕێژکردنی برینەکانیان دەدا.. کەیوان و چـەند پەپولەیـەکی تریـش بـەدەوری هـەورامانداا هەڵدەسوڕان.. کەیوان سەری هەورامانی لەباوەش گـرت.. تـەختی تـەوێڵی هـەورامان، خوێنـی لێ هـەڵدەقوڵا، خوێنێکی گەرم و سور.. هەرچەندیان دەکـرد نەدەوەسـتا.. پاسەوانەکە چـاوی لێ بـوو ئـەم جـارە قیروسـیای کـردوو دەستی برد بۆ گیرفانی و دەسـڕێکی فـڕێ دایـە ژوورەوە، وەڵێ دەسـڕی کلێنـس لـەکوێ بەرگـەی ئـەم خوێنـە دەگرێت؟..

قوتابیەکان هەر چەند ئەو کارەی پاسەوانەکەیان پێ سەیربوو بەڵام بیریان لێ نەکردەوە.. چونکە کاتی بیر کردنەوەیان نەبوو..

کەدەسڕی کلێنسەکە کۆتایی هات وخوێنی تەوێڵی هەر نەوەستا، ئیدی کەیوان کراسەکەی بەری داکەندو نایە سەر ئەو جێگایەی کەخوێنەکەی لێ هەڵ دەقوڵا..

سەربەست چاوەکانی پڕبوو لەفرمێسکی گەورە گەورە گوتی:

ـ((خوایە، خۆدەبینی ئەم زۆردارانە چی لەبەندەکانی تۆ دەکەن؟))

یاسین:

ـ((خوایە تۆڵەیان لێ بستێنیت؟))

محمود:

ـ((خوایە، سەر شۆڕیان بکەیت؟))

کەیوانیش بەدەنگێکی ناسک و کزۆڵ وپڕ لەخەمەوە گوتی:

ـ((دڵنیابن.. داهاتوو بۆ ئیسلامە..))

زستانی ئەمسال زۆر سەختە.. بەفرەکەی لەباس کردندانیە.. کزە باکەی پیاو دەکوژێ، باوکی ڕۆژگار قسەی بۆ ماڵەوە دەکرد:

ـ((ئەمجارەیان، لەگەڵ باوکی سۆراندا، هەوڵێکی یەکجار زۆرمان دا، تاکە کەسێکمان دۆزیەوە..))

ژنەکەی:

ـ((جاهیچی لەدەست دێ؟))

ـ((بەڵێ.. زۆریش.. دەڵێن لەگەڵ بەڕێوەبەری ئەمن دا وەکو برای گیانی بەگیانیوان..))

ڕۆژگار بەدەنگێکی نزم گوتی:

ـ((بابه.. چۆن ئەو کابرایەتان دۆزیەوە؟))

باوک:

ـ((کچم بەپارە.. بەپارە دۆزیمانەوە، مەگەر لەم ڕۆژەدا پارە هەموو شتێک ناکات..؟ بۆچی بناغەی ئەم حکومەتە لەپارە دروست نەکراوە..؟ لێرە پارە بدە هەموو شتێک دەکەیت!!))

ڕۆژگار:

ـ((چەندتان داوەتێ؟))

ـ((پێنج هەزار دیینارمان داوەتێ..))

ـ((پێنج هەزار!!!!))

ـ((بەڵێ پێنجمان داوەتێ.. بەو مەرجەی لەماوەی هەفتەیەکدا لەبەندیخانە دەری بێنێت.))

ڕۆژگار نەیدەزانی پێبکەنێ یان بگری؟

بەخۆی دەگوت:

ـ(ئەو باوکە دامـاوەی سۆران، چەند ساڵە هەوڵ دەدات و عارەقی نێوچەوان دەڕژێ و پارە پەیا دەکات، کەچی دەستی زۆرداری و ستەم، لەشووو ڕۆژێکدا

هەمووی لێ دەستێنێ.. ئەمە چ قانونێکە..؟ ئەمە چۆن نیشتمان و وولاتێکە ئێمە تێیدا دەژین؟!))

لەسەرێکی دیکەیشەوە سۆرانی دەهاتە پێش چاو، کەدەبێ هەرچۆنێک بووە بەهەر نرخێک بووە، لەژێر باری نازارو ئەشکەنجەدا دەربێت و رزگار بکرێت..

دایک:

-((خوا بکا.. ئەم جارە، وەکو جارانی تر نەبێ، ئەم جارە سەر بگرێ، ئەو دایکە کلۆڵ و داماوەی هەر مردووە؟!))

ڕۆژگار سەرێکی ڕاوەشاندو لەناوەوە بەخۆی گوت:

-((دایەگیان.. ئەگەر ئەزانی من چۆن لەناخەوە ناگرم تێ بەربووە و هەموو ساتێک دەسوتێم.. ئەوسا بەزەیت بەمندا دەهاتەوە نەک دایکی سۆران؟!!))

باوک:

-((نافرەت.. ئەی ئەو باوکە کلۆڵەی بۆ نالێیت.. بڕوام پێ بکە جوولەکەیش بەزەیی پیا دێتەوە.. ئەو کابرایە وەکو شێت هەر ئەمسەرو ئەو سەر دەکات.. باوەڕ ناکەم ناگای لەخۆی بێ.. نەخێر باوەڕ ناکەم..))

ڕۆژگار لەدڵی خۆیدا گوتی:

ـ((باوکم سەیرە.. بۆ من ئاگام لەخۆم ماوە؟ بۆ من و شێت ئێستا جیاوازیمان هەیە؟ من عەقڵم ببێ، ئەم قسانەتان لەگەڵ منەو بەڵام ناڕاستەخۆ دەیدرکێنن؟!))

دایک:

ـ((خوا ئارامیان بەسەرا بڕژێنێ.. مرۆڤ دەبێ بەبەشی خوا ڕازی بێ!))

باوک:

ـ((ڕازی نابێ چی دەکا..؟.. هـا.. ئەوە ئاوی سارد زۆرە بڕوات بیخواتەوە؟!))

ڕۆژگار هەناسەیەکی پڕ لەکەسەری هەڵکێشاو هیچی نەگوت..

★★★ ★★★ ★★★

بەڕێوەبەری ئەمن سێ هەزار دیناری وەرگرتبوو.. دوو هەزارەکەی کەیش لەگیرفانی کابرا خۆیدا بوو..

سەعات دووی پاش نیوەڕۆ کابراو بەڕێوەبەر بەیەک گەیشتن

ـ((پاش هەفتەیەکی تر، بەری دەدەین، خواردنی باشیشی دەدەینێ باکەمێک بێتەوە سەر خۆیو قەڵەو ببێتەوە، خوێرپە زۆر کەللەشەقە.. دارزاوە لەژێر کێبڵ دا.. هەفتەیەکی بەسە.. پاش هەفتەیەکی تر.. بەری دەدەین..

ـ((زۆر باشە.. هەفتەیەکی تر زۆر باشە.. منیش هەروام پێ گوتوون.. ئێستا ئەگەر فەرمانێکت نیە بامن بڕۆم..؟))

ـ((نەخێر.. خوات لەگەڵ.))

★★★ ★★★ ★★★

بەڕێوەبەر کۆنە (اخوان)ەکەی کە ناوی سەلامە، ناردبووی بۆ کارێکی تایبەتی خۆی، ئەو کاتەی کەکابرا ڕۆیشتە دەرەوە، ئەم گەیشتە جێ.. چاویان هەڵتەقا بەیەکدا.. نەئەم هیچی گوت، نەئەویش..

ئەم هاتە ژوورەوە، سەلامی کرد، بەڕێوەبەر وەڵامی دایەوەو فەرمووی دانیشتنی لێ کرد:

ـ((ها چی بوو سەلام..؟))

ـ((قوربان چۆن فەرمانت کردبوو، واپێم گەیاند.. وتی بەسەر چاو خۆم ڤیدیۆیەکی زۆر باشی بۆ دەکرم..))

ـ((ئای بژیت..))

سەلام بێ دەنگ بوو، بەڕێوەبەر لەبەر خۆیەوە گوتی:

ـ((باشە ئەوە لەتۆیش ڕزگارمان بوو؟))

سەلام:

ـ((قوربان لەکێ؟))

ـ((لەو هەتیوەی هاوڕێ کەیوان.. سۆران ناوێکە.. سەر سەختێکە پاش هەفتەیەکی تر ڕزگارمان دەبێ لێی.. بەری دەدەین بابڕواتەوە بۆلای دایکە داماوەکەی..))

سەلام بەو قسەی بەڕێوەبەر گەلێک خۆش حاڵ بوو.. چەند خەندەیەکی کەوتە سەر لێوانی، بەڵام نەیهێشت بەڕێوەبەر وابزانێت بەختیارە.. حەزی دەکرد هەر ئێستا مۆڵەتی بخواستایەو ئەم هەواڵەی بگەیەنایەتە کەیوان.. ئەمەیش ناکرێ.. نابێ خۆی وانیشان بدات.. تاناشکرا

نەبێ چونکە دەرکەوتنی یەک نیشانەی بچوک لەسەری،
مانای کوشتنیەتی.. بۆیە ڕانی بەخۆیدا گرت..

٣١

سەلام ئەمڕۆ سەرەیەتی.. سەرەی نێشککگرتن لەبەر دەرکی ژوورەکەی قوتابیانی ئەرقەم دا..

گەلێک بەختیار دێتە بەر چاو، بزەیەک بەسەر لێوەکانیەوەیەتی، سمێڵە زەردەکەی بریسکەی دێت.. چاوە چکۆلەکانیشی دەدرەوشێتەوە..

دوو مژدەی پێ یە.. دوو مژدەی گەورەو خۆش، یەکێکیان لەنێو لاپەڕەکانی دڵیایەتی، ئەوی دیکەیشیان لەژێر فەروی پانتۆڵە سەوزە سەربازیە کرمەکەیدایە..

کڵاشینکۆفەکەی لەشاندا بوو، هەنگاوەکانی درێژو گەورە بوون، گەیشتە بەر دەرگاکە.. کات سەعات هەشتی بەیانی بوو، پاسەوانەکەی تر کەنەمی دی،

شوێنەکەی بەجێهێشت.. ئەم ڕاوەستا، ئاوڕێکی دایەوە بۆ ژووڕەوە، بینی قوتابیەکان کۆمەڵ کۆمەڵ دانیشتوون و بۆ خۆیان قسان دەکەن..

چاوێکی خشاند بەلای چەپ و ڕاستی خۆیدا.. کەس دیار نەبوو، دەستی برد بۆ ژێر پانتۆڵەکەی.. عەلاگەیەکی ڕەشی دەرهێنا پڕبوو لە سەمونی گەرم و نەرم.. لەنێوانی شیشەکانەوە فڕێدایە ژووڕەوە بۆیان.. کارەکە لەناکاتدا بوو.. یەکەم جار قوتابیەکان شڵەژان.. کەیوان عەلاگەکەی هەڵگرت.. دیتی سەمونی گەرم و نەرم.. زەردەخەنەیەک ڕوخساری گرت.. سەری بەرز کردەوە، بینی پاسەوانەکە بەپەنجەی شایەتومان بانگی دەکات، عەلاگەکەی دانا.. هەستایە سەر پێ و چەند هەنگاوێکی پڕ لەتاسەو سەر سوڕمانی نا.. گەیشتە بەردەمی شیشی زیندانەکە.. سەلام جارێکی تر چاوی خشاندەوە بەلای ڕاست و چەپدا.. بەختی خۆی کەس دیار نەبوو.. بەنەسپایی پێی گوت:

ـ((سۆرانتان تیایە؟))

کەیوان بەعەرەبی وەلامی دایەوە:

ـ((بەلێ.))

ئەو گوتی:

ـ((سۆران لەزیندان بەردەبێ، ڕزگاری دەبێ))

ـ((چۆن دەزانی؟))

ـ((دەزانم.. بەڕێوەبەر خۆی گوتی.. ئێستا بڕۆ باکەس پێمان نەزانێت.. ئەگەر شتی تازەی کەم بیست پێتان دەڵێم.. ئێستا بڕۆ خێرا بڕۆ..))

سەلام ڕوی وەرچەرخاندوو کەیوانیش گەڕایەوە، زەردەخەنە لەنێو چاوی دەباری، زەردەخەنەی ڕەنگاو ڕەنگ، پەپولەیی، چاوە جوانە نوورانیەکەی گەشابوویەوە.. قوتابیەکان تێگەیشتن هەواڵێکی خۆشی پێ یە..

لەسوچێکی سەرەوەی ژوورەکەوە، پاڵی دایەوەو دانیشت.. قوتابیەکان وەکو کورەی هەنگ دەورەیان دا.. کەیوان تەماشای سۆرانی دەکردوو دەخنایەوە..

ـ((کاک سۆران مژدەیەکی خۆش؟))

سۆران وەک گوڵی بەهار گەشایەوە، وەک ئەستێرەی شەوانی بێ مانگ داگیرسا، وەک چل چرا شەوقی دایەوە.. لەو ساتەدا، چەندین خەیاڵی پڕ لەئەوین و

خۆشەویستی، چەندین وێنەی ڕۆژگاری تازیزی، تیژ پەڕانە بەبەرچاویدا تێپەڕین، سۆران دەست و چاوو قاچ و لێو و لاشەی بوو بوو بەگوێ.. دەیویست دەمێنش قەپات کات بۆ ئەوەی گۆیی لەخشپەی هەناسەکانیش نەبێ:

ـ((کاک سۆران، تۆ ڕزگارت دەبێ.. ئەمڕۆ سبەی مال ئاوایی لەبەندیخانە دەکەیت!!))

ـ((چۆن کێ..؟ کێ گوتی..؟))

ـ((بەڕێوەبەری ئەمن گوتوویەتی.. دیارە مالەوەتان هەوڵی زۆری داوە....))

سۆرانی بردە سوچێکەوەو پێی گوت:

ـ((ئەگەر بەربوویت.. ماوەیەک خۆت بێدەنگ بکە.. پاشان سەرێکی کاک ڕێبوار بدە.. سەلامی منی لێ بکە.. پێی بڵێ.. جارێ باتەقینەوە بوەستێت.. نێوە لەدەرەوە تاماوەیەکی تر هەر خەڵکی بانگ بکەن.. ئەگەر نێمە ڕزگارمان بوو.. ئەوە دەزانین چی دەکەین.. خۆ ئەگەر ویستی خوای پەروەدگاریش وابوو کەنێمە شەهید ببین.. ئەوە ئیتر خۆتان بیر بکەنەوەو بزانن چی بەرژەوەندی نیسلامی تیایە ئەوە بکەن چاکە..))

ـ((ان شاء الله..))

★★★ ★★★ ★★★

پاشـــان قوتابیـــەکان دەوری ســـۆرانیان گرتـــەوە.. پیرۆزبایی ڕزگاربونیان لێ کرد و، هەر یەکەو پەیامێکی پێ ڕادەسپارد بۆ دەرەوەی زیندان.. یەکێک پەیام بۆ دایکی و یەکێکی تر بۆ باوکی‌و ئەویتر بۆ خوشکە چکۆلەکەی و....!!

ئەمیش پەیمانی دەدانێ کەهەر ڕزگاری بوو، یەک چرکە کەمتەرخەمی نەکات و داواکانیان پشت گوێ نەخات..

★★★ ★★★ ★★★

سۆران سات لەدوای سات و چرکە لەدوای چرکە، چاوەڕوان بوو کەی بانگی بکەنە دەرەوە.. ڕەنگە لەوەتەی هاتووەتە ئەم زیندانە نەفرەتیەوە، هێندەی ئەم یەک دوو سەعاتە ئازاری چاوەڕوانی نەچەشتبێت..

لەسەرەوە ڕووبەڕووی دەرگا ئاسنینەکە دانیشتبوو، ئەژنۆکانی لەباوەش گرتبوو.. خەیاڵی جۆراو جۆر

لەمێشکیدا وەک پۆلە سوێسکە هەڵدەفڕین.. وەک کەناری دەیان خوێند..

وای هەست دەکرد، ئەوە ملوانکە لەملەو بەرەو زیندانەکە دێت و ڕۆژگاری دەستگیرانیشی بەدەستێک جلی موحاجەبەی سەوزەوە بەدواوەیەتی.. ئەو دەرگاکە دەکاتەوە، ئەم هەڵدەستێ زمانی دەبەسترێت.. هیچی بۆ ناگوترێت.. ڕۆژگار دەستی دەگرێتو لەزیندانەکەوە بۆ سەر جادەو لەوێشەوە بۆ ماڵەوە دەڕۆنەوە.. ئەم خەیاڵە زەردو سورانە لولیان دابوو، تاگای لەخۆی نەمابوو، تائەو ساتەی لەناوەندی دەرگاکەوە بانگیان کرد..

-((سۆران سابیر بێتە دەرەوە..))

سۆران هەستایە سەر پێ و قوتابیەکانیش بەرزە پێ ڕاوەستان.. ئەم تەماشایەکی کرد.. هەناسەیەکی گەرمی هەڵکێشاو بەگەرمی خوا حافیزی لێ کردن.. لەبەر دەرگاکەدا بۆ دوا جار بەتیلەی چاو، کەیوانی نیگا باران کرد، کەیوان هیچی نەگوت..

بەزمان هیچی نەدرکاند، وەلێ بەچاوە گەورەو گەشەکانیدا، دوو دڵۆپ فرمێسکی گەرمۆ سپی هاتنە خوارەوە..

سۆران ڕۆیشتوو قوتابیەکان ،وەکو برایەکی ئازیزیان مردبێ، ئەژنۆکانیان لەباوەش گرتەوەو سەریان بۆ خوارەوە شۆڕ کردەوەو بێدەنگیەکی پڕ لەسام بالّی کێشا بەسەر ژوورەکەدا..

هەر لەو بێدەنگیەدا بوون، تا چەند ساتێکی تەحەمول و لەرزۆک، وەک پیاوی پشت کۆماوی دەم و چاو پڕ چرچ و لۆچی پیر، تێپەڕی و گوزەری کرد.. ئەم جەستە.. چیە، وەک تاریکی شەو بەسەر بوونی ئەم قوتابییانەدا کشاوە..؟

کەس قسە ناکات..!!

هەموویان بێدەنگ!! کڕومات!!

جگە لەخشپە خشپی هەناسەو لوشە لوشی گریان هیچی تر لەوێدا نابینرێ ئەمە وا بەردەوام بوو، تازڕەی کردنەوەی دەرگا ئاسنەکە بەئاگای هێنانەوە، دەنگێکی زبرو ناقۆلا گوتی:

ـ((کەیوان..))

ـ((بەڵێ..))

ـ((وەرە دەرەوە..))

کەیوان وەک ئاسکێکی بریندار هەستایە سەر پێ، هەموو لاشەی زام بوو، زامەکانی دەچوزانەوە..

دوو جەللاد، دەستی ڕاست و دەستی چەپیان گرت و لەگەڵ خۆیاندا بردیان بە کۆڵانێکی تەسکی بەندیخانەکەدا تێپەڕین دەرگای جامخانەیەکیان بڕی.. دانەیەکی تریش، دەرگایەک کرایەوە.. بردیانە ژوورەوە.. ڕائید حەسون لەسەر قەنەفەیەک دانیشتبوو، ڕۆژنامەی دەخوێندەوە کە ئەمی دی سەری بەرزکردەوە.. هەندێک لێی ڕامار پاشان گوتی:

ـ((کەیوان.. تۆ مرۆڤێکی زۆر خۆپەرستی.. جگە لەخۆت بیر لە کەسێکی تر ناکەیتەوە.. کام ئاین ڕێگا دەدات، تۆ ئەم هەموو خەڵکە لەبەر خۆت بخەیتە ئازارو ئەشکەنجەوە.. تو ئێمەیشت ناڕەحەت کردووە. ناچارت کردوویین ئەم هەموو ئازارو ئەشکەنجەیەت بدەین. چی بکەین، ئێمە ناچارین لە پێناوی ئاسایش و ولات و لەناوبردنی ئاژاوە و ئاشوبدا هەموو شتێک بکەین..

بەتایبەتی تۆ.. تۆ ناچارمان دەکەیت هەموو جۆرە شێوازێکت لەگەڵدا بەکار بێنین، ئێستا با لەکورتیدا پێت بڵێم، ئەوە دایکتمان هێناوە بۆ ئێرە.. بەزەیت بەو

داماوەدا بێتەوە.. باشازاری نەدەین.. کارێک مەکە ناڕەحەتی بکەین.. ئێمە تەنها یەک شتمان لەتۆ دەوێ.. ناوی نەو کەسانەمان پێ بڵێ کەبەناوی ئیسلامەوە کار دەکەن و تەنزیمات بڵاو دەکەنەوە.. ئەم کارەمان بۆ بکە ئەم سمێڵە سمێڵی پیاونەبێ، ئەگەر بەئۆتۆمبیلەکەی خۆم نەت بەمەوە بۆ ماڵەوە.. پێمان دەڵێی..؟

کەیوان سەرێکی ئاڕەزایی ڕاوەشاندو گوتی:

ـ((کەس ناناسم..))

ـ((کەواتە بڕوا ناکەیت کەدایکتمان هێناوە بۆ ئێرە..!!))

ئیدی حەسون هەستا و ڕۆیشتە دەرەوە، دوو جەللادەکەیش کەیوانیان بەدوویدا ڕاکێشا، بردیانە ژوورێکەوە، ڕائید وەستا بوو، کەیوانیان وەستان، لەبەرامبەریاندا جامخانەیەکی شوشەبەند بوو، پاش چەند چرکەیەک، دایکی کەیوانیان لەو دیوی جامخانەکەوە ڕاگرت.. ئەم حەپەسا، بەخۆی گوت:

ـ((دایەگیان.. ئاااایی دایەگیان.. کەواتە تۆیشیان هێناوە بۆ ئێرە دایەگیان.. ئارام بگرە خوای گەورە دەمان

بینیێ.. ئێمە لەپێناوی ڕێبازەکەی ئەودا وامان لێ دێت..))

لەدوایدا دایکیان لەبەردەمی جامخانەکەدا لابرد.. ڕائید حەسون گوتی:

-((کەیوان لەمەزیاتر کەر مەبە، کەمێک بیری ئەو دایکە داماوەت ببێ.. کارێک مەکە ناچاری هەموو شتێکمان بکەیت.. ئێمە دەزانین، تۆ زۆر شت دەزانیت، زانیاری زۆرت لایە.... ئێستا ناوەکانیان دەڵێی..؟))

کەیوان لێوی خوارەوەی کرژشت و چاوەکانی وەک دوو پەڵە هەوری ڕەش دەچوون.. ڕق و کینیان لێ دەباری، هەر کاتێک تورە دەبوو، چاوەکانی وای لێ دەهات.. بەتوندی گوتی:

-((کەس ناناسم.. نەخێر کەس ناناسم.))

-((ئاخر باش ئەوەیە پێمان بڵێی؟))

-((نەخێر.. باش ئەوەیە خوا فەرمانی داوە))

-((خوا فەرمانی چی داوە.. جیهاد کردنی ئێمە.. بەخوا باشە ئەمەیشمان زیاد کرد.. یەڵڵا بیبەن.. ونیکەن

لەبەر چـــاوم.. ئـــەوە خوێرپـــە.. کـــەرە.. قســـە نـــاچێت بەمێشکیدا.. ئەوەندەی لێدەن تا دەتۆپێت..!!)

خـۆی ڕۆیشـتوو لاشـەی نـۆزدە سـاڵانەی کـەیوانیش، کەیوانی نێرگزو پەپولە کەیوانی بـەهارو گوڵەگـەنمیش، کەوتە ژێر تازارو ئەشکەنجەی کێبڵ بەدەستەکانەوە..

کەبرینـەکانی زەبـری تونـدوو تیـژی کێبـڵ بەیـەکتری دەگەیشـتن ئیـدی خوێـن فیچقـەی دەکـردو بەتـەوژم دەردەپەڕی پاشان تەو ناوە بەخوێنی کەیوان سور دەبوو..

٣٢

هەفتەیەکە سۆران لەبەندیخانەو تازارو ئەشکەنجەکانی ڕۆژگاری بووە.. هەفتەیەکە مالئاوایی لەکێبڵ و کارەبا و ئوتودانی سەر پشت و گریان و هاوار و نالەی ئەو جێگا نەفرەتیە کردووە..

ئێستا بەیانیان و ئێواران، چاوەڕوانی نەوە ناکات، نێوچاو تالەکان بێن و بەسەر خشتی کاشیدا پەلکێشی بکەن و جۆگەلەی خوێن لەلاشەی هەلبەستن..

هەر لەم هەفتەیەدا ڕێبەواری دی و ڕاسپاردەکەی کەیوانی پێ گەیاند، پەیامی براکانی دیکەپشی گەیاندە ئەو شوێنانەی داوایان کردبوو..

ئەم پێنج شەممەی داهاتوویەش، بڕیاریان داوە ڕۆژگاری بۆ بگوێزنەوە..

سەرەتای دەرچوونی ئەم بڕیارە لەلایەنی دایکیەوە بوو، پاشان باوکیشی ڕازی بوو.. نەک هەر ڕازی بوو، بگرە سوریش بوو لەسەری.. ئەم لەو سەتاوە ڕاڕابوو، حەزی بەسروشتی ئەو بڕیارە نەدەکرد و خۆی بەخەجالەت دەزانی.. خەجالەتی ئەوەی ئەم لێرە لەشایدا بێست و براکانیشی لەزیندانداا بن.. وەلێ ئەم حەز نەکردنە بەفر بوو.. خۆی نەگرت و توایەوە.. بەبیانوی ئەوەی ئەگەر ڕۆژگاری لەپەنادابێت زۆر شتی بۆ دەکرێت..

وەکو ئەوەی ڕۆژگار وازی لەقوتابخانە هێناوەو خۆی داناوە بۆ خزمەت کردنی بانگەوازی خوا.. وەکو ئەوەی ئەو دەتوانێت کەمێک ئازارو ئەشکەنجەکانی لەسەر سوک بکات.. پاشان.. ئەم ژن بهێنێت یان نەیهێنێت چی لەمەسەلەی ئەوان دەگۆڕێ.. بگرە باشتریشە.. چونکە ئەو دەمە، خاوەنی مالی خۆی و زیاتر ئازادو سەربەست دەبێ..

زۆر شتی تریش وای لێ کرد، گواستنەوەی ڕۆژگار بەپێویست بزانێ بۆیە گورج و گۆلانە هەنگاوی بۆ نا، ڕۆژگارو سۆران، پاش لێکدابڕان و غوربەت و ئازارێکی بەردەوام.. پاش خۆشەویستی و نەوینێکی چەند سالانە بەیەک گەیشتن و ئاواتیان هاتە دی کلۆسمەکان لەژێر

پێیاندا پلیشانەوەو درکەکانی ڕێگایان سوتان تازاری چاوەڕوانی هەردووکیان لەسەرچاوەوەو وشکایی هات.. تەو دوو مرۆڤە تەو دوو پەڵە هەورە سپیە تەو دوو نێرگز و دوو سەرچاوەو دوو دنیایە ڕژانە نێو یەکترییەوە و بوونەیەک دنیا بوون بەیەک خێزانێک، خێزانێکە لەدوو قوتابی کەیوان پێک بێت دەبێت چۆن بێت؟!

ئێوارە مالیان لەخەڵکیدا جمەی دەهات براو خوشک و نامۆزاو پورزاو خزمان لەمالی سۆران گردبوونەتەوە..

نانی ئێوارە خوراو سفرە هەڵگیراو، تا درەنگێ میوانەکان لەوێ بوون، پاشان وردە وردە تەو ناوەیان چۆڵ کردو هەر خزمەو گەڕایەوە مالی‌خۆیان.. سۆران ڕۆژگاریش گەڕانەوە ژوورە تایبەتیەکەی خۆیان.. سۆران تا تەو کاتە بەختیار دیار بوو وەلێ کاتی خۆی ڕۆژەی خۆشەویستی بەتەنیا و لەژوورەکەی خۆیدا دی.. ئیستر خەمەکانی هاتنە سەر پەردەی ڕوخساری..

چاوەکانی سەر لەنوێ تەم گرتنیەوە.. بەئەسپایی لەسوچێکی ژوورەکەدا دانیشتن.. ڕۆژگار گوتی:

ـ((سۆرە گیان.. تەوە چیتە؟))

سۆران هەناسەیەکی هەڵکێشاً، بۆنی هەڵپڕوزانی ناخی لێدەهات گوتی:

ـ((هەرچەند دەمەوێت پێبکەنم ناتوانم، دەمەوێت نازارەکانی بەندیخانە لەبیر خۆم بەرمەوە ناتوانم.. ڕۆژەگیان بڕوام پێ بکە.. بۆهەر کوێ دەڕۆم شێوەی ئەو قوتابیانە لەبەرچام وون نابێ..

ئێستا دێتە بەرچاوم کەچۆن کاک کەیوانیان داوەتە بەر کێبڵ و هەورامان خوێن لەتەوێڵی دەچۆڕی و ئەکرەمیش، لەعەزرەتی نازاری قاچی خەوی لێ ناکەوێ و هەر هاوار دەکات..))

ڕۆژگار بەسەریدا شۆڕ بووەوە و هەردوو لەپی دەستەکانی گرت و گوتی:

ـ((سۆران گیان. لەبیرت نەچێ ئێمە بەسەر ڕێگای پێغەمبەراندا دەڕۆین، ئەی نازانی ڕێغەمبەری خوا کاتێک لەتائیف خەڵکی بانگ دەکرد بۆ ئیسلامەتی و یەک خوا پەرستن، خەڵکەکە لەوەڵامدا بەرد بارانیان دەکردو خوێنی سور لەنێو دەفەی شانیەوە چۆڕاوگەی دەبەست بۆ خوارەوە، ئەی پێغەمبەری نازیزمان لەسوجدەدا پیسایی حوشتریان نەکرد بەسەرو قژیدا.. ئەی سومەیەو یاسر لەژێر نازاری ئەبو جەهل دا شەهید نەبوون مەگەر قوتابیانی قوتابخانەی ئەرقەمی کاک

کـــەیوان هـــەمان قوتـــابی قوتابخانـــەی ئەرقـــەمی پێغەمبەری‌خوانین..؟

بێگومان هەمان قوتابین.. بۆیە ئەگەر هەمان ئـازارو ئەشکەنجە نەچێژنەوە ئەوە ناتـەواوی ئێمـە دەردەخـات.. ئێمـــە ســـەربەرزو ڕوســـورین کـــاتێک کەلـــەپێناوی عەقیدەکەماندا ئازارمان بدەن، وانیە سۆرە گیان..؟!))

ئەم قسەی ڕۆژگار، بۆ دڵـی ئـەم، بـۆ ئـەو ئـاگرەی لەناخی ئەم بەربووە، شەپۆلێکی بەتینی دەریایەک بـوو.. نـەک هـەر ئاگرەکـەی کوژانـدەوە.. بگـرە گـوڕو تینێکـی یەکجار زۆریشی تێدا دروست کـرد، بۆیـە پەڵـە هـەوری خەمەکـە لـەئاسمانی ڕوخسـاریدا ڕەویـــەوە و چـــەند خەندەیەک کەوتە سەر لێوانی.

ـ((ڕۆژە گیـــان.. ئەگـــەر خـــوای گـــەورە کوڕێکـــی پێبەخشین ناوی دەنێین....))

ڕۆژگار قسەکەی پێ بڕی و گوتی:

ـ((ناوی دەنێین کەیوان!!))

سۆران بۆی خنایەوەو گوتی:

ـ((دیارە هەردووکمان لەیەک دنیادا دەژین!!))

٣٣

سێ ڕۆژە، هەورامان و شوان و دلێر و جەلالو هەژار و نەوزاد و ئەیوب و ووریا و دلاوەر و کارزانیان لەبیست و چوار قوتابیەکەی تر دابڕیوە.. سێ ڕۆژە ئەم دە قوتابیە لەژووری ژمارە دوانزەدان.. ئەمان خواردنی چاکیان دەدەنێ، تازارو نەشکەنجەیشیان لەسەر هەلگیرابوو، ئەم دە قوتابیە، تەمەنیان لەپانزەو شانزە ساڵان تێپەڕی نەدەکرد..

وەکو جاران نەدەڕشانەوە بەسەریاندا جنێویان پێ نەدەدان.. خۆیشیان سەریان لەم باسە سوڕما بوو.. بەتەواوی لێی تێنەدەگەیشتن.. هەندێکیان دەیان گوت:

ـ((حەتمەن بەرمان دەدەن.. گوایە ئێمە منداڵین و عەیبیان لێ دێبمان کوژن.. بۆیە خزمەتیشمان دەکەن تا

پاش ماوەی نازارو نەشکەنجەمان پێوە دیار نەبێ و ئاهێک بێتەوە بەبەرمانا..))

هەندێکی تریان دەیان گوت:

-((باوەڕناکەین ئەمانە بەئاسانی دەستمان لەسەر هەڵگرن.. قەڵەومان دەکەن بۆ ئەوەی بمان کوژن..))

هەروا نەدەگەیشتنە ئەنجام..

★★★ ★★★ ★★★

کەیوان و بیست و سێ قوتابیەکەی تریش لەژوورەکەی خۆیاندا بوون، نازارو نەشکەنجەیان بەردەوام بوو.. تف تێکردن و جنێودان هەر مەپرسە.. ئەمانە دەیان گوت:

-((دیارە کۆمەڵ کۆمەڵ شەهیدمان دەکەن.. جارێ ئەوە دە کەسیان بردووە.. ئەمڕۆ و سبەیش سەرەی دەی ترمان دێت..))

ئەمان لەم بۆچوونەیان دڵنیان بوون، هەمووبان بڕوایان وابوو، کە ئەو دەکەسەیان بۆ شەهید بوون بردووە..

★★★ ★★★ ★★★

هەر لەو ڕۆژانەدا بوو، مولازم عەلی و کوڕانی حیزبی بەعس خێزانی ئەو بیست و چوار قوتابیەیان خڕکردەوەو لەبەڕێوەبەرایەتی ئەمنی سلێمانیەوە، دوور خرانەوە..

کەیوان و قوتابیەکانی ئەم هەواڵەیان لەڕێگای سەلامەوە پێ گەیشت، ئەو ڕۆژەی کە خێزانەکان دوور خرانەوە سەلام هاتە لایان و پێی گوتن:

ـ((خێزانی ئەمانە لەم ژوورەدان دوورخراونەتەوە بۆ خواروی عێراق))

کەیوان لێی پرسی:

ـ((بۆچی.. ئەوان بۆچی؟))

ـ((ئەوە خۆیان دەزانن.. منیش نازانم..))

*** *** ***

کەهەفتەیەک بەسەر لێکدابڕانی دە قوتابیەکان و ئەمانی تردا تێپەڕی، ئیدی ئەمان لەشەهید بوونیان دڵنیا بوون..

وەلێ کاتێک، لای ئێوارەیەکی درەنگ بینیان، جەللادەکان دە قوتابیەکەیان داوەتە بەرو تێکەڵاوی ئەمانیان کردنەوە.. پێ یان سەیر بوو، زۆریشیان پێ سەیر بوو، دەیان گوت کەواتە شەهید نەبوون..

قوتابیەکان پاش ئەو لێکدابڕانە سەخت و دژوارە، بەیەک گەیشتنەوە جارێکی تر دەستیان لەملی یەکتری کردەوەو تێر تێر ئەملاولای یەکتریان ماچ کرد..

کەیوان دەستی کردە ملی هەورامان و پێی گوت:

ـ((وامان زانی شەهید بوون!!))

ئەو شەوە تابەیانی، کەیوان دەستی کرد بوو، بەسەرین بۆ هەورامانی نازیزی..

کەبەیانی ڕۆژ بوویەوە، هاتنەوە بەدوای قوتابیەکاندا.. ئەمان هیچ لەم هێنان و بردن و شانۆگەریە تەم و مژاویە تێنەدەگەیشتن..

کەیوان یەک یەک دەستی کردە ملی قوتابیەکانی، ئەملاولای هەورامانی ماچ کردو بەخۆیەوە گوشی وپێی گوت:

ـ((گەردنم، نازاد بکە))

هەورە دڵی پڕبوو هیچی بۆ نەگوترا، پاشان هەر دە قوتابیەکە کەوتنە پێش جەللادەکان..

سەعات نۆی سەر لەبەیانی بوو، سواری تۆتۆمبێلێکیان کردن و بردنیانن بۆ ئەو بینایەی کەپێیان دەگوت:

((ئەمنە تازەکە))

لەوێ دایان گرتن.. لەبەر دەرکی هۆڵێکدا ڕایان وەستاندن ڕائید حەسون یەک یەک کردنیە ژوورەوە.. چونە ژوورەوەیان پڕ بوو لەڕووداوی سەیرو سەمەرە.. بینیان هەر باوک ودایکەو باوەش بەکوڕی خۆیدا دەکات و بەخۆیەوە دەیگوشی و ماچی دەکات.. هەورامان باوکی پەلامداری داو دایە بەر ڕێژنەی ماچ.. پاشان بەڕێوەبەری نەمن پێی گوتن..

-((ئەوە منالەکانتانە.. بەڵام جارێکی تر مەیەڵن کاری نابەجێ بکەن..))

دواتریش هەر یەکەو منداڵی خۆی لەگەڵ خۆی بردەوە..

*** *** ***

٣٤

نزیکەی دە مانگێک بەسەر بەربوونی هەورامان و براکانیدا تێپەڕی.. هەورامان و سۆران شەو و ڕۆژ چاوەڕوانی هەواڵێکی کەیوان و بەندیەکانی تر بوون.

هێندە چاوەڕوانیان کرد.. ماندووبوون.. بۆیە ناچارانە دەستیان کردە هەوڵدان.. بەڵکو هەر چۆنێک بووە تروسکەی هەواڵێکیان لێوە دەربکەێت..

بەڕێبواریان گوت:

ـ((تۆ مامت موستە شارە.. هەوڵی لەگەڵا بدە.. بزانە ناتوانێ شتێکمان بۆ بکات..))

ڕێبواریش لەوەڵامدا دەیگوت:

ـ((بەڕاستانە.. بـەخوا مامـەم هێنـدە لەبەڕێوەبـەری ئەمن دەترسێ نەبێتەوە ، وائەزانێت پیاو دەخوات)))

بەڵام ئەمان وازیان نـەهێنا.. لـەدەیان دەرگـای تریـان دا ، یەخەی دەیان کەسی تریان گرت، لەدەیان کەسی تـر نزیک بوونەوە..

وەلێ ئەفسـوس.. هەوڵـەکانیان بەزایـە دەچـوو.. نەدەگەیشتنە ئەنجامێ..

هـەموو ڕۆژێ، سـۆران دەڕۆیشـتەوە بـۆ مااڵـەوەو بەکۆڵێ خەمەوە ڕووبەڕووی ڕۆژگار دەبوویەوە:

ـ((چ بوو.. هەواڵێکت دەست نەکەوت..)))

ئـەم سـەری ڕادەوەشـاندو هیچـی نـەدەگوت.. ئیـدی ڕۆژگار تێدەگەیشت کەخەمەکە لەجێی خۆیدایـەو هـاڵ و هەواڵی کەیوانیش لەقوللەی قافدایەو کەس دەستی پـێ ڕاناگات..

دە مانگێک تێپەڕی و نیوەڕۆیەکی گەرم، هـەورامان دای لـەدەرگای مـاڵی سـۆران، دەرگـا کرایـەوە، ئـەم سەلامی کرد ، ئەو وەلامی دایەوەو گوتی:

ـ((کاک هەورامان، وەرە ژووریّ نان ئامادەیە.. لەسەر سفرەکەیە..))

ـ((سوپاس کاک سۆران گیان.. ئێستا کاتی نان خواردنی من و تۆ نیە!!))

ـ((بۆ هیچی تازە بووە؟))

ـ((بەڵێ))

ـ((چییە؟))

ـ((خێزانە دوور خراوەکانیان هێناوەتەوە، دەڵێم برۆین سەرێک لەدایکی کاک کەیوان بدەین.. بزانین ئەوان هەواڵێکیان پێ نیە))

ـ((ئەها.. هەر ئێستا.. باپێڵاوەکانم لەپێبکەم..))

★★★ ★★★ ★★★

سۆران و هەورامان بەتەکسیەک گەیشتنە بەردەرکی ماڵی کەیوان ڕەنگی دەرگاکە هەر وەکو خۆی وابوو.. دارو دیوارو حەوشەکە هەر وەکو خۆی وابوو..

ئەمان دابەزین.. هەورەو سۆران لەبەر دەرگاکە وەستان..

ئاااای دنیا.. جاران کەدەهاتینە.بەر ئەم دەرگا بۆچی دەهـــــاتین و نێســـــتا بۆچـــــی دێـــــین..؟ ئەو هەموو یادگاریە شیرینانە چیان بەسەر هات..؟

ئەو هەموو بزە و خەندەو پێکەنینانە، چیـیان بەسـەر هات..؟

ئەو ڕۆژگارانەی کە ئەمان دەهاتن و کـەیوان باوەشی بۆ دەکردنەوە..!!

ئـەو ڕۆژانـەی کەکۆبوونـــەوەی ئەنجومـەنی ڕاوێـژو دەستەی شۆڕشگێڕان لەم ماڵەدا دەبەسترا!!

ئەو هەموو خەونە جوان و گەورەو مەزنانەی کەیوان و قوتابیـەکان..!! خـــەونی دروســـت کردنـــی دەوڵـــەتی ئیسلامی!!

خەونی جیهادو تێکۆشان!!

خەونی سپی و سوور زەرد..!!

ئەو خەونانەی کە قوتابیەکان بەدڵ و گیان لە پێناویدا دەژیان و لەپێناویدا خەباتیان دەکـرد.. کـوان..؟ چـی یـان بەسەر هات..؟

ئەم یادگاری و پرسیارە خەماویانە، لەمێشکی هەردوو گوڵاڵەکەدا وێنەی دەریایە گەردەلول لێی دابێ، شەپۆلیان دەدا..چەند جار لەخۆیان دەپرسی:

ـ((کەی بێ کاک کەیوانی دڵ وگیانمان.. کاکە کەیوانی نووری چاو هێزی نەژنۆمان، بگەڕێتەوەو قوتابیەکان کۆیکاتەوەو سەر لەنوێ مەچەکی ئەو کەسانە ببڕێت کەدژایەتی ئیسلام دەکەن..؟

کەی بێ کاکە کەیوان لەزیندان ڕزگاری ببێ و ئەنجومەنی ڕاوێژ دروست بکاتەوە و بەتیپی شۆڕشگێڕان، شار بخروشێنێ..؟))

((خوایە گیان.. بڵێی کاکە کەیوان ڕزگاری بێ.. بڵێی.. بڵێی؟؟))

ئەم هەموو خەیاڵ و ئومێدانە، وەکو هەڵۆ بەئاسمانی بیرو سۆزو مێشکیاندا، تیژ تێپەڕین..

هەورامان دەستی نایە سەر پلاکی زەنگەکە، پاش چەند چرکەیەک دەرگاکە کرایەوە، بوخاری هاواری کرد:

ـ((دایە.. دایە.. کاکە هەورامان هاتووە!!))

هەورامان باوەشی کرد بەبوخاری چکۆلەداو تێر تـێری ماچی کرد، دەتگوت کەیوانی مامۆستای ماج دەکـات، دایکی هاتە دەرەوەو پاش سڵاوێکی پڕ لەسۆزو دایکانەو گەرم، هەردووکیانی بردە ژوورەوە..

دایکی کـەیوان لـەلای چەپـەوە دانیشت، بوخـاری و موسلیم و کچە چکۆلەکەی دەورەیان لێدا..

سۆران و هەورامانیش لـەلای ڕاسـتەوە دانیشـتبوون.. سەریان بۆ زەویەکە شۆڕ کـردەوە.. ماوەیـەک بـەبێدەنگی مانەوە.. نەئەوان قسەیان کردوو نەئەمانیش.. هـەورامان، بـەردەوام دڵـی دادەخورپـا، هەسـتی بـەوەکرد ترسـێک دایگرتووە.. دەیویست قسە بکات، بەڵام نەیدەوێرا.. بۆ؟ خۆیشی نەیدەزانی.. هیچی نەگوت.. سۆرانیش سـەری بـۆ زەویەکە شۆڕ کردبووەوە.. کەزانی هەورامان بـێ دەنگـە، ئەم هاتە گۆ.. گوتی:

ـ((دایەگیان.. لەکەیەوە هاتوونەتەوە؟))

دایە بەدەنگێکی پڕ لەخەم و ئازارەوە گوتی:

ـ((ڕۆڵە گیان.. ئەوە نزیکەی سێ و چوار ڕۆژە؟))

ـ((ئەی هەوالێکی کاکە کەیوان و هاورێکانی نازانی..؟))

دایە سەری داخست و هەورامان سەری بەرز کردەوە، بینی دایکی کەیوان بەو پرسیارە تێک چوو، ڕەنگی زەرد داگەڕاو چاوەکانی پڕ بوون لەفرمێسک..

ئەمیش بەتەواوی ترسا.. لەرز هەموو گیانی داگرت، دڵی خێرا خێرا کەوتە لێدان.. گوتی:

ـ((چیە دایە گیان.. بۆ قسە ناکەیت؟ ئێمە ڕە مانگە بەدوای هەوالێکی کاکە کەیواندا دەگەڕێین.. دایە گیان قسەمان بۆ بکە، چی بووە..؟))

دایە چیتر خۆی بۆ ڕانەگیراو دایە پڕمەی گریان، ئەوانیش گەرویان چوزایەوە و دەستیان کرد بەگریان.. دایە کەمێک هێور بوویەوە، گوتی:

ـ((کوڕەکانم.. چیتان پێبڵێم.. کەیوان و بیست و سێ قوتابیەکەی تر گوللە باران کراون.. شەهید کراون.. وەفات نامەکەیشیان لەئەمن دایە دەستمان، گوتیان نابێ پرسەیشیان بۆ دابنێن، لاشەکانیشیان نەداینەوە.. گوتیان لەسەیوان ناشتومانن..))

هەورامان گێژ بوو، میشکی بەیەکدا هات، وەکو شێت هەستا هانە دەرێ، سۆرانیش بەدوایدا و گەیشتەبەر دەرگاکە بینی هەورامان کەوتۆتە سەرخاکەکە و لە هۆش خۆی چووە، بەپەلە سواری تەکسیەکی کردو گەیاندیە خەستەخانە..

★★★ ★★★ ★★★

کەلەخەستەخانە هەورامان هاتەوە سەر خۆیو هۆشی هاتەوە بەبەراو پێدەکەنی.. پێکەنینێکی نەرم.. سۆران زۆر ترسا، شێت بووبێ بەپەلە رای کرد بۆلای دکتۆرو هێنایە سەری.. پاش ئەوەی دکتۆر لەمەسەلەکەی کۆلیەوە گوتی:

ـ((ئەم کورە دەبێ پشوو بدات، میشکی زۆر ماندووە، دەبێ بەوردی ئاگاداری بکەن..))

پاشان سۆران بەتەکسیەک هەورامانی گەیاندەوە ماڵەوەو تا ئەو ساتە لەعەزرەتی هەورە خۆی لەبیر

چوویو... بەڵام کاتێک هەستی بەوەکرد خۆی تەنیایە، تیتر هەرارو هەموو بوونی هاواری لێ هەستا..

کەگەیشتەوە ماڵەوە، خۆی لەژوورەکەدا تەخت کردو بەدەنگی بەرز دەستی کرد بەگریان.. گریانێکی بەکوڵ..

ڕۆژگار لەژوورەکەی تەوە خۆی گەیاندە سەری و بەحەپەساوییەوە گوتی:

ـ((سۆران.. ئەوە چیە.. بۆ دەگڕی؟))

سۆران بەدەم گریانەوە گوتی:

ـ((کاکە کەیوان و قوتابیەکانی نەرقەم.. گوللە باران کراون.. شەهید بوون..))

ئەم وشانە، وەک دەستڕێژی فیشەک، ڕۆژگاریشیان تەختی زەویەکە کردو هاوارو بانگ و سەلای گریان لەویش بەرز بوویەوە.. لەگریانی هەردووکیان، ئەو منداڵە چکۆلەیەش خەبەری بویەوە، کەلەنێو بێشکەکەدا بوو، ئەویش دەستی کرد بەگریان.. ئەو منداڵەیش ناوی کەیوان بوو.